نوسینی: ڕێناس شاپور

# نهێنییەکانی تیرۆرکردنی زەردەشت عوسمان



بۆچی سەردەشت عوسمان تیرۆرکرا؟

چاوی گەل

بیرۆکەی نوسینی ئەم کتێبە تەنها غەمە، غەمێکی قوڵ بۆ کوشتنی گەنجێکی کورد، بەدەستی کێ؟ بەدەستی پیاوکوژ و مرۆڤە دڕندەکانی بنەماڵەی بارزانی، کە بوونەتە شێرپەنجە بەجەستەی ئەم گەل و وڵاتەوە.

راستە سەردەشت نوسەرێکی بەناوبانگ و جیهانی نەبوو، راستە ئەو لاوێکی گەنجی خوێنگەرمی ئەم وڵاتە بوو، بەڵام ئەو دەریایەک لە خەیاڵی جوان و فەنتازیا بوو... ئەو غەمەی باسی دەکەین ئەمەیە، سەردەشت زۆر دڕندانە کوژرا، هیچی نەکردبوو، تەنها کردەوەی ئەو خەیاڵێکی گەنجانە بوو، تەنها لەسەر خەیاڵ و فەنتازیا کوژرا...

**ناوەندی سەردەشت عوسمان**
**بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ئەکادیمی**

(2500)**دینار**

# نهێنییەکانی تیرۆرکردنی

# زەردەشت عوسمان

## بۆچی سەردەشت عوسمان تیرۆرکرا؟


نوسینی: رێناس شاپور



ناوەندی سەردەشت عوسمان بۆ لێکۆلینەوەو

توێژینەوەی ئەکادیمی

چاوی گەل

# پێشەکی؟

ڕەنگە یەکەم پرسیار پاش تەواوکردنی خوێندنەوەی ئەم کتێبە، ڕووبەڕووی خوێنەر ببێتەوە، هەر لەم دێڕەوە دەستپێبکات، ئەم کتێبە بۆچی؟ کێ نوسیویەتی؟ بۆ لەم کاتەدا؟ وێڕای هەموو ئەم پرسیارانە دەیان پرسیاری دیکەی گرنگ لە هەنگامی خوێندنەوەی کتێبەکەدا دروست دەبن...

بیرۆکەی نوسینی ئەم کتێبە تەنها غەمە، غەمێکی قوڵ بۆ کوشتنی گەنجێکی کورد، بەدەستی کێ؟ بەدەستی پیاوکوژ و مرۆڤە دڕندەکانی بنەماڵەی بارزانی، کە بوونەتە شێرپەنجە بەجەستەی ئەم گەل و وڵاتەوە. ئێمە ناڵێین پارتی چونکە لە بنەڕەتا حزبێک یاخود پارتێک بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوونی نیە. ڕاستە شتێک هەیە ناوی پارتییە و مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی و ڕاگەیاندن و شتی لەوجۆرەی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئەمانە تەنها ڕواڵەتن و هیچی تر. مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و شایەرەکانی ناو ڕاگەیاندنی پارتی هەرهەموویان مرۆڤی بێدەسەڵات و زەلیل و داماون. ئەمانە هیچیان دەسەڵاتیان نیە و هیچیان زمانی خۆیان و ئەقڵی خۆیان و هزری خۆیان نیە. ئەمانە بە پرۆسەیەکی هێواش لەناو ئەو دەزگایەی کە پارتی بەڕێوە دەبات لە مرۆڤایەتی و کەرامەت و شەهامەت و

ویژدان پاک دەکرێنەوە و دەکرێنە مرۆڤێکی دیکەی بێ کەرامەت و بێ شەهامەت و بێ غیرەت. هەر کاتێک مرۆڤ بگاتە ئەو قۆناغە ئیتر هەموو خەسڵەتەکانی مرۆڤ بوون لەدەست دەدات و دەبێتە حەیوان، حەیوانێکی دڕندە، جگە لە هاورەگەز و هاوسنفەکانی خۆی ئیتر هەموو ئەوانی دیکە دوژمنی ئەون و دەبێ بە یاسای جەنگەڵ پەلامار بدرێن ....

بەڵێ کەواتە شتێک نیە بەناوی پارتی دیموکرات، بەڵکو لەپشتی پارتی دیموکرات ئەوەی هەیە دەزگایەکی تۆقێنەری پیاوکوژە بە ناوی دەزگای پاراستن. ئەرکی هەرە سەرەکی ئەم دەزگایە ئەوە نیە کوردستان بپارێزێت و لەناو دوژمنەکانی کوردستاندا کنە بکات و پیاوی پیاوانە ئامادە بکات بۆ دەستوەشاندن لە دوژمن. ئەرکی ئەم دەزگایە تەنها یەک شتە ئەویش پاراستنی بنەماڵەی بارزانییە، هەر بۆیەش کاتی خۆی کە مۆساد دروستیکرد ئەو ناوەی بۆ هەلبژاردووە (دەزگای پاراستن) واتە دەزگایەک بۆ پاراستنی بنەماڵەی بارزانی.... بەڵام بۆچی بنەماڵەی بارزانی؟ ئەم پرسیارە لە بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا وەڵام دەدرێنەوە. دەزگای پاراستنی بنەماڵەی بارزانی تەنها بە دەستی بارزانیەکانەوەیە، بەڕێوەبردن و ئیدارەدان و فەرمانبەرانی ناو دەزگابەدناوەکەش دیسان هەر لەژێر دەستی بنەماڵەی بارزانیدایە. لای ئەم دەزگایە ئەوەی کە گرنگە تەنها بەرژەوەندی بنەماڵەی بارزانیە، جگە لە بنەماڵەی

بارزانی هیچ شتێکی دیکە لەناو ئەم دەزگایە نە پیرۆزە، نە گرنگە، نە شایانی باسە، نە جێگای سەرنجە. لە بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا باسی ئەم بابەتە زیاتر دەکەین....

سەردەشت عوسمان لقێکی دارچوالەی ناسکی ئەم وڵاتە بوو، هەڵۆیەکی چەند بەهار تەمەن بوو کە تازە لە شەقەی باڵی دەداو بە ئاسمانی مەزنی شین و بێگەردی وڵاتەکەی خۆی ئاشنا دەبوو. سەردەشت گڕی باوەگوڕگوڕ هێشتا لەنێو خوێنیدا دەکوڵا، ئەو منداڵی هەولێری قەرات بوو، هەموو ڕۆژان کاتێک بەبەردەم کەڵەپیاوی مێژووی قەرات تێدەپەڕی، داپیرەی مێژوو چیرۆکی هەولێری بۆ دەگێڕایەوە. سەردەشت پرچە سپیەکانی داپیرەی مێژووی لەناو قەرات بە چاوەکانی خۆی دیتبوو. سەروبنی قەرات و هەولێری کردبوو، کونج بە کونجی لاپەڕەکانی هەولێری ڕۆژانە هەڵدەدایەوە... سەردەشت گەورە بوو، باڵای کرد، چووە زانکۆ .... ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بە ئازادی و چەمکی ئازادی ئاشنا دەبوو. ئەو دەیزانی مێژووی هەولێر نامۆیە بە بنەماڵەی بەرزانی.... ئەوان لەکوێ و هەولیر لەکوێ، ئەوان لەکوێ و کوردستان لەکوێ... سەردەشت لەگەڵ لاپەڕەو دێڕەکانی مێژوودا دەژیا، هەر لەناو ئەو دێڕانەی مێژووشەوە ئاشنای ڕەخنە بوو، ڕقی لە پیرۆزکردنی سەرکردەو پیرۆزکردنی بنەماڵەو پیرۆزکردنی بەها و نەریتە ڕزیوەکانی کۆمەڵگا دەبۆوە، گاڵتەی بەو پشیلانە دەهات کە خۆیان کردبووە

پڵنگ، لەو شێرانە نەدەترسا کە تەنها لە پەڕۆ دروستکرابوون... راستە سەردەشت نوسەرێکی بەناوبانگ و جیهانی نەبوو، راستە ئەو لاوێکی گەنجی خوێنگەرمی ئەم وڵاتە بوو، بەڵام ئەو دەریایەک لە خەیاڵی جوان و فەنتازیا بوو... ئەو غەمەی باسی دەکەین ئەمەیە، سەردەشت زۆر دڕندانە کوژرا، هیچی نەکردبوو، تەنها کردەوەی ئەو خەیاڵێکی گەنجانە بوو، تەنها لەسەر خەیاڵ و فەنتازیا کوژرا... ئاخەر چی مرۆڤێک چ دەزگایەکی بێ ئابڕوو، چی بنەماڵەیەکی ترسنۆک لە دنیادا لەسەر خەون و لەسەر خەیاڵ مرۆڤ دەکوژن، خوێنەخۆری و دڕندەیی ئەم بنەماڵەیە لەوەدا بوو کە سەردەشتیان لەسەر خەیاڵ کوشت، تەنها لەبەر ئەوەی بەخەیاڵ ئاشقی کچەکەی بارزانی بوو....

هەموو تاکێکی کورد هەقی خۆیەتی بزانێت لەم وڵاتەدا چی دەگوزەرێت، راستی و هۆکار و چۆنیەتی کوشتنی سەردەشت عوسمان لەلایەن چەقۆبەدەستانی بنەماڵەی بارزانی زۆر گرنگن بخرێنە بەردەمی خوێنەر بۆ ئەوەی هەرگیز خوێنی بەناهەق رژاوی ئەم کوڕە غەدرلێکراوە بەفیڕۆ نەڕوات و رۆژێک لەرۆژان بکەرانی ئەم روداوە، بڕیاربەدەستانی ئەم روداوە ، لە پێش هەموویانەوە مەسعود و مەسروری کوڕی بخرێنە بەردەم دادگا... ئەم نوسینە خزمەتێکی بچوکە بە هێنانە دی دادپەروەری لە کوردستان، تا ئەورۆژە دێتە بەردەم، ئێمە بەردەوام دەبین، ئێوەش بەردەوام بن.



چاوی گەل

نوسـەری ئەم کتێبە کێیە؟ ئەمەش پرسیارێکەو خوێنەر دەیکات. ئەم کتێبە ناوی (رێناس شاپور)ی لەسەرە، نامەوێت فێڵ لە خوێنەر بکەم و وای تێبگەیەنم ئەم ناوە ناوی منە، نەخێر ئەم ناوە خوازراوە، زۆریشم پێناخۆشە کە ناتوانم ناوی خۆم ئاشکرا بکەم، لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە ناتوانم ناوی سەرچاوەکانی زانیاریم ئاشکرا بکەم. چونکە جگە لەوەی ئێمە رۆژنامەنوسان وەک ئەتیکێتی نوسین نابێت سەرچاوە ئاشکرا بکەین ئەگەر بێتوو ئەو ئاشکرا کردنە مەترسی بۆ سەر ژیانی سەرچاوەکە دروست بکات، هەروەک چۆن زیان بە زۆرکەسی دیکەش دەگەیەنێت کە نامەوێت زیانیان پێبگا.

زۆر ناخۆشە شتێک بزانینت و نەتوانیت بیدرکێنیت. لە نێوان بێدەنگبوون بۆ هەتا هەتا و لەنێوان بەبێ منەت خۆئاشکرا کردن، ناوەڕاستم هەلبژراد. بڕیارمدا بێدەنگ نەبم و لە هەمان کاتیشدا خۆم بەکەس نەناسێنم. ئەم بڕیارە ئەم کتێبەی لێکەوتەوە. ویژدانم زۆر ئاسودەیە، کە توانیومە لێرەدا رۆڵی مامە سام ببینم و نهێنیەکانی لاوێکی بێتاوان ئاشکرا بکەم...

**پارتی و مێژوویەک لە خیانەت و تیرۆر:**

پارتی کاتێک لەدایک بوو کە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە تەواوەتی لەلایەن زلهێزەکانەوە سەرلەنوێ نەخشەی بنیاتنانەوەی بۆ دەکێشرا لەدوای جەنگی جیهانی دووەم...شەڕی سارد ئیتر لەدوای ئەو جەنگە بە تەواوی پێشبینی کرابوو. بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردیش بەرەو لەدایک بوون دەچوو. هەموو هێزە باڵاکانی سەر گۆڕەپانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە خەمی پاراستنی تەرازووی هێز بوون. دەبوو کەمترین گۆڕانکاری بەسەر نەخشەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بێت و هەرگیز هاوشێوەی ناوچەی هارتلاندی نێوان سێ دەریا واتە کوردستان یاخود ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە (عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا) وەک خۆیان بمێننەوەو دابەش نەبن، لەوەش گرنگتر ئەوەبوو کە بۆ پاراستنی سەنگی تەرازوی هێز لەنێوان عەرەب و ئیسرائیلدا دەبوو کارتێکی فشار هەبێت،ئەم کارتەش بە خولقاندنی مۆدێلێکی پرۆتۆ ئیسرائلی دەبێت لە ناوچەکەدا. لەم نەخشەیەدا پترۆڵ و تەرازوی هێزو هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکای ناوچەکە هەمووی لە دژی سەربەخۆبوونی کوردستان بوون. کەواتە دەبوو حزبێک یاخود رێکخراوێک دروست بکەن لە ناو خودی کوردانددا بێت و لە جیاتی ئەوان ئەو کارە بکات و تەنها وەکو

کـــــارتی فشـــــار بەرامـــــبەر بەهەرچـــــواردەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستان بەکار بێت.
لە ســـاڵی ١٩٤٦ لە باشـوری کوردســتان چەنـــدین ڕێکخـــراوی تـــر هەبـــوون ، ئیبـــراهیم ئەحـــمەد لە بیرەوەریەکـانی خۆیدا بـاس لە حزبـی هیـوا دەکـات ، ناوبراو لەبارەی هیواوە دەڵێت کەسانێکی زۆر هەبوون لەناو ئەو حزبە کە کورد پەروەر و کوردستانی بوون ، دێڕێکی ناو سوێندخواردنی حزبی هیوا بەم شێوەیەیە (خیانەت لە کوردستان ناکەم) حزبی هیوا دەیەوێت لە پارچەکانی تری کوردستانیشدا خۆی بە ڕێکخستن بکات ، بەڵام لەو کـــــاتەدا لە ســـــاڵەکانی ١٩٤٤ و ١٩٤٥ بنەماڵەی بارزانی قیتکرانەوە ، کەسانی وەک ئەمین ڕەوانـــــدوزی و عیـــزەت عەبـــدولعەزیز و خێـــروللە دەیانویست بارزانییەکان بهێنـنە نـاو بـزووتنەوەی نەتەوەییەوە ، لەئاکامدا مەلا مستەفا بارزانی حزبی هیوای هەڵوەشاندەوە و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقیان لێدروست کرد.
دکتۆر قاسملو لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا دەیهێنێتە زمان کە چەندین جار چاوی بە مەلا مستەفا کەوتووە و دڵنیـایە لەوەی کە مەلا مستەفا کـاری بـۆ دەوڵەتـی ئیسرائیل کردووە و خزمەتی ئەو هێزە دەرەکیانەی کردووە کە دژ بە بزاقی کورد بوون ، هەروەها قاسملو دەڵێت کە مەلا مستەفا جێی دڵنیایی نەبووە .
ئەم قسانە هیچی خەیاڵ و بوختـان نیە، ئەگەر بە خێرایـــی چاوێـک بە مێـژووی کارەکـانی بنەمـــاڵەی

بارزانی بخشێنین ئەوە راستەوخۆ بۆمان ئاشکرا دەبێت ئەم بنەماڵەیە تەنها یەک کاریان هەیە ئەویش لەناو بردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردە لەسەرخواستی بێگانە. لە سەر داوای دەزگاری میتی توركی و تۆرانیەکان هەمیشە لەسەنگەردابوون لە دژی پەکەکە، لەسەرداوای ساواک و ساواما و حکومەتی شا لەدژی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە، پاشان لەسەرداوای ئیتلاعات و کۆماری ئیسلامی جاش قیادەکان (واتە پارتی) بە جامانەی سورەوە پێشی پاسدارەکان دەکەوتن و کوردستانی ئێرانییان بۆ ئازاد دەکردنەوە! لە عێراقیش لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لەگەڵ بەعسیەکان رێکەوتن بە پێشرەوی حەرەس جمهوری ، هەولێریان ئازادکردەوە، موکرەم تالەبانی سەرکردەی کۆنە شیوعی و پاشان سیاسەتمەداری کۆنە بەعسی و دۆستی نزیکی سەدام حسێن لەم بارەوە لە چەندین بۆنەدا گوتویەتی (جارێکیان سەدام خۆی پێی گوتم، تۆ مەسعود بارزانی بەچی تێگەشتوویت؟ ئێمە ئامێرێکی پەیوەندی کردنی هەوایمان لە نێواندایە و رۆژانە پێکەوە قسە دەکەین وبیروباوەڕ دەگۆڕینەوە). لە شوێنێکی دیکەوە تاهیر جەلیل حبوش بەڕێوەبەری دەزگاری هەواڵگری پێشووی سەردەمی بەعس لە بیرەوەریەکانی خۆیدا بەناوی (اوراق طاهر حبوش) دەڵێت (ساڵی ٢٠٠٠ کاتێک بۆ یەکەمجار بووم بە بەرپرسی دەزگای موخابەراتی عێراق، یەکێک لە ئەرکەکانم ئەوە بوو کە تەنسیقی بەردەوام لەگەڵ

مەسعود بارزانیدا بکەم، من بەردەوام سەردانی هەولێرم دەکرد و لەگەل مەسعود پێکەوە لەسەر کاروباری ئابوری و ئەمنی و سیاسی قسەمان دەکرد، پەیوەندیەکانمان زۆر بەهێز بوو، بەتایبەتیش لەگەڵ نێچیرڤانی برازایدا، من هەمیشە مەبەستم بوو پەیوەندیەکانمان بە باشی رابگرم، بۆیە هەموو داواکانی ئەوانم جێبەجێ دەکرد، کە لەراستیدا هەمووی داواکاری ئابوری بوون و هیچ کات داواکاری سیاسیان نەبووە مەگەر لەدژی جەلال تالەبانی بووبێت. بەدرێژایی مانەوەم لەو پۆستەدا باشترین و توندترین پەیوەندیم هەبووە لەگەڵ مەسعود و بنەماڵەی بارزانی بە پێچەوانەی جەلال تالەبانی کە تەنها یەک جار سەردانی سلێمانیم کرد، ئەویش بەناوی نەخۆشیەوە، خۆی لە چاوپێکەوتن دزیەوەو دوو کەسی سەرکردایەتی بۆ ناردم قسەم لەگەڵ کردن.. تەنها ئەو جارە بوو، کەچی دواتر نێچیرڤان گلەیی ئەوەی لێکردم کە چۆن سەردانی تالەبانی دەکەیت چونکە ئەوە پیاوێکی فێڵباز و درۆزنە و هیچت لێ دەست ناکەوێت). لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەگەر تەماشای پەیوەندی خودی مەسعود بارزانی و مەسروری کوڕی بکەین لەگەڵ ئەمیرەکانی سعودیە و قەتەر، ئەوە باشتر دەزانین کە ئەمانە چۆن کلکیان گرێداوە بە داعش و چۆن ناوچەکانی شەنگالیان بەوان فرۆشت و خەڵکەداماوەکەیان بەو دەردە برد و چۆن دەیانەوێت

گەریلاو پەیەدە لە سوریا بکەنە دەرێ و جاش قیادەکانی خۆیان شوێنیان بگرنەوە...

دەتوانین بەهێنانەوەی چەند نمونەیەکی مێژوویی راستی پارتیمان باشتر بۆ ڕونبێتەوە ، بۆنمونە دکتۆر شڤان (سەعید قرمزیتۆپراک) کە زاتێک بوو بۆ ئەوەی خەبات بۆ ئازادی گەلەکەی بکات ، بەدەستی پارتی لەناو برا، هەروەها محەمەد بێگی و حەککۆ و بروسکیش. دکتۆر شڤان و هاوڕێکانی لە ساڵی ١٩٦٩ لە شاری باتمانەوە بەڕێ دەکەون و دەچنە باشوری کوردستانەوە ، کە دەگەن پیاوەکانی پارتی پێشوازیان لێدەکەن ، دوای ئەوەی ٤٠ یان ٥٠ ڕۆژێک دەمیننەوە چاویان بە مەلا مستەفا دەکەوێت ، لەیەکەم دیداریاندا مەلا مستەفا پێیان دەڵێت (خێرە ئیشتان چییە لەم چیاو چۆڵە ؟) دکتۆر شڤان و هاوڕێکانی بە مەلا مستەفا دەڵێن (لەپێناو خزمەتکردن بە گەلەکەمان هاتووین بۆ ئێرە) ، دوایش مەلا مستەفا پێیان دەڵێت (ئێمە لەبارەی پەیوەندییەوە لەگەڵ تورکدا خاوەن مێژویەکین ، هەرگیزاو هەرگیز نەکەن دەست لەکاری تورکیا وەربدەن نابێت هیچ بکەن) ، لوتفی باکسی دەڵێت (کاتێک پەرتوکێکم خوێندەوە لەبارەی مۆسادەوە ئەوکاتە حاڵی بووم سیخوڕێکی زۆر مۆسادیان هێنابوو کە بەرگی پێشمەرگەیان پۆشی بوو چواردەوری ئێمەیان تەنی بوو)... خوێنەری هۆشمەند لەم شتە زۆر باش حاڵی دەبێت، چونکە تورکیا لەساڵی ١٩٤٩ بەدواوە کەوتە دەستی ئەمەریکا و ئیسرائیل و

پاراستنی ئاسایشی تورکیا لە ئەستۆی ئیسرائیل و ئەمەریکا و پەیمانی ناتۆ بوو. خاڵێکی یەکجار گرنگی دیکە لە مێژووی پارتیدا ئەوەیە کە مرۆڤ دەپرسێت داخۆ بۆچی لەدوای کودەتای قاسم بارزانی خرایەوە بەر مەیان؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بزانین پارتی لە مێژوودا هەمیشە رۆڵی دژە شۆڕش و کۆنترای هەبووە. کودەتای قاسم پەیمانی سەنتۆی لە ئەمەریکا و ئیسرائیل وتورکیا شێواند، بۆیە دەبوو بارزانی و پارتی بەهێز بکەنەوە بۆ ئەوەی دیسان وەکو وەرەقەی سیاسی بەکاری بێنن و هەر کاتێک کاریان پێ ی نەما توڕی دەن. هەرواشیان کرد، بارزانیان بەکارهێنا و دوای ئەوەی کاریان پێ نەما داوای ئاشبەتاڵیان لێکردو ئەویش دەستی شای ماچ کرد و گوتی (من هەمیشە گوێڕایەڵی تۆبووم و هەر واش دەبم –کاری من تەمام شد).

عەبدوڵا ئۆجەلان لە زۆر شوێنی یادوەریەکانی خۆیدا باسی رۆڵی دژە شۆڕشانەی بنەماڵەی بارزانی دەکات و دەڵێ (لەسەرەتای دروستبوونی پەکەکەوە دوای ئەوەی کە تێگەشتن گروپەکە سەربەخۆیە لە رێگای پ.د.ک بەدەستی ستێرکا سور کەوتنە پەلاماردانی ئێمە... مسۆگەرە هەر لە سەرەتاوە پ.د.ک هاوتەریبی ئیسرائیل و گرێدراوی ناتۆ جوڵاوەتەوە وەک رێکخراوێکی کۆنترۆڵکردنی تەواوی کوردستان پشتگیری لێکراوە، دەتوانین بڵێین پ.د.ک لەژێر کۆنترۆڵی گلادیۆ و میتی تورکیدایە و هەر لە ساڵی ١٩٦١ بەدواوە

بەیارمەتی میتی تورکی چەکدار کراوە، لە میانەی چەندین بەڵگەوە سەلمێنراوە کە هەمان پشتگیری لە شیعەگەرایی ئێرانیش وەرگرتووە.

پەیوەندییەکان لەگەڵ پ.د.ک زۆر هەستیارە، لەوانەیە ویستبێتیان هەمان ئەو هەڵوێستەی پ.د.ک بەرامبەر دکتۆرشڤان- سەعید قرمزی تۆپراخ- نواندیان، هەمان هەڵوێستی هاوشێوە بەرامبەر بە پەکەکەش جێبەجێ بکەن. نوێنەرانی پ.د.ک لایەنگری ئەنجامدانی هەڵمەتی گەریلایمان نەبوون، کۆسپگەلێکی زۆریان بۆ دروستکردین، بەتایبەتی لەکاتی پەڕینەوە لە سنورەکان و گەڕانەوە بۆ نیشتیمان زۆرێک لەهەڤالانی ئێمەیان شەهید کرد. کاتێک لەساڵی ١٩٨٥ لە دیمەشق، مەسعود بەرزانی سەردانی منی کرد و داوای لێکردین واز لە هەڵمەتی ١٥ ی تەباخ بێنین. گومان و ئەندێشەیەکی زۆرم هەبوو کە ئەوە تەنیا داسپەندنی هێزەکانی ئاسایشی تورکیا نیە بەڵکو هەولێکی ئیسرائیل و گلادیۆی ناتۆ لە پشتی دەوەستێت. پێویستە پەیوەندی و پێکدادانەکانمان لەگەڵ پ.د.ک تەنها وەکو رواداو تەماشا نەکرێت، بەڵکو تاوتوێکردنی لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی تورکیا و ئیسرائیل و ناتۆ بایەخێکی زۆری هەیە)

لەساڵی ١٩٥٩ دا،عەبدولکەریم قاسم لە بارەگای تایبەتی خۆی لە وەزارەتی بەرگری بە مەبەستی ئاشتکردنەوەی مەلا مستەفاو ئەحمەد ئاغای زێباری گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات، ئەحمەد ئاغا بە قاسم

دەڵێت "ئەگەر مەلا مستەفا ڕاست دەکات و خاوەن عەشیرەتە، با پێنج پشتی خۆی بڵێت،ئەمانە بێبنچینەن،من ئامادەم دوانزە پشتی خۆم بڵێم" لەسەر ئەم قسانە لە ساڵی ١٩٦٠ دا لە موسڵ ئەحمەد ئاغای زێباری بەفەرمانی مەلا مستەفا تیرۆرکرا.

لەسەردەمی رەزاشای ئێران بارزانی هەمیشە دەستی شای ئێرانی ماچ دەکرد، بۆ سەلکەتورێکیش چاویان لەدەستی بێگانە بوو، چونکە ئەوان بەتەمای دروستکردنی کوردستان و وڵات و قەوارەی کوردی نەبوون، ئەوان بەتەمای دروستکردنی قەوارەی بنەماڵەی خۆیان بوون. بەرامبەر بە هاوکاری شای ئێران، بنەماڵەی بارزانی کوردیان هەرزان فرۆش دەکرد و ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانیان دەپاراست و هاوکارێکی زۆر هەرزانی دەزگاکانی ساواک و ساواما بوون.

شۆڕش لە کوردستانی ئێران، لە دوای کۆمارە خنکاوەکەی مەهاباد زۆر بە توندی بەردەوام بوو. پاش گەڕانەوەی مەلا مستەفا لە یەکێتی سۆڤیەت، یەکێک لە کارە هەرەگرنگەکانی ئەم پیاوە بۆ ساواک ئەوە بوو کە رێگا لە سەرهەڵدانی شوڕشی چەکداری و یاخیبوونی کوردەکانی ئێران بگرێت. لێرەدا سەرنج بدەن ئەم قۆناغەی شۆڕشی کوردستان زۆر هەستیارە. کەس ناڵێت نەدەبوو بارزانی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبوایە چونکە کوردستانی عێراق و ئیران هاوسنورن و ئێرانیش بەرژەوەندی هەمیشەیی لەو ناوچانەدا هەیە،

بەڵام ئـێمە دەڵێـین مەلا مسـتەفا دەبـوو هاوسـەنگی نێـوان حزبـی دیمـوکراتو ئێرانـی شـا رابگرێـت، بەڵام لەبەر ئەوەی سیاسـییەکی لێـزان نەبـووەو بەبـێ پاڵپشتیی دەوڵەتێك هەرگیز نەیتوانیووە سەرکردایەتی خەبات بکات، نەیتوانی ئەم هاوسەنگییەش رابگرێت بـۆیە لەنێـوان ئەو دوو لایەنەدا مەلا مسـتەفا شـای ئێرانـی هەڵبژارد،ساڵی ١٩٦٧ ژمارەیەک پێشمەرگەی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران شـەهیدکران ، "برایمە سوری محەمەد دەلاوەی"خەڵکی ناوچەی خانێ لە گوندی ئالانە شەهیدیان کرد و تەرمەکەیان دایەوە بە ڕژێمـی ئێـران.لە مـانگی سێپتەمبەری ١٩٦٧ دامەلا ڕەحیمـی وەرتێ،ناسـراو بە میـرزا ئەحـمەد ئەنـدامی کومیتە ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایەن مەلا مسـتەفاوە دەگیـرێ و دەیانەوێـت بەزینـدویی تەسـلیمی بـکەنەوە بە سـاواک،ئەویش نـاڕەزایەتیەکی زۆر دەردەبڕێـت، تـا بە زینـدوویی تەسلیمی نەکەنەوە،هەر لەوێدا گولە بارانی دەکەن.

کوردەکـانی ئێـرانیش وە نەبێت لەم کەین و بەینە بێ ئاگا بن، ئەوانیش لەناو خۆیاندا بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ بەرزانـی و دوژمنـایەتیکردنی ببـوونە دوو بۆچـوونی جیـاواز، بەڵام مەلا مسـتەفا هیچـی قبـوڵ نەبوو، بۆچی؟ چونکە ئەوە فەرمـانی شای ئێران بوو، دەبـوو هەموویـان لەنـاو بەرێـت. ئەمـانە بەشـێکیان لەگەڵ مسـتەفا بـارزانی بـوون، کە ئەمـانیش ببـوون بە(٢) دەسـتەوە، دەسـتەیەکیان کە (عەبـدوڵڵای

ئیسحاقی) ناسراو بە (ئەحمەد تۆفیق) ڕیبەرایەتی کردوون، زۆر دڵسۆزی بارزانی بوون، بارزانی دووری خستنەوە بۆ ناوچەی بادینان، پاشان لەهەلومەرجێکی تەمومژاویدا تەسلیم بەسەدام کرانو لەناوبران. دەستەی دووەم (سلێمانی موعینی) ناسراو بە(فایەق ئەمین) رابێەرایەتی کردوون، کە کۆمیتەی (ئینقلابیان) پێکهێنابوو ، سلێمانی موعینی و ئیسماعیلی شەریف زادەو عەبدوڵلای موعینیو مەلا ئاوارە لەسەرکردە دیارەکانیان بوون، لەژێر گوشاری مەلا مستەفادا ناچارکران بگەڕینەوە کوردستانی رۆژهەڵات بۆ خەباتی سیاسییو چەکداریی ، لەناوچەکانی (سەردەشتو بانەو خانە). ئێران بەهاوکاریی مەلا مستەفا کەوتە راونانیان، پارتی چەند پێشمەرگەیەکی لێگرتنو بەدیلی تەسلیم بە ئێرانیان کردن . هێزەکانی بارزانی هاوکاری ئیرانیان ئەکرد لە ماوەیەکی کورتدا هەموو سەرکردەکانی کۆمیتەی ئینقلابیان یەك لە دوای یەك شەهید کردن (ئیسماعیل شەریف زادە، عەبدوڵلای موعینی، مەلا ئاوەرە، موراد شیدیژ). سلێمانی موعینی، کە ڕیبەرایەتی بزوتنەوەکەی دەکرد لە گەرانەوی بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات لە شاربازێڕ کەوتە بۆسەی (سدیق ئەمین) کە لێپرسراوی لقی (٤)ی پارتی بوو .

سلێمانی موعینی و هاوڕێکەی خەلیل شەوباش دەستگیرکرانو ڕەوانە کران بۆ لای مەلا مستەفا بارزانی لەناوچەی (دیلمان)، بارزانی-ش بەشێوەیەکی

زۆر دڕنـدانـه شـەهیدی کـردن‌و تـەرمـەکانیـانـی رادەسـتی ئێـــران کـــردەوە، ئێـــرانیش بـــۆ چاوترســـانی خـەڵکـــی کوردســـتان تـەرمـەکانیـــانی بـەشـــارە کوردییـەکانـــدا گێڕا.دەستەی سالّح لاجانی حەوت کەس بوون، لەپاش کوشـتنی مـەلا ئـاوارە هـاتبوونـه ژێـر دەسـەڵاتی مـەلا مســـتەفا،ئەوانیش گیـــران و درانـەوە بـه ئێـــران و هـەرحـەوتیـــان گـــولـه بـــاران کـــران.هـەر لـه هـەمـــان مانگدا،سـوارەی سـەکری، ئەسـکەندەر علـی، مـحـەمـەد مـــوئمینی، حـەبیـــب ئـەبـــابـەکر، جـەعـــفـەر ئـەبـــا بـەکر،مـونتـەقیمی قـازی،لـەگـەڵ دەیـان پێشـمـەرگـەی تـر درانـەوە بـه ئێران.

ئـەگـەرچـی رێککـەوتننـامـەی جـەزائیـر لـه ١٩٧٥/٣/٦ی نێوان شای ئێران‌و سـەدام حسێن بـەمیـانگیریی هـەواری بومیـــدیـەن‌ی ســـەرۆکی جـەزائیـــرو ئاشـــبـەتاڵکردن بـەشۆڕشـی کوردسـتان لـەڕووکـەشـدا خـەتـای بنـەمـاڵـەی بـــارزانیی تێـدا نیـیـەو پیلانێکـــی ئیقلیمـــی بـــوو، بـەڵام قسـەو نووسـینی هـەمـوو ئـەوانـەی لـەپـلـەی بـاڵادا بـوون لـەپارتیـدا راسـتیی ئـەوە دەردەخـەن کـه سـەرگرتنی ئـەو رێککـەوتننـــــامـەیـەو ئاشـــــبـەتاڵکردن بـەشۆڕشـــــی کوردستانیش هـەر بنـەماڵـەی بارزانـی لێی بـەرپرسیارن‌و بگـــرە ئـەوەش بـەشـێکی دیـکـەیە لـەخیانـەتـەکـانی ئـەو بنـەمـــاڵـەیە، ئـەگـەر هـەبـــن پرســـیاری ئـەوە بـــکـەن کـه خـەتـــای بنـەمـــاڵـەی بـــارزانیی چیـــیـە، ئـەوا دەکرێـــت بـەشـــرۆڤـه کردنـــی دەرکـەوتـەو پاشـکـەوتـه سیاسـییـەکان وەڵامـــــــــــی تـەواوی ئـەوە بـــــــــــــدەینـەوە:

لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٤دا زۆرێـك لەسـەرکردەکانی پارتـیو بەڕاویژ لەگەڵ سۆڤێتییەکان سووربوون لەسەر درێـژەدان بەگفتوگـۆ لەسـەر بنـەمـای ڕێککەوتننـامـەی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠، بەوپێـیەی هەنـدێك لەداواکارییەکـان وردکـردنـەوەی زیـاتری دەوێـت، بەڵام ڕژێمـی شـای ئێـران ئـەوکـات کە لـەبـەرەی ئیسـرائیل وئەمەریکا و ئەوروپادا بوو ، گوشارێکی زۆری خستبووە سـەر مەلا مسـتەفا کە شـەڕ دەسـتپێبکاتـەوەو ئەوان بـەرگریی تـەواویان لێدەکەن، لەوبـارەیەوە عـادل مـوراد کە ئـەوکـات سـکرتێری یەکێتیـی قوتـابیـانی کوردسـتان بـووە لـەچـەنـد بـۆنـەدا تـەئکیـد لـەوە دەکـاتـەوە کە دوای دەسـتپێکردنـەوەی شـەڕ لـە ١٩٧٤/٣/١١و بردنـی زانکـۆی سلێمانی بۆ قەڵادزێ هۆشدارییان داوە بەسەرکردایەتی لەمەترسـیی ئەو هەنگـاوەو ئەگەری بۆردومـانکردنی لەلایەن ڕژێمـی عیـراقەوە، بەڵام وەڵامـی بـارزانیو ئیدریسـی کـوڕی ئـەوە بـووە کە ئێرانییەکـان گفتیـان پێداون کە عیراق بەهەر چەکێك لەکورد بدات، ئەوان بـەهـەمـان چەكو بەهێزتـر وەڵامیـان دەدەنەوە، بەڵام کاتێـك شـەڕ دەسـتپێکردەوە تـەنیـا پێشـمەرگە بەرەنگـاری ڕژێـم دەبـۆوە.

لەکۆتـایی سـاڵی ١٩٧٤و سـەرەتای ١٩٧٥دا، وەفـدێکی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا بەشامدا دەگەڕێنەوە بۆ کوردسـتانو لەکـاتی مانەوەیانـدا لەشـام چاویـان بە حـافز ئەسـەد دەکەوێـت، ئەسـەد پێیـان دەڵێـت بە بـارزانی بڵـێن وریـای خـۆی بێـت، نزیکبـوونـەوەیەکی

ژێربەژێر لەنێوان شای ئێرانو سەدام حسێن-دا لەئارادایەو رەنگە رێکبکەون، بۆیە ئامادەیی ئێمەی پێ رابگەیەنن بۆ هەر هاوکارییەك، بەڵام کاتێك ئەو هەواڵە دەگەیەندرێتە بارەگای بارزانی لەحاجی ئۆمەران، بە پێکەنینێکی سوکایەتی پێکردنەوە دەڵێت: "کەری وا چ دەزانێ، هەرگیز شا لەگەڵ سەدام ئیتیفاق ناکەن چونکە داواکەی ئێران زۆر زەحمەتە". تەنانەت لەبەرئەوەی چەند جارێك فاخیر مێرگەسۆری بەو پێیەی لەبەرەی خاڵوانی ئیدریس بارزانی بوو، مەلا مستەفای لەو خۆ تەسلیم کردنە رەهایە بەشا ئاگاداردەکردەوە لەمەجلیسەکانیدا دەیدایە رووی، مەلا مستەفا بەخۆیو نزیکەی ٥٠ کەسی بنەماڵەکەیەوە لەزیندانی راياتی توندکردن تا ئەوەندە قسە نەکات، چونکە پێی وابوو قسەی فاخیر بەحوکمی خزمایەتییەکەی کاریگەریی دەبێت لەسەر کادرو پێشمەرگەکانی پارتی، ئەوەبوو لەدوا رۆژی ئاشبەتاڵ بەرلەپەڕینەوە بۆ ناو ئێران خۆیو هەموو بەندکراوەکانی خزمی لەبەندیخانەکەدا گوللەباران کرد، سەرباری ئەوەش هەرچی ئەو کۆمەکە داراییانەی کە لەماوەی ئەو ساڵەی شۆڕشدا بۆ پارتی هاتبوو کە ئەوکات بەبڕی زیاتر لە ٥٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکایی مەزەندە کراوە، لەگەڵ خۆیاندا ئاودیوی ئێرانیان کرد. لەو کاتەی بارزانی لەتاران بوو تا دوا قسە لەگەڵ حەمە رازا شا بکات، بەشێکی زۆر لەسەرکردە سیاسیو سەربازییەکان لەهەوڵی ئەوەدابوون لەگەڵ ئیدریس

بـارزانـی کە قەنـاعـەت بەبـاوکی بکـات شـۆڕش بەبـێ پشـتیوانیی ئێـران بـەردەوام بێـتو پێیـان راگـەیانـد کـە ئـەوان ئـامـادەبوون جـەنگـی پـارتیزانـی دەسـتپێبکـەن، بـەڵام نـەچـووە ژێــر بـــارەوەو دوا قســـەش کە ئـەوان ســووربوونی خۆیــان لـەســەر هـەنگــاوێکی لـەوجــۆرە نیشـاندابوو، ئیـدریس بە دەق پێـی وتبـوون: "ئـەگـەر شۆڕشـمـان پـێ نـەکرێـت پێمـان تێکـدەدرێت، بـۆیە هـەرکـەسـێك بیـر لـەوە بکـاتـەوە جـووڵـە بکـات، خۆمـان بـەهاوکاریی ئێران جموجۆڵەکەی دادەمرکێنینەوە".

چیرۆکـی کوشـتن و غـەدرو خیـانـەتکردنـی بنـەمـاڵـەی بارزانـی کە وەکو دوکان و بازاڕی مـەزادخـانـە حزبێکیـان بـەنـاوی پـارتـی دروستکردووە و شـوعبـەیـەکی بچوکە لـە مۆسـاد و میتـی تـورکی ، هـەمـوو لاپـەڕەکـانـی مێژوویـان رەش و شـەرمـەزارکردووە. هـەتـا ئـەو بنـەمـاڵـەیە مـابن کوشـتن و غـەدر و خیـانـەت لـە نـاو کـوردان بـەردەوام دەبێـت.. هـەروەک چـۆن خـەڵکـی شۆڕشـگێڕ هـەمیشـە دەڵێت (شـۆڕش بـەردەوامـی هـەیە هـەتـا ژیـان بـەردەوام بێـت) ئـەوا لـە لای بنـەمـاڵـەی بـارزانیش (خیـانـەت بـەردەوامـی هـەیە هـەتـا ئـەو بنـەمـاڵـەیە لـە ژیانـدا بـن). شـەڕی نـاوخۆی کوردستان زنجیرەی کـارەکـانـی بنـەمـاڵـەی بـارزانییە بـۆ بـەردەوام بـوون لـە ژیـان، دوای ئـەوەی لـەراپـەڕینـی بـەهـاری ١٩٩١ ئـاگـایـان لـە مـەحمـودی بـێ زەوا نـەبوو، کـەچی هـاتنـە سـەر سفـەرەی حـازری، لـەگـەڵ ئـەوەی تۆزێک بـەخۆدا هـاتنـەوە و کـەوتنـەوە سـواڵکردنـی پـارەو یـارمـەتـی و فێـڵ و غـەدر لـە تورکیـا و ئێـران و

عیراقی ئەوسای سەدام حسێن، ئیتر لە هونەری شەڕی ناوخۆدا کەس نەبوو شان لە شانیان بدات...لە مێژووی بنەماڵەی بارزانیدا سەدان کوشتن و تاوان وتیرۆرهەیە کە زۆرجار تەنها بۆ چاوترساندی نەیارەکانی خۆیان بێ باکانە کردویانە ، لە دوای ڕاپەڕین بۆ ئەوەی سەربە بادینان شۆڕ بکات و چاوی خەڵکەکەی بشکێنیت چەندین نەیاری خۆیان کوشت، کە بە زنجیرەیەک تیرۆری پیلان بۆ داڕێژراو دەیان کەسیان کوشت لەوانەش نەزیر عومەر ناسراو بە ئارام، رەئوف کامیل ئاکرێیی، شاپور و قابیل.وەختێک سورچیەکان سەریان بۆ شۆڕ نەکردن، لە رۆژی ١٦-٦-١٩٩٦ زۆر نامەردانە بەناوی دەعوەتکردن و ئاشتبوونەوە، هەم گوندەکەیان سوتاندن (کەلەکین) هەم سەرۆکی عەشیرەتەکەیشیان حسێن ئاغای سورچیان کوشت ودەستیان گرت بەسەرسامانەکەیدا.

مەلا مستەفا، نەک لەگەڵ نەیارەکانی خۆی بەڵکو کاتێک ئیشی بە دۆست و یاوەرەکانی خۆشی نەدەما، ئەوانیشی لەناو دەبرد، دەستی لە کوڕەکەی خۆی نەپاراست،بە فەرمانی مەلا مستەفا هاوسەری کوڕە گەورەکەی"عوبێدوڵا" واتە بوکی خۆی بە منداڵەکەی ناوسکیەوە بەدەستی فارس باوە لە هەولێر کوژرا.

مارگرێت تاقە پێشمەرگەی ژن بوو،یەکێک بووە لە هەرەژنە جوانەکان،پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەلا مستەفا هەبوو،دوای ئاشکرا بوونی ئەم پەیوەندییە،حەمایل خان داوای لەمەلا مستەفا کردکە

دەبێــت بیکوژن،ئەوەبووتیرۆریــان کرد،پارتیەکــان لەبەرامبەر ئەم بێرەوشتیەدا دەڵێن"پێنچ پێشمەرگە تەعــدایان لە مارگرێتــا کــرد،لەبەر ئەمە کــوژرا، پرســیارەکە ئەوەیە ئەگەر مارگرێــت تەعــدالێکراو بێت،بەپێی هەموو یاسایەک دەبێت تەعداکەران سزا بدرێن نەک قوربانیەکە.

پــارتی لە ١٦ ی مایســی ســاڵی ١٩٩٧ شانبەشــانی ســوپای تــورک بەســەدان گەریلایــان کوشــت لەگەڵ چەنــــدین وەڵاتپــــارێزی باشــــوری ، پــــارتی بەو بڵاوکراوەیەی خۆی ئەو کۆمەڵکوژیەی بەرەوا زانیوە ، ئەوەی بەرپرسیارانی پارتی کردویانە تەنها ئەوانەی سەرەوە نییە ، پارتی پەلاماری پەنابەری ڕۆژئاوای کوردستانیشــی داوە کە ویســتویانە بگەڕێــنەوە ســەر زێدی خۆیان ، وەک ڕۆژی ڕووناک لەلای هەموو کەسێک ئاشکرایە کە پارتی لە ڕۆژئاوای کوردستان خەریکی ئەنجامدانی چالاکی کۆنترا گەریلایا ، لەم ماوەیەدا یەکێک لە سیخوڕەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ســوریا دانیــبەوەدا هێنــا کە پــارتی لە هەولێــر پەروەردەیــان کــردووە تــاکو لە ڕۆژئــاوا گێرەشــێوێنی بکــات گرتنــی ئەم ســیخوڕە پــارتی گۆشــەگیر کــرد ، ئەمەش لە ئەنجــامی کــارێکی ئاسایشــی رۆژئــاواوە ئاشــکرا کــرا ، ئاســایش کەسێکیان دەســتگیر کــرد کە دەیویســت کــارێکی تەقیــنەوە ئەنجــام بــدات کە ئەنــدامێکی پــارتی ســوریایە ، ئەم مەســەلەیە بەم شێوەیە بووە : بەشیر عبدولمەجید موسا و هاوکارێکی

لە ٩ ی مایسی ئەم ساڵ دەیانویست لە تربێسپی تەقینەوە ئەنجام بدەن ، بەڵام بۆمباکەیان بەدەست هاوکارەکەی بەشیر دەتەقێتەوە ، کاتێک بەشیر دەیەوێت هەڵبێت بەڵام لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەکرێت ، لە ئاسایش بەشیر دان بەکارەکەیدا دەنێت و دەڵێت (لێرە لەڕۆژئاوا لەلایەن ئیسماعیل شەرەف کە ئەندامی مەرکەزی ئەلپارتییە پێشوازی کراین ، لە شوێنێک کە دەکەوێتە نێوان هەولیر و دهۆکەوە ماوەی ٢ مانگ پەروەردەی سیاسی و سەربازیمان بینی ، ئەم پەروەردەیە لەلایەن مستەفا شەفیق و محەمەد کەریم و کەسێکی تر کە ناوەکەی نایەتەوە یادم دەبرا بەڕێوە ، جگە لەوانیش عبدولحەکیم و بەشار و سەعید عومەر سەردانیان دەکردین ، دوای تەواوکردنی خولی پەروەردەکە سەرو ٢٠٠٠ دۆلاریان داپێمان ، دوایش سەردانی هەریەک لە نێچیر و مەسعود بارزانیمان کرد) .

کەواتە زنیجرە تیرۆرەکانی دیکەی بنەماڵەی بارزانی و دەزگای پاراستن، لەم چەند ساڵەی دوایدا ئەنجامیان داوە درێژکراوەی هەمان ئەو زینجیرە تیرۆر و کوشتن و تۆقاندنانەیە کە پارتی لە رابووردوو ئەنجامی داون. هەرچەندە ئێستا بەهۆی بڵاوبوونەوەی میدیای ئازاد و تۆڕی کۆمەڵایەتی پارتی و دەزگاری پاراستن غیرەتی ئەوە ناکەن قاچی زیادە راکێشن و رەشەکوژی خەڵکی بکەن، هەروەها لەبەر ئەوەی ئێستا ئەمەریکا و ئەوروپا راستەوخۆ وجودیان لە ناوچەکەدا

هەیە و هەر کارێکی کوشتن و تیرۆرکردن کاریگەری خراپی دەبێت بۆ ناوبانگی ئەوانیش، بەڵام دیسان ئەگەر زۆر پێویست بکات بنەماڵەی بارزانی جار جارەش بێت بۆ ئەوەی خۆیان نیشانی خەڵکی بدەن کە ماون و لە سەنگەردان بۆ دەست و قاچ بڕینەوەی خەڵک هەروەک چۆن زۆر جاران فازیل میرانی ئەمەی گوتووە، جار جارە کاری تیرۆر بەردەوام دەکەن. کوشتنەکانی ئەم دواییەی سۆرانی مامە حەمە و عەبدول ستار تاهیر شەریف و سەردەشت عوسمان و تەنانەت گومانی کوشتنی کاوە گەرمیانیش بۆ ئاژاوە نانەوە لە نێوان گۆڕان و یەکێتی ، لەهەمان چوارچێوەدان.

**سەردەشت عوسمان کێ بوو؟**

سەردەشت عوسمان، خوێندکاری قۆناغی چوارەمی کۆلیژی ئاداب بوو لە بەشی ئینگلیزی زانکۆی سەلاحەدین. ئەم گەنجە تەمەن ٢٣ ساڵە، وەک هەموو ئەو گەنجانەی نەوەی شۆڕش و راپەڕین بوون، بیرکردنەوەو ئاستی تێڕوانین و تێگەشتنیان بۆ سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵات و سیاسەتمەداران و سروشتی سیاسی کوردستان و جۆرو سیستەمی بەڕێوەبردنی کوردستان جیاواز بوو. سەردەشت و هەموو ئەو گەنجانەی کە لەژێر سایەی حکومەتی کوردستان و بەرهەمی خوێنی شەهیدان (کە بنەماڵەی بارزانی دەخوازن وەکو بۆرسە لە بازاڕی سیاسی خۆیاندا سەودای پێوە بکەن) پەروەردەبوون و خۆیان بە

خاوەنی حکومەت و شەریکی راستەقینەی دەسەڵات و تەنانەت ئایندەی وڵاتیش دەزانن، نەوەیەکی تازەن بە ژیان و هیواو ئاواتەکانیان جیاوازە لە نەوەی بەر لەخۆیان...

نەوەی نوێ پۆستاڵی بەعسی نەدیوە، نازانێت ئازاری داگیرکردن چیە ، ئەشکەنجەی ژێردەستەیی و داگیرکردنی نیشتیمانی تەنها بە چیرۆک خوێندۆتەوە. ئەم نەوەیە لە باوەشی وڵاتێکدا پەروەردە بوون کە یەک دەریا خوێنی بەخشی تا بتوانێت سەردەشت و هاوەڵەکانی بە کوردی بخوێنن و بە کوردی بیرکەنەوەو لە کوردستانێکی خاوەن سەروەریی و شکۆمەندیدا بژین... سەردەشت و هاونەوەکانی سەردەشت ئەقڵیان بە زەهری داگیرکردن پیس نەکرابوو، چونکە لە زەمەنی دوای داگیرکردن و لەگۆڕنانی دڕندەترین فاشیزمی دنیا پەروەردەبوون... سەردەشت و هاوڕێکانی جگە لەوەی رۆڵەی ئەو شەهیدانە بوون کە بە خوێنی خۆیان کوردستانیان کردە خاوەنی ئاڵاو بەرەو دەوڵەت بوون و سەربەخۆیی و شکۆمەندی هەنگاوی دەنا، نەوەی سەردەمی ئەودیوی کوردستان و ئەودیوی جوگرافیا و ئەودیوی نیشتیمان بوون، ئەوان نەوەی سەردەمی شۆڕشی پەیوەندیەکان وتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئەنتەرنێت بوون، ئەوان نەوەیەک بوون دەیانزانی گەنجێک لە ویلایەتی ئۆهایۆ باسی چ جۆرە سیستەم و ژیانێک دەکات، دەیانزانی گەنجێک لە سیاتڵ بۆچی خۆپیشاندان دەکات، دەیانزانی بۆچی

پادشاکانی بەریتانیا و بەلژیک و هۆڵەنداو سوید لە رۆژنامەو میدیاکان دەترسن، دەیانزانی بە چ نرخێک مرۆڤەکانی ئەودیو خۆیان ئازاد بوون.... سەردەشت و هاوڕێکانی لە زەمەنی ئازادی و دروستکردنی وڵاتی خۆیاندا سەرقاڵ بوون، کاتیان کەم بوو، لە کاتی خەوتنیشیاندا تەنها بیریان لەوە دەکردەوە چۆن بتوانن لە دروستکردنی وڵاتەکەی خۆیاندا دەستیان هەبێت، چۆن بتوانن ئەندازیاری بنیاتکردنی وڵات و ماڵ و لانە بن، چۆن بتوانن پزیشکی چارەسەرکردنی دەردە کۆمەڵایەتیەکان بن، چۆن بتوانن فڕۆکەوان بن و بفڕن، لەگەڵ خۆشیاندا پەپولە ئاسا هەموو هاوڕێ و گەنجەکانی وەکو خۆیان بەرن و هەموودنیا بیانگێڕن و ژینگەی سەوز و ئاوەدانی و دیموکراسی و مافی گەنج و مافی منداڵ و تەنانەت مافی سەگ و پشیلەکانیشیان نیشان بدەن....

سەردەشت بە خەیاڵ هەموو دنیای تەی کردبوو، ئەو بەزمانی ئینگلیزی دەقە پیرۆزە تێکشکاوەکانی سەردەمی رێنیسانسی دەخوێنەوە، ئەو دەیزانی مێژوو لەبەر هەتاودا پرچەکانی خۆی سپی نەکردووە، ئەو هەتا زیاتری بخوێندایەتەوە زیاتر دڵنیا دەبوو کە جارێ زۆرشت ماوە فێری بێت.. جارێ بۆ ئەوەی بتوانێت وڵاتێکی جوانی هەبێت دەبێت فەنتازیای جوانی هەبێت....

بۆ ئەوەی لە سەردەشت تێبگەن ئۆرهان پاموک بخوێننەوە، رۆمانی ژیانی نوێ تەماشا بکەن، کارەکتەری سەرەکی ئەم رۆمانە سەردەشت عوسمانە،

ئەم کارەکتەرە ڕۆژێکیان کتێبێک دەخوێنێتەوە، بەهۆی ئەم کتێبەوە هەموو ژیانی ژێرەوژوور دەبێت.... ئەو کتێبەی سەردەشت عوسمان خوێندیەوە چیرۆکێکی نوسەری بەناوبانگی هۆڵەندی سەردەمی ڕێنیسانس، ئاراسمۆسی ڕۆتەردامی تێدا بوو :-

- کوڕەکە شەیدای کچی پادشا بوو، ڕۆژانە بەبەردەمی کۆشکی پادشا تێدەپەڕی، هێندە هات و هێندە چوو ئیتر دەیزانی دیوارەکانی کۆشک چەند بەردن، چەند خشتتن، چەند درزیان تێدایە، چەند لانە چۆلەکەی تێدایە.... تا خوا کردی ڕۆژێک کیژی پادشا لە کۆشکەکە هاتە دەرەوە بۆ لای ئەم کوڕە:

- هێ ی کوڕە مسکێنی ڕەش و ڕوت ئەوە بۆ هەمیشە لەبەردەم کوشکی مندا دێیت و دەچیت؟ نازانیت ئەمە ماڵی پادشایە؟ نازانیت من کچە پادشام؟

- بەڵی دەزانم ، بەڵام من شەیدای تۆم ، من ئاشقی کچی پادشام..... لەم قسانەدا بوو کوڕە پەلی دایە کچی پادشاو دەمی نایە ناو دەمی و تێر ماچی کردو رایکرد....

کچە بەگریانەوە رایکردە ژورێ بۆ لای باوکی ، بە باوکی گوت:

- باوکە کوڕە مسکێنێک دەڵێ تۆم خۆش دەوێ و ماچی کردم هەر ئێستا فەرمان دەرکە بیکوژن!

- کچم ئەگەر ئەوانە بکوژین کە ئێمەیان خۆش دەوێت، ئەی چی لەوانە بکەین کە رقیان لێمانە؟

سەردەشت عوسمان ئیتر ژیانی گۆڕا، زۆر بیری کردەوە، ڕۆچووە خوارێ بۆ ناو مێژوو، بۆ ڕێنیسانس، بۆ

چاکسازی، بۆ دەسەڵات، بۆ واتای خۆشەویستی.... دوای هەمـــوو ئەمـــانە رۆژێـــک وەک ئەوەی گەشـــتبێتە گەورەترین نهێنی زانستی، وەک ئەوەی ئەستێرەیەکی تازەی لە مەنزومەی گەردوونیی خەیاڵەکانیدا کەشف کردبێت، شتێکی تازەی کەشف کرد : سەردەشت عاشقە..... عاشقی کچەکەی بارزانی بووە.

**سەردەشت عوسمان چی دەنوسی؟**

وەک باسمان کرد، سەردەشت تەنها لەسەر خەیاڵ کوژرا. سەردەشت زانیاری ئەتۆمی و رۆکێتی بالیستی کوردستانی نەدابووە دەستی دوژمن، سەردەشت هەڕەشە نەبوو بۆسەر ئاشتەوایی نەتەوەی کورد، سەردەشت ئەڵقە لەگوێ ی میتی تورکی و ئیتلاعات و مۆساد نەبوو، ئەو کەسێک نەبوو هەڕەشەی لەتکردن و لەناوبردنی پارتی دیموکرات و کوشتنی سەرانی بنەماڵەی کردبێت... بە کورتی سەردەشت هیچ هەڕەشەیەک نەبوو تا بکوژرێت لەسەری بەڵام بە پێچەوانەوە گەورەترین خەم و پەژارە لە ناخیدا بوو، ئەو خاوەنی گەورەترین کەیسی نەتەوە بوو.... ئەو خەیاڵدانی فراوان بوو، سەردەشت هاوشێوەی کۆرانمێنسن بوو، ئەو پیاوە بوو کە وێرای بپرسێت.... یەکەم جاربوو سەردەشت وەک مەلێک کە تازە باڵەکانی دەپشکوت کەوتە فڕین بەناو دنیاو ئاسمانی وشە و خەیاڵداو ئەمەی نوسی:-

**من عاشقی کچەکەی بارزانیم**

من عاشقی کچەکەی مەسعود بارزانیم، ئەو پیاوەی کە جار جارە دەردەکەوێت و دەڵێت من سەرۆکتم، بەڵام من حەز دەکەم خەزورم بێت، واتە دەمەوێت ببم بە ئاوەڵزاوای نێچیرڤان.

ئەگەر ببم بە زاوای بارزانی، ئەوا مانگی هەنگوینیمان لە پاریس بەسەر دەبەین و یەک دوو شەوێکیش بۆ سەردان دەڕۆین بۆ کۆشکەکەی مامەمان لە ئەمریکا، ماڵەکەم لە گەڕەکێکی هەژارنشینی هەولێرەوە دەگوازمەوە بۆ سەری ڕەش و شەوان سەگی ئەمریکی و پاسەوانی ئیسرائیلی چاودێری ماڵەکەم دەکەن. باوکە بەدبەختەکەی پێشمەرگەی ئەیلولیشم کە تاوەکوو ئێستا پارتی خزمەتی پێشمەرگایەتی بۆ قەبوڵ ناکات بە بیانووی ئەوەی کە ئێستا پارتی نییە، باوکم دەکەم بە وەزیری پێشمەرگە.

برا بەدبەختەکەشم کە زانکۆی تەواو کردووە و ئێستا بێئیشە و دەیەوێت بە قاچاغ بڕواتە هەندەران ، ئەویش دەکەم بە بەرپرسی پاسەوانە تایبەتییەکانم.

خوشکەکەشم کە تاوەکوو ئێستا شەرم دەکات بڕواتە بازاڕ، دەبێت وەکوو کچە بارزانییەکان پڕادۆ و وەنەوشە لێبوخوڕێت. دایکیشم لەبەر ئەوەی نەخۆشی شەکرە و دڵ و زەختی هەیە و پارەی نەشتەرگەری دەرەوەی وڵاتی نییە، دوو دکتۆری ئیتاڵی لەماڵەوە بۆ تەعین دەکەم.

بۆ مامەکانیشم چەند دیوەخانێک دەکەمەوە و ئامۆزا و خاڵۆزاکانم دەکەم بە نەقیب و لیوا و ئامر لیوا. بەڵام

**هاوڕێکانم دەڵێن"وازبێنە سەرۆ خۆت بەکوشت مەدە، ئەوە ماڵی مەلایە هەرئەوەندە گوتیان هەڕە، ئیدی ئیشت تەواوە"، باشە خۆ کفر ناکەم، سوێند بە دەسکی خەنجەرەکەی مەلا مستەفا ئیدریس بارزانی لەگەڵ باوکم سێ شەو لەژێر یەک لەتە شاخدا رۆژیان کردووەتەوە، ئاخر چیتێدایە با مەسعوود بارزانی خۆی بە سەرۆک بزانێت، ئەی ئەگەر سەرۆکە با بڵێ لەماوەی هەژدە ساڵی رابردوودا چەند جار سەری بە گەڕەکێکی هەولێر و سلێمانیدا کێشاوە؟**

**بەس کێشەکەم ئەوەیە ئەم پیاوە ئەوەندە عەشایەرە لەودیو سەری رەشەوە کەس بە پیاو نازانێت، ژنی هەموو سەرۆکەکانی دونیا لەڕێگەی یەک کلیکەوە دەدۆزمەوە کەچی هەتاوەکوو ئێستا نازانم خەسووەکەم چۆنە.**

**نازانم بۆ داخوازی کێ لەگەڵ خۆم ببەم؟ لەسەرەتادا ویستم چەند مەلا و ریش سپی و پێشمەرگەیەکی کۆن کۆکەمەوە و ئێوارەیەک ناوی خوای لێبێنین، بەڵام هاوڕێیەکی رۆژنامەنووسم وتی " کوڕی چاک هەندێک جاش و ئەنفالچی بدۆزەوە مەسعوود زۆر حەزی بەوانە". برادەرێکی دیکە وتی وەڵاهی ئەگەر بەقسەی من دەکەی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی نێچیرڤان بارزانیدا برۆ ژێر باڵی و بڵێ وەڵا ئیشێکی خێرم هەیە، یان ئەگەر نەشکرا کورە بە دەشنێ بڵێ ئەو زوو زوو دەیانبینێت با بۆتی تەرتیب بکەن.**

وتارەکەی سەردەشت عوسمان تەواو بوو، جا با ئێستا ئێمە دوای کوشتنەکەی ئەو بپرسین بەڕاست سەرۆ مەبەستی چی بووە لەو نوسینە، یاخود باوەک

گەنجێکی هەمان تەمەن و خاوەنی هەمان هزرو خەیاڵ تەماشا بکەین ئەو چی دەڵێ؟

- ئەم وتارە پڕە لە نازی کوڕێک بەرامبەر بە سەرۆکی ئەو وڵاتەی کە خۆی بە خاوەنی دەزانێت و باوکی پێشمەرگەی بەرگریکردن بووە لێی. ئەو سەرۆکی وڵات بە باوکی خۆی دەزانێت (خەزورم) پڕ بەدڵ ئاوات دەخوازێت بە تەواوی و بەراستی ئەو خەزورو باوکی بێت...
- سەرۆ تەنها نازی هاوڵاتیی بوون دەکێشێت و بە بەرائەتی خۆ بە خاوەن ماڵ زان و خۆ بەخاوەن وڵات زان داوای چاکسازی دەکات و دەخوازێت وڵاتێکی هەبێت ئاوەدان و ماڵئاوا، یاسا تیایدا سەروەر بێت و هەمووان بەرامبەر بە یاسا یەکسان بن..
- سەرۆ دەخوازێت پاریس ببینێت و چەند ساتێکی خۆشی تێدا بەسەر بەرێت لەگەڵ خۆشەویست و هاوسەری ژیانی، دەخوازێت سەردانی ئەمەریکا بکات..
- سەرۆ باسی چەوساندنەوەی چینایەتی دەکات، باسی جیاوازی ژیانی هاوڵاتی سادە و خاوەن دەسەڵات دەکات، داوا لە باوکی خۆی (خەزوری) دەکات کە ئەم سیستەمە بگۆڕێت، دادو بێداد لەدەست بیکاری براکەیی و نەخۆشی دایکی و هەژاری کەسوکارەکەی دەکات.
- سەرۆ داوا لە سەرۆکی خۆی دەکات خائن و خۆفرۆشان نەکات بە پیاوی دەستەراستی خۆیی و ڕێزو

شکۆمەندی بگەڕێنێتەوە بۆ پێشمەرگەو پیاوانی نیشتیمانپەروەری وڵات....

ئەمە هەموو ئەو داخوازیانە بوون کە سەردەشت تەنها وەکو خەیاڵ و فەنتازیا هیوای بۆ دەخواستن و خەونی پێوە دەبینین، کەچی سەرۆک وەکو پادشای چیرۆکەکە مامەڵەی نەکرد، بەڵکو وەک سەرۆک هۆزێکی پاشکەوتووی سەدەکانی ناوەڕاست رەفتاریکرد و دوور لە هەموو بەهایەکی کوردەواری و مرۆڤایەتی بڕیاری کوشتنی سەردەشتی دابەدەست قەبیلەکەی خۆیەوە.

**تورەبوونی ماڵی بارزانی:-**

ئەم نوسینەی سەردەشت عوسمان کە رۆژی ١٣-١٢-٢٠٠٩ لە پێگەی ئەلکترۆنی کوردستان پۆست، بە ئیمەڵ ئادرەسی سەرۆسەردەشت (sarozardasht@yahoo.com) بڵاوکرایەوە، دنیای خرۆشاند.. نەک تەنها ماڵی بارزانی و پارتی پارتان، بەڵکو زۆبەی هەرە زۆری مەسئول و بەرپرسە گەندەڵ و لەخۆپڕگومان و شەرواڵ پیسەکان، ئەمانە هەر هەموویان رۆژانە چەند جارێک تەماشای پێگەی ئەلکترونی کوردستان پۆستیان دەکرد... کوردستان پۆست وەنەبێت پێگەیەکی زۆر سالارو ئاقڵمەند و ئاوەزبەهاو لۆژیک نوس و ژیربێژبووبێت، بەڵکو تەنها هێندە هەبوو ئەو پێگەیە لەدەرەوەی وڵات بەڕێوە دەبرا و دووربوو لەدەستی چاودێری و تۆقاندن و هەڕەشە. هەموو کەسێک

دەیتوانی بەشێوەیەکی زۆر بازاڕیش بێت دەردی دڵی خۆی لەوێدا بەیان بکات. هەندێک جاریش بەرپرسە گەندەڵەکان لەناو خۆیاندا دەبوو بەشەڕیان و سڕو تڕی یەکتریان لە کوردستان پۆست بە ناوی خوازراو هەڵدەماڵی... ئەمەش وایکردبوو کە ئەم پێگە ئەلکترۆنیە ببێتە مەزادخانەیەک بۆ ساغکردنەوەی هەموو جۆرە شڕکەو پڕکەیەک، وەک هەر مەزادخانەیەکیش جار جارە شتی بەنرخ و ئەنتیکیش دەدۆزرانەوە... ئەم هۆکارانە پێکەوە وایانکردبوو کە زۆر کەس رۆژانەو سێ ژەمە تەماشای ئەو نوسین و بڵاوکراوانە بکات، گەندەڵەکان بۆ ئەوەی ئەحواڵی پاشەڵیان بزانن و خوێنەرەکانیش بۆ ئەوەی زانیاری و تەنز و گاڵتەجاڕی حزبەکان و بەرپرسەکانیان بکەوێتە بەردەست... هەمان ئەو رۆژەی ئەو نوسینەی سەردەشت دابەزی زەنگی تەلەفۆنی تایبەتی مەسعود بارزانی لێدرا، لەو سەری هێڵەکە مەسروری کوڕی بوو، دیار بوو چەند دەقیقەیەک بەر لەو تەلەفۆنە وتارەکەی سەردەشتی خوێندبووە... مەسرور حاڵەتەکەی لە باوکی گەیاند و باوکیشی گڕی گرت، چۆن دەبێت، کێ زاتی ئەوە دەکات؟ ئەمە پیلانە، موئامەرەیە لەدژی بنەماڵەی بارزانی... فەرمانیدا هەر ئێستا ئەو نوسینەی بۆ بدۆزنەوە و بۆی چاپکەن، چەند خولەکێکی کەمی ویست، نوسینەکە بە چاپکراوی هاتە بەردەستی مەسعود، بەڵام زۆر لەوە کاریگەرتربوو کە مرۆڤ چاوەڕوانی دەکرد... بارزانی پاش خوێندنەوەی

نوسـینەکە تەواو پەشـۆکا، سسـت بـوو، لە قسـەکردن کەوت، هەر بەتەواوی بـارودۆخـی تێکچـوو، بە ئامـاژەی دەست داوای کرد هەموو خزمەتکارەکانی کۆشک بەجێی بـێڵن، بە تـەنهـایی مـایەوە و چەنـد جـارێکی تـر چـاوی خسـتەوە سـەر چەنـد دێڕێکـی نێـو نوسـراوەکە... بـارودۆخـی مەسعود بەرزانـی لەگەڵ تێپەڕبوونی کـات خراپتـر دەبـوو، تـا دەهـات بەرزانیەکـان زیـاتر پەیوەنـدیان دەکـرد و سـەرۆکیش هـارتر دەبـوو. یەکەم مەوعیدی سەرۆک دواخرا، دووەمیش هەر دواخـرا، ئیتـر سەرۆک تەواو بـارودۆخـی دەرونـی شێواو مەوعیدەکانی هەمـوو ئەو رۆژەی بـۆ کـاتێکی نادیـار دواخسـتن... سـەرۆک نەیتـوانی چـاوەڕوان بێـت، بە شـڵەژانێکی زۆرەوە، کۆشـکی تـازەی سـەرۆکایەتی بەرەو مـاڵـی تایبەتی خۆی لەو سەری پیرمام بەجێهیشت... زەنگـی تەلەفۆنی شێخانی بەرزان بەردەوام زەنگـی لێدەدا.. ئەو زەنگـانەش بەردەوام وەکـو دەرزی دەچـوون بەنـاو مێشکی سـەرۆکی عەشرەتی بـارزانـی ... ئەو دموچـاوی بەجۆرێک گرژ بوو، رەنگدانەوەی نوسراوەکە بە جۆرێک دەهـەری و هـاری کردبـوو هەسـتی دەکـرد شـەرەف و نـاموسـی لەکەدار کـراوە.. ئەم چـۆن سـەرۆکێکە، لەبەرچـاوی هەمـوو دنیـا ئـابڕووی خـۆیی و خێـزان و هـۆزەکەی دەبرێـت... ئیتـر لەبەردەمـی ئەنـدامانی قەبیلەی بارزانی چۆن چاوی بەرزکاتەوە، چۆن وەڵامـی پرسیارەکانیان بداتەوە، چی بڵێت . ئەم کەسە چۆن بدۆزنەوە، بۆ وادەکات، کێ پێی دەکات...... دەیان و

ســـەدان پرســـاری بـــێ وەڵام ســـەرۆکیان بە تەواوی روخاندبوو...

یەکەم شـەوی پـاش ئـەم رووداوە هـەروا ئاسـان نـەبـوو بۆ سەرۆک، ئەو بەتەواوی بێزارو نیگەران بوو، جگە لە مەسروری کوڕی وەڵامـی تەلەفۆنی عەشـتەبای خـوای نەدەدایەوە... لە رێگـــای خزمەتکـــارە بارزانیەکـــانی خۆیەوە پەیتا پەیتا هەواڵی پێدەگات... ئەزبەنی شێخ فـلان بـارزان، ئەزبـەنـی شـێخ فلانـی تـری بـارزان، ئەزبەنی شێخ فیسار.... ئەزبەنی ئەزبەنی .... هەرچی پیاوەکـانـی عەشـترەتی بـارزان هەبـوون ئەوانەی نـاو گونـدی بلـەوبـارزان و ئەوانەی دەرەوەی گونـد، ئەوانەی نـــاو هەولێـــرو دەرەوەی هەولێـــر، ئەوانەی میـــوانی ســەلەفیەکانی ئـال سـعود بـوون، ئەوانەی لە قەتەر و ئیمارات دەمانەوە، ئەوانەی لەماڵی بیلال و ئەردۆغـان بوون، ئەوانەی لە ئۆرشـەلیم بـوون، ئەوانەی ئەمەریکا و ئەڵمانیـــا و هۆڵەنـــدا و نەمســـا و ئەوانەی تـــاران و بەغـدا... هەر هەموویـان داوای ســەرۆکیان دەکـرد تـا بزانن چۆن چۆنی ئابڕوی تکاویان بۆ دەکڕیتەوە، بەڵام سەرۆک ئامادە نیە بەو جۆرە بچێتە بەردەمیان...

**ماڵی بارزانی بۆچی و لەچی ئاوا دەهری بوون؟**

راستە بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشە. راستە ئەم پیاوە لە منداڵییەوە سیاسەت دەکات و لەناو کۆڕو کۆبوونەوەی مەحـافلی سیاسـیدایە، بەڵام هەمـوو ئەمـانە هیچیـان

راستییەک ناشارنەوە ئەویش ئەوەیە کەسایەتی ئەم پیاوە زۆر لاواز و تێکشاوە و ئەگەر کوڕی مەلا مستەفا نەبوایە هەرگیز لەنێو سیاسەت و دنیای فکر و ململانێی سیاسیدا جێگای نەدەگرت... سیفەتی سەرکردایەتی، کاریزمایی، جەنگاوەری، زیرەکی، لێهاتوویی، دانایی، مەردایەتی، بیرتیژی، گوتەبێژی، ژیربێژی، رەوان بێژی، جوامێری، شەهادەو خوێندەواری...تاد هیچ کام لەم سیفەتانە لەم پیاوەدا بوونیان نیە. ئەم پیاوە لەهیچ کام لەم سیفاتانەدا خۆی نابینێتەوە تەنها هێندە نەبێت سەرۆکی عەشرەتی بارزانە و بارزانیەکان قڕوقەپ و دەست لەسەرسنگ بۆی دەوەستن. دەبەنگی ئەم کابرایە لەوەدایە لە سەدەی بیستویەکەمدا لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆک بوونی پارتیدا بەبەر چاوی هەموو دنیاوە لە کۆنگرەی چەپڵەی حزبە کارتۆنیەکەیدا دەڵێت (عەشرەتەکەم خاوەنی هەزار پیاوی جەنگاوەرە، هەموویان فیدائین بۆ من) کەچی کاتێک داعش خەریک بوو بێتە ناو هەولیر ئەم عەشرەتە هەمووی سواری فڕۆکە بوون و رایانکرد بۆ قەتەر و ئیمارات بۆ لای حۆری و پارەی پترۆل..

مەسعود بەرزانی لە دووشت تەواو تەواو سەغڵەت بوو، یەکەم شت ئەوە بوو نوسینەکە تایبەتە بە شەرەف و ناموسی خودی مەسعود بارزانی چونکە مسکێنێک داوای کچی لێدەکات و سەرباری ئەوەش دەیەوێت بزانێت خەسوی داهاتووی (واتە ژنەکەی

مەسعود بارزانی کێیە و ناوی چیە و چ کارەیە)، دووەمیش ئەوەیە کە ئەم نوسینە هێرشکردنە بۆ سەر تەواوی عەشرەتی بارزان و موقەدەساتی عەشرەتەکەی لە کەسایەتی ئەمدا سوک کراوە...

لێرەدا هەوڵ دەدەین پشت ئەستور بە تێزی دەرونی و کۆمەڵایەتی ئەم هەڵچوونەی بارزانی بێنینە گۆ. کەسی عەشایر و خاوەن هۆز، لە قۆناغەکانی بەر لە کۆمەڵگا بوون دەژین، قۆناغەکانی بەر لە کۆمەڵگا بوون قۆناغی ژیانی هۆزو تیرە جیاوازەکان بوون بەر لەوەی نەتەوە یاخود نەیشن (Nation) هاتبێتە ئاراوە. کەسی خاوەن هۆز لەبەر ئەوەی تەنها هۆزەکەی خۆی شک دەبات و لەناو هۆزەکەی خۆیدا حسابی بۆ دەکرێت و هەست بە بوونی دەکرێت، زۆر بەتەنگ ئەوەوەیە کەرامەتی خۆی بپارێزێت بۆئەوەی نەبێتە کەسێکی لاواز لەناو هۆزەکەو سوکایەتی پێ نەکرێت. ئەم کەسایەتیە هیچ ئیهانەو سوکایەتیەک بۆ سەر کەرامەتی قبوڵ ناکات، لەو باوەڕەدایە هەر جۆرە ئیهانەکردن و سوکایەتیکردنێک بە کەسایەتی ئەو ئیهانەو سوکایەتی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

لەناو هۆزدا هەرگیز ئەندامی هۆز نابێت دوودڵ بێت لە توڕەبوون و هەڵچوون، چونکە ئەوە لە شەهامەت و کەرامەتی کەم دەکاتەوە، سەرۆک هۆز دەبێت هەمیشە توڕە و دەهری بێت، نابێت پێکەنین لەسەر زارەکانی دەرببڕێت نەوەکو سوک بێت، جوامێرترین و رەشی ترین کەس ئەوەیە قوەت و هێز و دەسەڵاتی خۆی بەسەر

ئەوانی تردا بەزۆر داسەپێنێت، هەر لەبەر ئەمەشە هۆزەکان خەڵکی پیاوکوژ و خوێن خۆر بە ئازاو پیاوچاک ناو دەبەن و خەڵکی نوسەر و خوێندەوارو بیرمەندیش بە نەفام و بێ ئەقڵ و لاواز دەزانن.

لەناو ئەندامانی هۆزەکەدا سەرۆکەکەیان دەبێت زەبروەشێن و بێ رەحم بێت، نابێت چاوەڕوان بێت و خەم سارد بێت، لەسەر کوشتن و بڕین و هەڵکوتانە سەر خەڵک دەبێت دوودڵ و دەستەوەستان نەبێت، کەرامەتی شەخسی سەرۆک کەرامەتی هەموو هۆزەکەی لەسەرە، هەر شتێک بەرامبەر سەرۆکی هۆز بکرێت ئەوە بەرامبەر بە هەموو هۆزەکە کراوە.

هەر سوکایەتیەک بە ئافرەت و ژنان و ئاژەڵەکانی ئەو هۆزە دەبێتە لەکە و دەبێت تۆڵەی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەکە لەسەر شەرەف و ناموسی هۆز دروست نەبێت دەبێت وەک نوری چاویان ئاگاداری ژن و کچ و ئافرەتەکانیان بن. رەوشت و حەیاو ناموسی ژن سەرمایەی هەموو هۆزەکەیە و بە پارەو سامان ناگەڕێتەوە. ژن دواجار لەناو قەبیلەو هۆزەکاندا پارێزەر و شورە و قەڵای هەموو هۆزەکەیە، بۆئەوەی هیچ سوکایەتێک بەو قەڵاو شورایە نەکرێت ئەوە دەبێت دەرگاکانی قوفڵ و کۆڵۆم بن و هیچ کەس نەزانێت کامە کچە ناوی چیە و کاری چیەو کچی کێیە و مێردو منداڵی کێن. لە مێژووی هۆزەکاندا زۆرجار خوێن رژاوەو شەڕهەلگیرساوە لەسەر ژنان و کچانی ئەو هۆزە، تەنانەت ئەگەر شەڕەکەش پەیوەندی بە ژن

و ئـافرەتـەوە نـەبووبێـت ئـەوە کاتێـک زەرەرو زیانـەکـان ژمێــردراون، دیســان خــوێن و بــاجەکە بە ژنــان ســاغ کــراونـەتـەوە. تـەنــانـەت کــاتی خـۆی مەلا مسـتـەفا بـۆ ئـەوەی پێگـەی خـۆی لـەنـاو شـاری سلێمانـی قـایم بکـات، لـە ڕێگـای ژنـهێنـان بـۆ کوڕەکـانـی لـە بنـەمـاڵـەی ئـاغـا و ئێلـەکـانـی نـاو سلێمانـی ئـەو کـارەی کـردووە. هـەربـۆیـە خوێناویترین شەڕی قـەبیلـەکان و تیرەو هۆزەکان لـەسـەر پاراسـتنی نـاموس و شـەرەفیان بـووە کـە ژنـان و کچـان بـەرجـەسـتـەیان کردووە، ئـازاترین و ڕەشـی ترین کـەسـی نـاو هۆزەکـانیش هـەمیشـە ئـەوانـە بـوون کـە توانیویـانـە هـەقــی خۆیــان بەســەر کـەســەوە نـەهــێلن و زۆر خێــرا شـەرمـەزاری خۆیان و پـەڵـەی ناوچاویان بسڕنـەوە جا بـە کوشتن بێت یان بـە خوێندان.

**عەلی وەردی** پسپۆڕی سۆسیۆلۆژیا لـەم بارەوە دەڵـێ:-

ئـەنگێــــزەی خــــۆزاڵکردن یــــاخود خۆســــەپاندن فـەرهـەنگێکی گـرنگـە لـەنـاو هۆزەکـانـدا، کـەسـی عـەشـایر حـەز دەکـات هـەمیشـە خـۆی بسـەپێنێت نـەک کـەسـێک خـۆی سـەپاندبێت بـەسـەریا، بـۆیـە هـەرلـەم سۆنگـەیـەوە حـەز دەکـات هـەمیشـە خـۆی تـەعـدای لـەخـەڵـک کردبێـت نـەک خـەڵـک تـەعدای لـەم کردبێت، ئـەم دەسـتـی لـەخـەڵـک وەشــاندبێت نـەک دەســتیان لێوەشــاندبێت، خێــر بـە خـەڵکی بکات نـەک خـەڵـک خێری پـێ بکـات، سـامان لای خۆی بێت و خـەڵـک داوای بکـات نـەک لای خـەڵـک بێـت و ئـەم داوای کـات، خـەڵـک پـەنـای بۆ بـەرێت نـەک ئـەم پـەنا بــۆ خـەڵــک بـەرێــت، خــۆی پــارێزەر بێــت نـەک خــۆی

پارێزراوی خەڵک بێت، خەڵکی لەبەردەگای ئەم بێت نەک ئەم لەبەردەگای خەڵک بێت، هەمیشە دەستی لێپان بکەنەوە نەک ئەم دەست لە خەڵکی پان بکاتەوە، لەهەموو شتێکدا ئەم رەئیس بێت نەک مەرئوس بێت. لای خەڵک سامی هەبێت نەک خەڵک لای ئەم سامیان هەبێت....

کەواتە لێرە بەدواوە سحری ئەم نوسینەی سەردەشت عوسمان تێدەگەین و دەزانین بۆچی بەو نوسینە سادەو یەکجار کەمە، عەرشی بنەماڵەی بارزانی کەوتە لەرزین و بەجۆرێک شێت و شور بوون کە دەبوو ئیتر بڕیارێک بدەن و پەڵەی نێوچاوانی خۆیان بسڕنەوەو ئابڕووی تکاوی خێڵەکەیان بکڕنەوە...

**بڕیاری بنەماڵەی بارزانی:-**

هەواڵی نوسینەکەی سەردەشت عوسمان وەک پێشینان دەڵێن (تڕ بێ و دەم رەشەبا بکەوێت)، بەهەموو کوردستاندا بڵاوبۆوە، بەشێک لە ماڵپەڕ و پۆرتاڵ و پیگە ئەلکترونی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ قەشمەریکردن بە ماڵی بارزانی کەوتنە نوکتەکردن و گاڵتەجاڕی و بەناوی زاواکەی بارزانی و بوکێ و خەسوی نەناسراوی زاوا ...تاد ، شتیان بڵاو دەکردەوە... چەند رۆژێک دوای تەشەنەسەندن و تێکچوونی باری دەرونی مەسعود و مەسرورو شێخەکانی دیکەی ماڵی بارزان، ئیتر مەسعود بارزانی تەواو خۆی بە هەتککراو دەهاتە بەرچاو، ئەندامانی بنەماڵەکەشی هەموو

نەهامەتیەکانیان لە چاوی ئەم و مەسروری کوڕی دەبینی کە ناتوانن ڕێگا لە بڵاو بوونەوەی نوسینێکی ئاوا بگرن و کەسێکی ئاوا بدۆزنەوەو بێدەنگی کەن.. جگە لە سەرانی بنەماڵە نزیکەی ٢٠٠ کەس لە شێخ و پیاوانی بارزان و موریدەکانیان لە گوندەکانی بارزان و ڕێزان و بلە، داوای هاتنە جواب و تۆڵەسەندنەوەیان لە مەسعود بارزانی دەکرد.

مەسعود بارزانی تەنها پێنج ڕۆژ لە دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەی سەردەشت عوسمان، فەرمانی کۆبوونەوەی ماڵی بارزانیدا لە گوندەکەی خۆیان و گەڕایەوە بۆ ناو خێڵ و داوای کرد ئەوان بڕیاری خۆیان بدەن و ئەمیش جێبەجێ ی بکات... مەسعود بارزانی وەک ئەوەی بڕیاری خۆی پێشوەختە دابێت، هیچ جۆرە قسەیەکی ئەوتۆی لەو کۆبوونەوەیە نەکرد، لە کاتی کۆبوونەوەکەدا فەرمانیدا هیچ کەس نەیەتە ژورەوە هەتا قسەکانیان تەواو دەکەن. بنەماڵەی ئابڕوتکاو هەموویان خوێنیان لێدەچۆڕا، زۆربەی هەرەزۆری سەرەکانیان لەو کۆبوونەوە چارەنوسسازەدا ئامادە بوون، وەک ئەوەی سەعاتی سفر بۆ ئازادکردنی کەرکوک دانێن یان وەک قەشمەریاتی هەموو جاریان دەوڵەتی کوردی ڕاگەیەنن، هەریەکە لەشوێن خۆیەوە بۆچوونی خۆیاندا..

سیهاد مستەفا بەرزانی، شێخ ئەدهەم، وەجیە بارزانی، نیهاد بارزانی ، شێخ سانع بەرزانی، مەسروری کوڕی مەسعود، شێخ سەلام، لەناو ئامادە

بووەکاندا بوون. دوای قسە لەسەرکردن و تاوتوێکردنی بابەتەکە ئەو رەئەی کە لەوێدا زاڵ بوو ئەوە بوو کە تۆڵە لەو کەسە بکەنەوە هەرکەسێک بێت و لەهەر عەشرەتێک بێت (سەرنج بدەن لێرەدا دەیانەوێت بزانن ئەو کەسە سەر بە چ عەشرەتێکە، چونکە ئەو بنەماڵەیە هەتا ئەمرۆ فێری ئەوە نەبوون بە چەمکی هاولاتی بوون مامەڵە لەگەڵ تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بکەن) لەهەر پلەو پایەیەکدا بێت... سێ سیناریۆی تەواو بۆ ئەم کارە لەگۆڕیدا بوون...

**سیناریۆی یەکەم-** لەهەموویان کەلەرەقتر و بی حەوسەڵەتر مەسعود بارزانی و مەسروری کوڕی بوون. ئەمان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە :-

**یەکەم–** ئەمە پیلانی نەوشیروان موستەفایە و راستەوخۆ لەلایەن قادری حاجی عەلی کۆنە بەرپرسی دەزگای زانیاری ئەنجام دراوە. بەڵگەشیان بۆ ئەم بۆچوونە ئەوە بوو کە کوردستان پۆست بە تەواوەتی لەژێر دەستی ئەوانەدایە و بەبێ ئاگاداری ئەوانە هیچ شتێک تێناپەڕێت، بۆیە لەو باوەڕەدابوون کە هۆکاری نوسینی ئەو چەند دێرەش بەو جۆرە بە سادەیی ئەوەیە کە زۆرترین دەنگدانەوەو کاریگەریی هەبێت لەسەر خەڵکی عەوام و بتوانن زەبرێکی زۆر کوشندە لە ئابڕوی بارزانیەکان بدەن.

**دووەم–** ئەمە تەنها دەستپێکە، وەکو بالۆنی ئیختیبار ئەم نوسینە فرێدەدەن و چاوەڕوانی کاردانەوەکانی دەکەن و دواتر نوسینی دیکەی بەدوا

دێت ، ئیتر بە تێپەڕبوونی کات و بێدەنگ بوونی ئێمە هەر ڕۆژەی مندالێک لە شوێنێکەوە باسی حەیاو ناموسی بارزانیان دەکات.

**سێیەم-** دەبێت سەرەتا پاراستن نەخشەیەک داڕێژێت بۆ ئەوەی کەسی راستەقینە بدۆزینەوە، پاش دۆزینەوەی کەسی راستەقینە ئیتر کارەکە دەسپێردرێت بە دەزگای پاراستن.

**چوارەم** – ئەگەر ئاشکرا بوو ئەو کارە راستەوخۆ لەلایەن خودی نەوشیروان یان قادر حاجی عەلی یان عومەری سەید عەلی یان کەسێکی ناو یەکیتی و جەلالیەکان ئەنجام دراوە، ئەوە دەبێت کاردانەوەی ئێمەش راستەوخۆ بێت و لەناو خێزانی ئەوانەدا بێت، ئەمەش هەر دەزگای پاراستن خۆی ئەنجامی دەدات.

**سیناریۆی دووەم-** وەجیە بارزانی و نیهاد، تاڕادەیەکی زۆر بۆچوونەکانیان لەیەکتر نزیک بوو، ئەم دوانە لەو باوەڕەدا بوون کە نابێت ئەم کارە تێکەڵ بە سیاسەت بکرێت، چونکە ئەگەر دەست لەو کەسە بوەشێنن، دوایی ئاشکرا دەبێت و هەموو کەس دەزانێت کە ئێمە بووین. ئەم دوو نەفەرە داوای ئەوەیان کرد ئەم کارە راستەوخۆ حکومەتی هەرێم بە یاسا بیکات بەلام لە ژێرەوە وەکو خۆیان گوتیان (حکومەت قۆندەرەیە و هەر خۆمان حسابین) خۆیان ئەو کەسە دەستگیر بکەن و لەسەر تەلەفیزیۆن خۆی ئاشکرای بکات ئەم کارەی بۆ کێ کردووە، پاشان با قانون قسەی بکات و دوای ئەوەی حوکم دەدرێت ئیتر

بـدرێتەوە بەدەسـتی بنەمـاڵەی بـارزانـی و لـە زینـدان شێت و رسوای بـکەن و پـاش ئـەوەی کـە شـێت دەبـێت و ناموسـی لـەدەسـت ئـەدات خۆمـان بـە عـەفـوات ئـازادی دەکـەیـن و هـەر خۆشـمان پـاش مـاوەیـەک کاسـێتەکانی بڵاو دەکـەینـەوە.

**سـیناریۆی سـێیەم-** ئـەدهـەم بـارزانـی خـاوەنـی ئـەم رەئـیـە بـوو، ئـەو لـەو بـاوەڕەدا بـوو کـە هـەرکـەسـێکە دەبێـت بـدۆزرێتـەوە بـەڵام دوای ئـەوەی دەدۆزرێـتەوە دەبێت سـاڵێک یـان زیـاتر بوەستین و بـەردەوام لـە ژێـر چاودێریدا بێت، لـە دوای ساڵەکە خۆمان بـە بـێ دەنگـی ونـی دەکـەیـن و پاشـان خۆشـمان چیرۆکـی ونکـردن و کوشتنی دزە پێدەکـەین بۆ نـاو میدیاکان و هـەر خۆشـمان بـە درۆی دەخـەیـنـەوەو خۆمـان نـاکـەینە سـاحێبی. هۆکـاری ئـەم بۆچوونـەی ئـەدهـەم بـارزانـی ئـەوە بـوو کـە لـە ئێسـتادا هـەر شـتێک بکرێـت هـەمـوو دنیـا دەزانێـت ئـێمە بـووین و زۆر گـران لـەسـەرمان دەکـەوێت، بـا ئـەم کـەسە نـەکـەینـە پاڵـەوانـی مێژوویـی، خـەڵکـی کوردستان زۆر زوو شتـی لـەبیر دەچێتـەوەو پـاش مـانگێک یـان دوو مـانـگ هـەر هـیچ کـەس بیـری نـامێنێت، دوای ئـەوە ئـێمە کـاری خۆمـان دەکـەین.

لـەکۆتـایـی دانیشتنـەکـەدا بۆچوونـی زاڵ ئـەوە بـوو کـە جـارێ دەزگـای پاراسـتن ئـەو کـەسـە بـدۆزێتـەوەو ئـەوسـا بـە سـەرپـەرشـتـی خـودی مـەسـعود بـارزانـی و مـەسـروری کـوڕی، کـارەکـە تـەماشـا دەکـەن و چـی بـاش بێـت ئـەوە دەکـەن. شێخ سـەلام کـە بـەشێک لـە ئامادەبووان حـەزیان

نەکرد بانگهێشتی ئەو دانشتنە بکرێت و خۆشی دەیزانی زۆر بۆی نیە قسە لە قسەی مەسعود و کورەکانیدا بکات، بێدەنگی هەڵبژارد و گوتی خۆتان چی بەباش دەزانن ئەوە بکەن، چونکە من رەئم لەگەڵ رەئی ئێوەدایە... مەسعود بارزانی بەر لەوەی بڕوات دانیشتنەکە بەجێ بێڵێت، سوێندی بەگۆڕی بارزانی خوارد کە موستەحیلە ئەو سوکایەتیە قبوڵ بکات لە هەر کەسێکەوە بێت و دەبێت بیدۆزنەوەو لەبەردەمی خەڵکیدا بەدەستی خۆی پارچەپارچەی بکات، ئەگەر پێویست بە پارە بکات بۆ دۆزینەوەی ئەوکەسە هەموو کوردستانی لەسەر سەرف دەکات هەتا ئەیدۆزێتەوە، بۆیە بە مەسروری کوڕی گوت (هەرە پەیدای بکە، بزانە کیژان عەشرەتە و بیخە ژێر قوندەرەکانت ئیتر ئەوە شولا تەیە).

**پاراستن کەوتە کار:-**

هەر ئەو شەوەی دوای کۆبوونەوەکە، مەسروری کوڕی مەسعود بەرزانی، لە رێگای سکرتێرەکەی خۆیەوە بەرپرسی هەموو بەشەکانی پاراستنی ئاگادار کردەوە، بۆ ئەوەی سبەی بەیانی لە کاتژمێر هەشت و نیوی رێک ئامادەی کۆبوونەوەی زۆر بەپەلەو گرنگ بن. لە کۆبوونەوەکەدا مەسرور بارزانی وێرای ئەوەی جەختی لە وە کردەوە کە بە هەرنرخێک بووە دەبێت ئەو کەسە بدۆزنەوە، پارەو میزانیەو لۆجستیک و هەموو تواناکانی

پاراستنی خستە ئیختیاری ئەو تیمەی دروستی کردبوو...

سەرۆکی بەشی ئای تی لە ناو کۆبوونەوەکە، مژدانەی دا بە ئامادەبووان و خودی مەسرور بارزانی کە ئەو کارە هێندە قورس وگران نابێت، چونکە ئێمە لانی کەم ئیمەیڵ ئادرەسی ئەو کەسەمان لەبەردەستایە، بە تەکنیکی خۆمان دەتوانین لەرێگای ئەو ئادرەسەوە کۆمپیتەری ئەو کەسە هاک بکەین و بیدۆزینەوە. خاڵی دووەمیش کە دڵی پێخۆش بوو، ئەوەبوو کە ئەمان دەتوانن بە هەرنرخێک بووە کوردستان پۆست و کوردستان نێت هاک بکەن تا دەگەنە دۆزینەوەی ئای پی ئادرەسی ئەو کەسە.

**تیمەکە لەدوای کۆبوونەوەیەکی درێژو تەسەل بڕیاریدا:-**

**یەکەم-** لە رێگای پارەو سەرچاوەکانی خۆیان لەناو کوردستان پۆست و کوردستان نێت پەیوەندی بکەن بە عومەر فارس و مستەفای حەسەن گەورە، بۆ ئەوەی بتوانن بە پارە ئای پی ئادرەس و ناوی سێرڤەرەکەی کاری لێوەکراوە بدۆزنەوە...

**دووەم-** لە رێگای بەشی ئای تی هەوڵ بدەن ئەو ئی مەیڵەی کە بابەتەکەی ناردووە و خۆدی نوسەرەکە لەگەڵ نوسینەکەدا بڵاوی کردۆتەوە هاک بکرێت و هەرچی زانیاری ناو کۆمپیتەرەکە هەیە بدزرێت. لەهەمان کاتدا هەوڵ بدەن بچنە نێو سێرڤەرەکانی کوردستان پۆست و کوردستان نێت، هەروەها تیمێکی

دیکەی ئای پی هەوڵ بدەن لە ڕێگای هاککردنی ئیمەیلەکانی عومەر فارس و مستەفای حەسەن گەوەرەوە بتوانن شتێکیان چنگ کەوێت، سەرباری ئەوەش بە زەبری پارە و هەڕەشە ناچاریان بکەن وتارەکان لابەرن.

**سێیەم-** لە ڕێگای هەمان ئی مەیلەوە بەردەوام بن لەسەر ئیستفزازکردنی نوسەرەکە بۆ ئەوەی بخرێتە قسەو شتێک بدرکێنێت ئاسانکاری بکات بۆمان. هەروەها لە ڕێگای وەڵامدانەوە لە خودی کوردستان پۆست و کوردستان نێتەوە بتوانن بە جنێودان و ئیهانەکردن ئەو کەسە بخەنە قسە و توشی کاردانەوەی بکەن. هەر ئەوەندەی تورەکراو توشی کاردانەوە کرا ئیتر دۆزینەوەی ئاسانتر دەبێت و هەنگاوێک کاری ئێمە ئاسان تر دەبێت.

**چوارەم–** هەموو سەرچاوەکانی پاراستن لە هەموو بەشەکان ئاگادار بکرێنەوە کە هەرکەس گومانی لە هەر کەسێک هەیە نوسەری ئەو بابەتە بێت با راستەوخۆ راپۆرت بنوسێت و هەوڵ بدرێت بەزووترین کات لە ڕێگای کۆکردنەوەی زانیاری سەرەداوەکان ئاشکرا بکرێن.

بەهەرچوار ئاراستەکەدا کارکرا، سێ کەسی ئای تی دیاریکران بۆ ئەوەی کارەکانی ئای تی بکەن، کەسێکیش دانرا بۆ ئەوەی مەسەلەی پەیوەندیەکان لەگەڵ عومەر فارس و مستەفای حەسەن گەورە بکەن، بۆ ئەم کارە پاراستنی درەوەی وڵاتیش ئاگادار کرایەوە بە تایبەت لە هۆڵەندا و ئەڵمانیا. سەبارەت بە خاڵی

سێیەم بڕیاردرا پەیوەندی بە ئاریان فەرەج بکرێت لەدەرەوەی دەزگای پاراستن. ئاریان فەرەج خۆی پەیوەندی راستەوخۆی بە پاراستنەوە هەیە و لە بوارەکانی رۆشنبیری و زانیاری ناو کۆڕو کۆبوونەوەو گوتاری سیاسی و ئاراستەکراو، وەک راوێژکردن و کاری راستەوخۆ لە پاراستنی ناو شاری هەولێر کاردەکات. سەرەتا ئاریان فەرەج شیکارێکی زمانەوانی بۆ نوسینەکەکرد و لەو باوەڕدا بوو کە ئەو نوسینە لە سلێمانی و کەسێکی سلێمانی نوسیویەتی و نەوشیروان مستەفا رایسپاردووە. ئاریان فەرەج لەو باوەڕەدا بوو کە کورتکردنەوەی ناوی سەردەشت بۆ سەرۆ تەنها وەک فێڵکردن و بۆ بەلاڕێدا بردنی هەوڵەکانی دۆزینەوەی ئەو نوسەرەیە. بۆیە داوای لێکردن کە لە ناو سلێمانی بەشوێن سەردەشت بگەڕێن. بەڵام بێگومان ئەم شیکاریە ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە ئاریان فەرەج کورتبینەو ئاگای لەدەرەوەی پارتی نەماوەو لە خەڵک و شاری سلێمانی دابڕاوە... بەڵام ئاریان فەرەج خزمەتێکی یەکجار گەورەی بە پاراستن کرد و لەلایەکی ترەوە دەستی هەبوو لە دۆزینەوەو بەکوشتدانی سەردەشت عوسمان.

ئاریان فەرەج نوسەری بەشێک لە وتارە ئیستفزازیەکانی راگەیاندنی پارتی یە، ئەو کاتە ئەندامی دەزگای راگەیاندنی پارتی بوو. لە شەڕی ناوخۆدا رۆڵێکی زۆر خراپ و دژواری بینی لە توندکردنەوەی ململانێ ی ناوبازاڕ و نزمکردنەوەی تەواوی ئاستی میدیایی و رۆشنبیری و راگەیاندن.

ئاریـان فەرەج لـە ئیسـتفزازکردن و شـکاندنی خـەڵکـی بەرامبەر و توانج و پلار دەستێکی باڵای هەیە. بۆیە بە نـاوی خـوازراوی (ئـەڤـین عـومـەر) هەسـتا بە نوسـینی وتـارێکی بـازاڕی و ئاست نزم بە ناونیشانی (وەڵامێک بـۆ نوسـەرە جنێـو فرۆشـەکەی کوردسـتان پۆسـت) . ئامانجی ئەم وتارە هەروەک لە نەخشەکەدا گوترابـوو، ئەوەبـوو کە یەکەم سەردەشت عوسمان بـخـەنە قسـە و دووەمیش بەناوی ئافرەتەوە زیاتر شێت و شوری بکەن و تەشویقی بکەن بۆ وەڵام دانەوە، چونکە لە دواجاردا ئەمە کوڕێکی شەرقی کەبت کراوە و بە ناوهێنانی کچ و ئافرەت زیاتر واوەیلا دەبێت. لەملاشەوە بەشەکانی دیکەی پلانەکە جێبەجێ دەکران...

پـاش مـاوەیەک لە دەسـتبەکاربوونی دەزگـای بەد نـاوی پاراسـتن وەک ئەوەی بەشـوێن گەورەتـرین دەسـتکەوتی نەتەوەیـی یـاخود کوردسـتانی بـن، وەک ئەوەی هەوڵ بـدەن ئەنفـال چیەکـان بـدۆزنەوەو ئیختیتافیـان بـکەن، وەک ئەوەی گەورەتـرین پلان بـۆ پاراسـتنی ناوچەدابڕاوەکـان بـکەن، وەک تەونـی جاڵجـاڵۆکە کەوتـنە چنینـی تۆڕەکـان بـۆ ئەوەی نێچیرەدامـاوەکە بـخەنە داو... پاش ئەو مـاوەیە ئیتـر بەشی یەکەم لە پیلانەکە سەریگرت و زۆر بە ئاسانی توانیـان دەستکەوتێکی نەتەوەیـی زۆر مەزن بـۆ مێـژوو تۆمـار بکەن و سەردەشت عوسمانی دامـاو بدۆزنەوە... بەڵام چۆن ئەمەیان کرد؟

**دۆزینەوەی سەردەشت عوسمان:-**

لەدوای ماوەیەک لە کارکردن تۆڕەکەی پاراستن توانی بگاتە ئەم دەستکەوت و زانیاریانە:-

یەکەم- نەزانراوە داخۆ کوردستان پۆست یاخود کوردستان نێت، یاخود هەردوکیان پێکەوە هاوبەش بوون لە فرۆشتنی ئای پی ئادرەسی ئەو کۆمپیتەرەی کە ئی مەیڵەکانی سەردەشتی لێوە رەوانە کروان بۆ ئەو دوو پێگەیە. لە رێگای دۆزینەوەی ئای پی ئادرەسەکەوە توانییان بگەنە ئەوشوێنەی کە تیایدا ئەو ئای پی ئادرەسە لۆگ ئین کراوە. شوێنەکە سەنتەرێکی ئەنتەرنێت بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەنتەرەکان هێڵی قاچاخ بەکاردێنن و زۆر جاریش هێڵی یەکتریان دەدزی نەتوانراوە بزانرێت کام لە سەنتەرەکان بووە، بەهەرحاڵ شوێنەکە لە نزیک کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بووە، ئەمەش لە کن تیمەکە گومانی ئەوەی رەواندەوە کە خاوەنی ئە.و ئیمەیلە خوێندکاری کۆلێژی ئادابە لە زانکۆی سەلاحەدین نەک خەڵکی سلێمانی و دانیشتوی ئەو شارەبێت وەک ئاریان فەرەج پێشبینی کردبوو...

ئەو تیمەی لە ئای پی ئادرەسەکە و دروستی ونادروستی ئیمەیڵە لە لای کوردستان پۆست و کوردستان نێت دڵنیابوونەوە، بەهەمان شێوە توانیان وتارەکانیش لەو پێگانە بسڕنەوە. لێرە بەدواوە هەنگاوی دووەم بۆ خستنە داوی سەردەشت عوسمان

دەستپیدەکات. ئاریان فەرەج وتارێک لە ژێر ناوی خوازراوی ئەڤین عومەر بەناوی (وەڵامێک بۆ نوسەرە جنێوفرۆشەکەی کوردستان پۆست) لە رۆژی ٢٠-١٢-٢٠٠٩ دا بڵاو دەکاتەوە. ئەم وتارە جگە لەوەی سەردەشت عوسمان بە ترسنۆک و بودەڵەو پیاوی نەوشیراون مستەفا ناو دەبات، تەحەدای دەکات کە ئەگەر ترسنۆک و نامەرد نیە و ناترسێ با رووی راستەقینەی خۆی نیشانبدات و ماسکەکەی سەر دەموچاوی لابەرێت. سەردەشت عوسمان جگە لەو نوسینەش دەیان ئیمەیڵی بۆ رەوانە دەکرێت و بەتەواوی سەرشێت دەبێت و لەبەر کەم تەجروبەیی و بێ ئاگایی لە دڕندەییماڵی بارزانی و ئەو چاڵەی کە بۆیان هەڵکەندووە تەواو مەوزونیەتی خۆی لەدەست دەدات و بەدەستی خۆی، پەتەکە دەخاتە گەردەنی خۆی...

سەرشێتکردنی رۆژانەی سەردەشت عوسمان بەردەوام دەبێت تا ئەویش دواجار لە رۆژی ٢-١-٢٠١٠ بەئاشکراو بەناوی خۆی وتارێکی نوێ بەناوی (نەسەرۆک خوایە، نە کچەکەی) بڵاو دەکاتەوە، سەرۆ ئەم وتارە بە وێنەی خۆی و ناونیشانی خۆی بڵاودەکاتەوە، ماسکەکەی سەر دەموچاوی فڕە دەدات، راستەوراست ئە و کارە دەکات کە پاراستنی پارتی و نوسەرەکە لێی داوا دەکەن، سەردەشت ئەمە بە جوامێری و ئازایەتی دەزانێت ... ئیتر ئاشکرا بوو کە ئەم نوسەرە ناوی سەردەشت عوسمانە و خوێندکاری

کۆلێژی ئادابە لەزانکۆی سەلاحەدین و تەمەنی ٢٣ ساڵە و بە ناوی راستەقینەی خۆی لە چەند پێگەی دیکەی وەک سامال پۆست، بابەتی بڵاوکردۆتەوەو لەبواری وەرگێڕان و نوسیندا کاردەکات. ئەمەش دەقی ئەو نوسینەیە:-

**نەسەرۆک خوایەو نەکچەکەی:-**

**ئێرە ئەم وڵاتەیە کە نابێت بە سەرۆکەکەت بڵێی موچەکەت چەندە؟ بۆ کوڕو نەوە و خزم و کەسوکارت ئەم هەموو پۆستە سەربازی و حکومییەیان پێدراوە؟ نەوەکانت ئەم هەموو سامانەیان لەکوێ بوو؟ جا ئەگەر یەکێک جورئەتی ئەوەی کرد و ئەم پرسیارانە بکات، ئەوا سنووری ئەمنی قەومی وڵاتەکەی بەزاندووە و دەکەوێتە بەر رەحمەتی تفەنگ و قەڵەمەکانی ئەوان، بۆ منیش کە لەیەکێک لە نووسینەکانما ناوی کچەکەی بارزانیم هێناوە ئەوا یەکێک لە هێڵە سوورەکانی وڵات و ئەخلاق و ئەدەبیاتی راگەیاندنم بەزاندووە.**

**دیموکراسییەتەکەی ئەم وڵاتە وایە نابێت لە جامانەی سور و گۆچانەکان بدەیت، ئەگەر هات و کەوتیتە هەڵەیەکی ئاواوە ئەوا ئەوانیش رێگەچارەی خۆیان هەیە کە زۆربەمان ئەزانین چین. نازانم کچەکەی سەرۆکی ئەم هەرێمە ئەبێت راهیبە بێت، کە نابێت کەس عاشقی بێت، یان ئەویش موقەدەسە و دەبێت وەک سیمبوڵێکی نەتەوەییمان بمێنێتەوە؟ ئەبێ مەترسییەکانی نووسینێک چیبێت کە بە شێوەیەکی کۆمیدیا رەگەزێکی گرنگی ئەدەبیات و هونەرە باس لە سەرۆک بکەین؟**

هەر هەموومـان فیلمـی دیکتـاتۆی مەزنـی چـارلی چاپلینمـان بینیوە کە بە کۆمێدیا چ ئازارێک نیشانی دونیا دەدات.
لەبەر ئەوەی زۆرێـــک لەم ئـــیمەیلانەی بـــۆم هـــاتبوو هەڕەشـەیان دەکـرد و داوای وێـنە و ناسـنامەیان دەکـرد وەک ئەوەی شـوفێرێک بـم و لە ترافیکـی سـوورم دابێـت، منـیش وێـنەی خـۆم بـۆ هەمـوو ئەو بـرادەرانە نـارد، کە دەبێـت چ کارێکیـان بە وێـنەک هـەبێت؟ بەڵام ئەم نووسـینە تەنیـا بـۆ وەڵامـی یەکێکیـانە، کە بـوێری ئەوەی تیـادا بـوو بەنـاوی کچـێکەوە لە سـەرم بنووسـێت، سـەرەڕای هەمـوو شـتێک مـن دەستخۆشـی لێـدەکەم کە جـورئەتی ئەوەی تیـابووە وەڵامـم بـداتەوە، بەڵام تکـا دەکەم ئەگەر ئەمجـارە ویسـتی وەڵامـم بـاتەوە بـا وەک گەنجێکـی ئەم وڵاتە بمناسـێنێت و نەمخـاتە چوارچێوەی نەوشیروانیزمەوە، راستە من دەنگم بـۆی داوە لە کـاتی هەڵبژاردنەکانـدا، زۆر بە جـدی پاڵپشـتی ئەو بـووم و دەنگم لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان بۆ کـۆدەکردەوە، بەڵام ئەمـانە هەمـووی لە چوارچێـوەی مەبـادئێکەوە بـوو کە پێموابـوو "شـــەیتان بە قوتابییەکـانی شـەیتان بگـۆڕینەوە بـۆ ئێمـە قازانجە"، ئەگەرنا لەهەر کاتێکی گونجاودا بـزانم خـزمەت بە تاڵەبـانی و بـارزانی ناکـات ئەوا یەکەمـین کەسـم زۆر بە توونـدی بڵـێم تـۆ بەشـێکی لەم مێـژووەی کە ئـێمە رقمـان لێیەتـی، لەبەر ئەوەی تـۆش وەکوو هەموویـان داوای ئەوەت کردبـوو کە لەژێرنـاوی خـۆم و وێـنەی خۆمـدا بنووسـم، پێمخۆشبوو وێنەیەکت بـۆ بنێرم بەڵام تـۆ خـۆت ئـیمەیڵەکەت لەژێر وەڵامەکەت نەنـاردبوو بـۆیە بمبـوورە ئەمە سوچی مـن نەبـوو، لە ئێسـتاوە مـن وەک کـوڕێکی بـێ موبـالاتی

**شـەقامەکانی هەولێـر ببیـنە، کە یـاخییە لەم هەمـوو بـت و پەیکەرانەی سوڵتەی ئەم وڵاتە، وەکوو ئیبـراهیم چـاوەڕوانی دەرفەتێکین تا هەموویان خاپووربکەین، دڵنیاش بە من ئەهلی ناوی درۆینە نیم.**

**ئەم بابەتە وەڵامێکە بۆ یەکێک لەم نووسینانەی لە کوردستان نێـت ئەڤـین ناوێـک نووسـیبووی لەژێـر نـاوی وەڵامـێم بـۆ نووسەرە جنێوفرۆشەکەی کوردستانپۆست.**

لێـرەدا نوسـینەکەی سەردەشـت عوسـمان کە دووەم جاری دەبێت لە کوردستان پۆست بڵاو دەکاتەوە. ئیتر دوابەدوای ئەوە سەردەشت عوسمان بەناوبانگ دەبێت، لە لایەن هەموو کەسێکەوە دەناسرێت، دۆست و دوژمن بۆیـان ئاشـکرا دەبێـت کە پـاڵەوانی تەحـداکردنی بنەمـاڵەی بـارزانی و بەگـژا چـوونەوەی هەژموونیـان ئەمە، خۆیەتی...

ئێستا بـارودۆخەکە بەمجـۆرەیە: کەسێکی ناسـراو، بـۆتە سـەرەکیترین ئامـانجی دەزگـای پاراسـتن، نەک وێـنەو ئـادرەس و شـوێنی ژیـانی زانـراوە، بەڵکـو هاوشـێوەی کـارژۆلەیەکی پەراگەنـدەی تەمەن چەنـد بەهارێـک، بـێ ئاگـایە لەوەی چـواردەوری بە گـورگ تەنراوەو کەڵبەکانیان ئامادەیە بۆ ئەوەی هەر کاتێک بیانەوێت بیچەقێننە نێو جەستەی کاڵی.. بە تەلەفۆن، بە ئیمەیڵ، بە کورتە نامە هەڕەشەی مەرگی لێدەکەن، لەملاشەوە لەنێو کارژۆلەکانی هاوڕێیدا وەک نمونەی ئازایەتی وجوامێری تەماشای دەکرێت...

سەردەشت بەردەوام و خولەک بە خولەک چاودێری دەکرا، ژیانی بەتەواوی لێتاڵ دەکرێت، یەکەم کەس هانا بۆ راگری کۆلیژەکەی خۆیان دەبات، کە هەڕەشە لەسەر ژیانی هەیە، بەردەوام تەهدید دەکرێت، بە ژمارەی شاراوەی مۆبایل، بە ژمارەی دەرەوەی وڵات، چەندین کورتە نامە و ئی مەیلی هەڕەشەی بۆ هاتووە، بەڵام راگری کۆلێژ خۆی لە کارەکە ناگەیەنێت و دەڵێت ئەمە کاری پۆلیسە نەک ئێمە. سەردەشت بە ناچاری دەچیت بۆ لای بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر لیوا عەبدولخالق تەلعەت، ئەویش بەهەمان شێوە ئارامی دەکاتەوە و هەڕەشەکان بە کاری ناحەزان و هەندێک کێشەی شەخسی بچوک ناودەبات، دواتر ئارامتری دەکاتەوەو پێ ی دەڵێت مەترسە هەولێر ئارامە وکاری وا لەهەولێردا ناکرێت!...

هەڕەشە لە کوشتنی سەرۆ بەردەوام دەبێت، بنەماڵەی بارزانی هێندە توشی هستریا ببوون، هەرچی بەکرێگیراوی خۆیانە لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات بۆ ناردنی هەڕەشەی کوشتن راسپاردوو. سەردەشت عوسمان ئیتر وەک ئەوەی ئیحساسەکانی خۆی ئاگاداری بکەنەوە، هێواش هیواش تێدەگات کە ئەم هەڕەشانە هەروا ئاسایی نین و دەچنە واری جێبەجێکردنەوە بۆیە بە ئاشکراتر دەنوسێت:-

**یەکەمین زەنگی کوشتنم لێدرا:-**

رۆژی ٢٠-١-٢٠١٠ سەردەشت عوسمان وەک زەنگی ئاگادارکردنەوە، دوای ئەوەی هیچ کەس بەهانایەوە ناچێت، دوای ئەوەی بێ ئومێد دەبێت لەوەی کە دەزگاکانی پۆلیس و حکومەت (ئەوانەی بنەماڵەی بارزانی لە کۆبوونەوەکەی خۆیاندا بە قۆندەرە ناویان بردبوون) هیچی بۆ ناکەن، بڕیاریدا بە ئاشکرا باسی تەلەفۆن و نامەکان و هەڕەشەکانی سەر ژیانی بۆ رایگشتی بکات، بەڵکو ئەمە بتوانێت بنەماڵەی بەرزانی رابگرێت. ئەمەش دەقاودەق ئەو نوسینەیە کە لەهەمان پێگەی کوردستان پۆست بڵاوکرایەوە:-

**لەچەند رۆژی رابردوودا بۆ یەکەمین جار پێیان گوتم، کە تەمەنت چەندی نەماوە، یان بەگوتەی خۆیان مۆڵەتی هەناسەدانم لەم شارەدا نەماوە، بەڵام نە باکم بەمردنە و نە ئازاردان، لەچاوەڕوانی کۆتاییهاتنی مۆڵەتەکەمم تا دیداری بکوژەکانی خۆم بکەم، دوعاش دەکەم مردنێکی تراژیدیام پێببەخشن کە شایستەی ژیانە تراژیدیاکەم بێت. بۆیە ئەم قسانە دەکەم تابزانن گەنجەکانی ئەم وڵاتە چ هۆلیسۆسێکن و مردن سادەترین هەڵبژاردنیانە، بۆئەوەی تێبگەن کە ئەوەی ئێمە دەترسێنێت بەردەوامی ئەم رۆژگارەی ئێستایە بۆ نەوەیەکی داهاتوو، نەک مردنی خۆمان، کاری منیش خۆشبەختی برا بچوکەکانمە، نەک خۆم.**

**زۆر بەسادەییش تاکە هۆکاری نیگەرانی من لەم هەڕەشانە ئەوەیە، کە هێشتا زۆرشت ماون قسەیان لەسەربکەین و هەر**

ئاوا بەجێیان بهێڵین. بەدبەختی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە، کە باکی بەمردنی نەوەکانی خۆی نییە. دوێنی راگری کۆلێژەکەم ئاگادار کردەوە، کە شەوی رابردوو ئیهانە و تەهدیدی کوشتنیان کردووم، بەڵام ئەو وتی ئەمە کێشەی پۆلیسە، نازانم ئەبێت لەم سەر زەمینە وڵاتێک هەبێت، کە خوێنکارێکی زانکۆکەی هەڕەشەی کووشتنی بکرێت و زانکۆش بێموبالاتانە بە دیار ریسوایی خۆیەوە دابنیشێت؟ دەبوو راگرەکەم کەیسی من بکات بە کەیسی خۆی، یان خوودی زانکۆ، چونکە من لە ئێستادا بەشێکم لەم زانکۆیە، بەڵام هەرگیز تووشی شۆک نەبووم، چونکە دەمێکە دەزانم کە زانکۆی ئەم وڵاتەماڵی ئاسوودەیی ئێمە نین. دوای ئەوەش پەیوەندیم بەعمید عەبدولخالقی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێرەوە کرد پێمی گووت" لەوانەیە ئەم ژمارەی مۆبایلە هی دەرەوەی وڵات بێت، یان کێشەیەکی شەخسی بێت، لەوانەیە چەند جارێکی دیکەش دووبارە بێتەوە، بەڵام هەولێر ئارامە و شتی ئاوای تیادا روونادات". بەزەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزەوە خەیاڵم کرد بەقسەی جەنابی بەڕێوەبەر بێت لەوانەیە سارکۆزی بێت ئەم هەڕەشانەی کردبێت، ئاخر من چۆن لەگیانی خۆم دڵنیابم، کە چەند رۆژێکە هاوڕێیەکم لەسەر چەند نووسینێکەوە درایە بەر شەق و ناچاربوو، ئەم شارەجێبێڵێت؟ هەرچی بێت من لەم شارەناڕۆم و لەچاوەڕوانی دیداری مردنی خۆم دادەنیشم. ئەزانم ئەمە یەکەمین زەنگی مردنی خۆمە کە لەکۆتاییدا دەبێت بەزەنگێک بۆ گەنجەکانی ئەم مەملەکەتە، بەڵام ئیدی ئەمجارە نەسکاڵا تۆمار دەکەم و نەلایەنە بەرپرسەکان ئاگادار

**دەکەمـەوە، هەنگاوێکـە ناومـە و ئازارەکەشـی خـۆم ئەیگرمـە ئەستۆ، ئیدی بۆ من لەداهاتوودا هەر وشەیەک کە دەینووسم وابیردەکەمەوە، کە دواهەمین وشەبێت لەژیانمدا، بۆیە هـەوڵ دەدەم هێنـدەی حـەزرەتی مەسـیح راسـتگۆبم لـەگوتـەکانما، خۆشحاڵیشم، کە هەمیشە شتێکم هەیە بۆ گوتن و کەسانێک نایانـەوێت بیبیسـتن، بـەڵام هـەرکاتێک ئێمـە بەچرپـە قسـە دەکـەین ئـەوا ئـەوان گوێچکـەکانیان نائـارام دەبـن. تـا ئـەو شـوێنەی کـە مـاوین ئـەبێت قسـەبکەین، لـەو شـوێنەش، کـە تەمەنمان کۆتاییهات با هاوڕێکەم خـاڵێکم بـۆ دابنێـت و بێتـە سەر دێڕێکی نوێ و سەر لەنوێ دەستپێبکاتەوە.**

نوسینـەکەی سـەردەشتی جـوانـەمـەرگ لێـرەدا کۆتـایـی دێت.. بـەڵام قسـەکانـی ئـێمـە رێـک، بـەردەوام بـوونـی دوا وشــەی سـەردەشــت خــۆیـەتی ئـەو داوا دەکــات لـەکــوێ کۆتــایی بە دەنــگ و وشــەی ئـەو هــات ، ئـێمـە لـەوێـدا خـاڵێـک دابنێـین و بێیـنـەوە ســەری دێـڕ و دەسـت بە نوســین بکـەیــنـەوە.... هـەرواش دەکـەیــن، هـەرگیـــز قســـەکانمان تـەواو نـــابن، سـەردەشـــت بـەردەوام دەنوسێت....

هـەروەک لـەو نوســینـەدا بۆمـــان ئـاشــکرا دەبێــت، سـەردەشــت بێبــاکە لـەوەی بنـەمــاڵـەی بــارزانی چــی بـەرامــبـەری دەکـەن، ئـەو دەیتــوانی مــاوەیـەک شــوێنی خۆی بگۆڕێت و ناونیشانی خۆی بزر بکات، یان لانیکەم بــۆ دەرەوەی وڵات، یــان هـەر شــوێنێکی تــر بڕۆشــتبا، رەنـــگە بـەم کــارەی ســەرتاپا پــیلانـەکەی دەزگـــای پاراستنی بنـەماڵـە تێکبچوایە، بـەڵام لـەبـەر ئـەوەی کوڕە

هەژار بوو خاوەنی هیچ نەبوو جگە لە قەڵەمێک و چاکەتێکی نیللی لە هیچ نەدەترساو باکی نەبوو، لە چاوەڕوانی دیداری مەرگی خۆیدا بوو... لەملاشەوە سوکایەتیکردن بە سەردەشت و هەڕەشەکان بەردەوام دەبوون. لە ٢٩-١-٢٠١٠ سەردەشت سەرلەنوێ بێباکانە لە هەڕەشەکان وتارێکی تری بەناوی (هەموو راکەن شوکر ئازادیمان بۆ هات)، لە کوردستان پۆست بڵاو کردەوە.

**هەموو راکەن ئازادیی هات ...**

**سەرۆ زەردەشت**

**ئێمە بەدیار بەردێکەوە دانیشتووین و چاوەڕوانی هەڵێنانیشین، وەلی خەریکە عومری نەوەیەک بەڕێدەکەین جورئەتی ئەوە ناکەین کە دەست بۆ ئەم توحفەیە ببکەین تا بزانین ئایە بەردە یان هێلکە، چونکە پێمان وایە کە زۆرناسکەو لەوانەیە بشکێت. بەڵام نەوەیەک حەزدەکات ماهییەتی ئەم توحفەیە کەشف بکات کە میللەتێکیان پێوەسەرقاڵکردووە. ئەمە ئەو ئازادییەیە کە دەبێت لەسەری دابنیشین و گومان لەبوونی نەکەین، بەڵام هەرگیز ئەو پرسیارە نەکەوتۆتە سەری پیاوەکانی دەسەڵاتەوە کە نەوەکانی ئەم مەملەکەتە لەچی رادەکەن؟ ئایە ئەوە ئازادییە کە گەنجەکانی ئەم وڵاتە راودەنێت یا تاعونەکەی ئەوانە کە بە ئازادی پێمانی دەفرۆشنەوە؟ بەدبەختی و کڵۆڵی ئەم پیاوە بچوکانەی دەسەڵات ئەوەندەیە کە پێیان وایە لەبەر ئەوەی دەتوانین قسەبکەین کەواتە ئازادی هەیە، ئەی سیاسەتمەدارانی کورد دەکرێت بپرسین ئەی دوای**

ئـازادی چـی؟ کوشـتن یـان لێـدان یـان نـانبڕین؟ ئـەوە نائـارامی هەنـــدێک ڕۆحـــی کـــوردە کـــە نۆکـــەری قەبووڵناکـــەن نـــەک ئازادییەکەی سوڵتەی کوردی، هەرچی بەرهـەمی ئـازادی تفـەنگ بەدەسـتەکانە بـریتین لـە کۆمـەڵێک ڕەعییـەت و لەشـکرێک لـە پیاوی نۆکەر. وەلی نە قوڕگی ئێمە ئەوەندە بچووکـە تـا لەسـەر خوانی ناشیرینی ئـەوان دابنیشـین و خـەریکی خـواردنی تیکـەی شەرمەزاری بـین، نـە نـوێژ بـۆ خوداکـەی ئـەوانیش دەکـەین تـا بڕۆینە سەر بەرماڵەکەی ئەوان، وەلی ئەوان بە ئازارەکانی ئێمە دڵخۆشـن. بـەڵام بەدبـەختی ئـەوانیش لێرەوەیـە کـە وادەزانـن ئـەتوانن ئازارمـان بـدەن، کـەچی ئێمـە دەمێکـە پێمـانوتوون کـە بمانبەخشـن حـەزمان بـەم ژیانـە نییـە ئـەوان بۆمـانی دروسـت دەکەن.

هەمیشـە پێموابـووە ئەوانـەی ئێسـتا دەیانـەوێت ستاییشـیان بکەین بەیانی داوای جنێو و شـەڕی ئـەوانی دیکـەمان لێدەکـەن، لەوانەشـە بـۆ ئـەوان کـارێکی ئاسـایی بێـت کـە هـەموو ڕۆژێـک ئاوازێکی ناشیرینتر لـە دوێنـی بچـڕن، بـەڵام بـۆ ئەوەیـەک کـە جوامێری لە ئیرادەیەتی مانای شەرمەزارییە.

ئەوە کاری ئێمە نییە ئەمڕۆ بڵێین نێچیرڤان پیاوی سیاسـەتە و بـــەیانیش هەڵســـینەوە ســـەرەی دکتـــۆر بەرهـــەم بێـــت تـــا پێیهەڵبڵێین، کاری ئێمەش ئەوە نییە سەرینەکەمان هـەر ڕۆژە و لای بەرپرسێک جێبێڵین و خەریکی میکیاجکردنی ناشیرینببەکانی ئـەم و ئـەو بـین، کەسـانێکین نـە کوردمـان کوشـتووە و نـە بانگەوازی کورد کوژیمان کردووە، وەلی ئەو شوێنەی ئەو پیـاوە ناشـــیرینانەی لێدابنیشـــێت هـــەزار میـــل دووردەکەوینـــەوە. لەهەرشوێنێکدا بزانین دەنگی ئێمـەی پێویسـتە پڕبـە گـەروومان

**هاوار دەكەین، لەهەر جێگایەكیشدا زانیمان شوێنی ئێمە نییە لێدەگەڕێین با پیاوە حیزبییەكان یەكتر سووك بكەن، بەڵام لەهەر چركەیەكدا هەڵبكەوێت ئێمە مێژوویان بیردەخەینەوە تا خۆیان بیرنەچێتەوە. دەبێت زوو زوو بیریانبخەینەوە كە نە ئێوە فیگەری ئازادین، نە ئەوە ئێوەن شەڕی ئازادیتان كرد، ئەوە باوك و براكانی ئێمە بوون بۆ ئازادی مردن و ئێوەش خەریكن بەشەرمەزاری خوانەكەی دەخۆن. لەوانەیەی كاری ئێمە هەر ئەوەندە بێت كە بزانین ئەوە چییە لەسەری دانیشتووین كە جگە لە بەدبەختی هیچی بۆ ئەم وڵاتە پێنییە، بە ئاراستەیەكی دیكە لەوانەیە هەموو دەنگی ئێمە بۆ ئەوەبێت كە تێبگەین ئەوەی ئێمە لەسەری پاڵكەوتووین و دڵخۆشین پێی بەردە یان هێلكە یان لوغم، بۆیە ئیشی بەردەوامی ئێمە ئەوەیە كە هەمیشە بەرد بگرینە ئەو توحفەیە كە كەسانگەلێك ماچی دەكەن.**

لەم وتارەدا سەردەشت عوسمان زیاتر لەجاران رەخنەی توند و زەقتری ئاراستەی بنەماڵەی بارزانی كرد. لە سەرەتای مانگی چوار و چەند رۆژێكی زۆر كەم بەرلەوەی سەردەشت بە چارەنوسی خۆی بگات، وتارێكی دیكەی بەناونیشانی (سەردەمی شكستەكانی كوسرەت دەستیپێكرد) بەهاوبەشی لەگەڵ كەسێكی دیكە بەناوی خێڵان بەختیار، بڵاوكردەوە. خێڵان كە ئێستا لە دەرەوەی كوردستان و لەئەوروپا دەژی بەهەمان شێوەی سەردەشت ئی مەیڵی خۆی (xelan_84@yahoo.com) و ناوی راستەقینەی خۆی

بڵاوکردۆتەوە. ئەم پێشکەوتنە لە ڕەوتی نوسینی سەردەشت عوسمان هەندێک ڕاوەستان دەخوازێت:-

**یەکەم-** ئەگەر بەراوردی نوسینی یەکەمی سەردەشت عوسمان بکەین لەگەڵ نوسینەکانی دواتردا، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە جگە لە ناوەرۆکی بەگژداچوونەوەی ناعەدالەتی و تۆتالیتاریزمی بنەماڵەی بارزانی، کە بە زمانێکی سادەی گەنجێک گوزارشتی لێدەکات، ڕۆناچێتە نێو قولایی مەنهەجی ڕەخنەگرتنی سیاسی و ڕەوانبێژی نوسین و فکری سیاسی. لە کاتێکدا نوسینەکانی دواتری تا ڕادەیەک ئەو ڕێچکەیە لەخۆ دەگرن.

**دووەم–** دیاردەی نوسینی وتارێک لەلایەن دوو کەسەوە، دیاردەیەکی کەمە و باو نیە، چەند جارێک لەناو ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکاندا چەند کەسێک کە خۆیان بە بیرمەندو هزرڤان زانیوە، دووقۆڵی وتاریان نوسیووە. جا لاساییکردنەوەی سەردەشت و خێڵان بۆ ئەم کارە ڕەنگە ئاماژەی ئەوە بێت کە ئەوانە خۆیان وەکو بەرەیەکی گەنجان و هەڵگری مەشخەڵی بیری نوێ ی گەنجان زانیبێت، بە تایبەت کە سەردەشت لە زانکۆ و لەناو هەندێک شوێنی گەنجان وەکو هێمای ئازایەتی و چاونەترسی وێنای دەکرا.

**سێیەم -** هۆکاری پەڕینەوە لە ڕەخنەگرتن تەنها لە بنەماڵەی بارزانی، بۆ ڕەخنەگرتن لە کەسێکی دیکەی ناو حزبێکی دیکە، وەکو کۆسرەت ڕەسول، ڕەنگە بۆ ئەوە بووبێت کە نیشانی بدەن ئەمانە لەدژی تەواوی

دەسەڵاتن لە هەردوو زۆنی زەرد و سەوز، نەک بەتەنها دەسەڵاتی زەرد، بۆ ئەوەی بەلایەنگری یاخود چاوپۆشی لە زۆنی سەوز تۆمەتبار نەکرێن.

**چوارەم-** ئایا دەتوانین گومان لەوە بکەین کە دەستێکی نادیار سەردەشتی هانداوە بۆ ئەوەی بەدەستی بنەماڵەی بارزانی بەکوشتی بدات و لە پاڵ ئەوەدا خۆیان روداوەکە بۆ خۆیان وەبەربێنن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەتا ئێستا دیارو ئاشکرا نیە، بەڵام ئەوەی دیار و ئاشکرایەو قسەی لەسەر کراوە ئەوەیە کە لەنێوان کوردستان پۆست و کوردستان نێتدا، لە نێوان کەمال جەمال موختار و مستەفا حەسەن گەورە و عمر فارس عەزیز گەورەترین شەڕی بەرژەوەندی تایبەتی ودەستکەوتی مادی هەبووە، لەم کەیسەی سەردەشت عوسمانیشدا رۆڵی ئەم دوو وێب سایتە لانی کەم پاک و بێگەرد نیە.

**جێبەجێکردنی پیلانەکەو سەعاتی سفر:-**

با هەر لە خاڵی چوارەمی پێش ئەم پەرەگرافە دەستپیبکەینەوە، دوای بڵاوکردنەوەی وتارەکەی سەردەشت عوسمان بە هاوبەشی لەگەڵ خێلان، باشترین بەڵگەو تەوقیت بۆ بنەماڵەی بارزانی و پارستن دروستکرا، ئێستا کاتیەتی، لەبەر ئەوەی سەردەشت لە دژی کۆسرەت رەسول وتاری نوسیوەو کوسرەت رەسولیش خەڵکی هەمان شارەو بە کەسێکی پیاو کوژ ناسراوە، ئەوا بە ئاسانی دەستەچەورەکەی

خۆیـــان بەســـەر ئەودا دەســـڕن و بە یەک بەردان دوو کێشکان دەکوژن.

ئێستا ئیتر هەمـوو شتێک وەک رۆژی رونـاک وایـە بـۆ بنـەمـاڵـە، سەردەشـت کـوڕە هەژارە و هـیـچ عەشـرەت و هـۆزو خێڵێـک لـە پشـتی نـیە، هەمـوو رۆژێـک لـە یەک رێگـاوە، بەیەک جـۆر جلـوبەرگی دووبـارە، بە خـۆیی و لیڤێکس و هەندێک وەرەقەوە، لەهەمان سەعات و دەقە دەکەوێـتە رێگـا بـۆ کـۆلێژ، چەکـی پـێ نـیە جـگە لـە قەڵەمێکی جافی شین کە وەکو مەدالیا بەسەر گیرفانی سـنگیەوە دەبریسـکێتەوە. روخسـارێکی منـدالانەی فریشـتە ئاسـا کە وێـرای ئەوەی هەنگاوەکـانی مەرگ تەنهـا چەنـد مەترێـک لێـوەی دوورن کەچـی ئەو هەر پێدەکەنێت... سەردەشت وەکو خۆی نوسیبووی مەرگێکی تراژیـدیانەی مەسـیح ئاسـا لـە پشـتیەوە وەکـو سـێبەر بەبێ ئەوەی ئەم بزانێت بەدواوەی بوو.

دەزگای پاراستنی بنـەماڵـەی بارزانـی کە پێشـتر وەک باسمانکرد ژورێکی عەمەلیاتیان بۆ ئەم کـارە پڕبـایەخ و مێـژوویيە دانـابوو، هەمـوو ئامادەکاریەکانیـان بـۆ کوشتنی سەردەشت عوسمان تەواوکردبوو، تەنهـا هێنـدە مابوو کە سەعاتی سفر دانرێت... بە راوێژکردن لەگەڵ سـاسـان عەونـی بەرپـرس لـە ژوری ئۆپراسـیۆنەکانی پاراسـتن کـات و شـوێن دەستنیشـان دەکرێـت.. یەکەم نەخشە رۆژی ٣-٥-٢٠١٠ جێبەجێ دەکرێت، گەلەگورگ لـە پێســتی مەڕدا، هەریەکەی لـە ســوچێکەوە خـــۆی مەلاسداوە بـۆ گەیشـتنی سەردەشـت، تیمـی تـایبەت و

سەیارەی تایبەت دەستنیشانکراوە، بەڵام ڕێکەوت کارەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، کۆمەڵێک خوێندکاری هاوڕێ دەگەنە نزیکی سەردەشت و قەرەباڵەغی و ڕۆژباش گۆڕینەوە دروست دەبێت و خوێندکارێکی زۆری دیکەش لەو ناوەدا دەبن، سەرۆکی تیمی گورگان دەلورێنێت و فەرمانی پاشەکشە و دواخستنی ئۆپراسیۆنەکە دەردەکات ...

**ئۆپراسیۆنی گەلەگورگ:-**

ڕۆژی دادێ واتە ٤-٥-٢٠١٠ ئەو ڕۆژە بوو کە تیمەکەی ئۆپراسیۆن بەشی یەکەمی کارەکەی خۆیان تەواو کرد. ئۆتۆمبیلێکی سپی ڕەنگ، جۆری ڤان کە دەرگای سلایدە و زۆر لە ئۆتۆمبیلی ئامبولانس دەچێت، هێواش و لەسەر خۆ لە دووری چەند مەترێکەوە بە تەنیشت شۆستەکەدا بەهێواشی دێتە پێشێ، وێرای شۆفێرەکە کە جگەلە دەمانچەیەک کلاشنکۆفێکی لە تەنشت دەرگای سایەقەوە دانابوو، کەسێکی دیکەی چەکداری پاراستن لەدوای شۆفێرەکەوە بۆ کردنەوەی دەرگا دانرابوو. دووکەسی دیکەش بە هێواشی لەپشتی سەردەشت عوسمانەوە دەڕۆن و بەدەنگی بەرز قسە دەکەن و خۆیان وەک خوێندکاری کۆلیژەکە نیشاندەدەن و باسی خوێندن و مامۆستاکان دەکەن، بۆ ئەوەی نەوەک سەردەشت عوسمان گومان بکات و ڕێڕەوەکەی خۆی بگۆڕێت.

پلانەکە بەمجۆرەیە ، ئۆتۆمبیلە ڤانەکە بە هێواشی دێت تا دەگاتە جێگایەکی گونجاو کە نزیک بێت لە شۆستەکەو لە سەردەشتەوە، کەسی ناو ئۆتۆمبیلەکە دەرگاکە دەکاتەوەو دووکەسەکەی پشت سەردەشتیش بە ئانوساتێک پڕی پێدا دەکەن و بە دوو پاڵ دەیخەنە ناو سەیارەکە. کاتژمێر هەشت و پازدە خولەک کاتە گونجاوەکە دەبێت، ئۆتۆمبیلە ڤانەکە تەواو خۆی لە سۆشتەکە و سەردەشت نزیک دەکاتەوە، ئەوەی دواوە دەرگاکە دەکاتەوەو دوو کەسەکەی لەپشت سەردەشتەوە دەبن یەکسەر دەستبەکار دەبن و پاڵ بەسەردەشتەوە دەنێن بۆ ناو ڤانەکە، یەکێکیان لەدواوە سواردەبێت، لەگەڵ ئەوەی ناو سەیارەکە سەردەشت بێدەنگ و کۆنترۆڵ دەکەن، ئەوەی تریان بە پەلەپروزێ و هێندەی فریا بکەوێت و لیڤێکس و پەڕاوە کەوتووەکانی سەردەشت لەسەر شۆستەکە کۆدەکاتەوە، بەڵام هێشتا هەندێکی لێبەجێ دەمێنێت، لە پێشەوە دەرگا دەکاتەوەو لەتەنیشت شۆفێرەکەوە دادەنیشێت. سەردەشت لەماوەی تەنها ٣ چرکەدا دەبەن و دەڕۆن...

براکەی سەردەشت عوسمان بەناوی (هەژار عوسمان) لە سەروبەندی کوشتنی سەردەشتی برایدا مولازمی یەکەم بووە لە ئاسایشی هەولێر، پاش پێنج خولەک لە رووداوەکە یەکسەر دەگاتە شوێنەکە، براکەی سەردەشت بە پۆلیسەکانی بەردەم کۆلیژەکەی گوتووە بۆچی بەرامبەر بە رووداوی رفاندنی براکەی هیچ کاردانەوەیەکیان نەنواندووە؟ لەوەڵامدا ئەوان دەڵێن

چونکە فەرمانیان هەبووە کە لەو هەفتەیەدا تەدەخول لە رووداوەکانی دەرەوەی کۆلێژ نەکەن. ئەو پۆلیسانە جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئۆپراسیۆنی رفاندنەکە بە شێوەی بازنەیی بووە، واتە کۆمەڵێک کەس کارەکە جێبەجێ دەکەن و کۆمەڵێکی دیکەش ناوچەکە دەپارێزن. هەژار عوسمانی برای سەردەشت، ئەوکات بەرپرسی بەڕێوەبردنی بازنەکانی هەولێر بووە، بۆیە پەیوەندی کردووە بە هەموو بازگەکانی هەولێرەوە، بەڵام بێ سود بووە چونکە بە تێپەڕبوونی ئۆتۆمبلەکانی دەزگای پاراستن، ئاسایش بۆی نیە هیچ پرسیارێک بکات...

سەردەشت لە کاتژمێر ٨:١٥ خولەک کاتێک دەستگیر دەکرێت، بۆ ئەوەی کارەکە زۆر بەنهێنی بمێنێتەوە، نابرێتە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی، بەڵکو دەبرێتە شوێنێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە ی بەشی ئۆپراسیۆنەکانی دەزگای پاراستن لە شاری هەولێر. کاتژمێر ١١:١٥ بەرەو سەری رەش دەبرێتە دەرەوەی هەولێر، ئەو ئۆتۆمبیلانەی ئەویان بردۆتە دەرەوەی هەولێر تایبەت بوون بە بەشی پاراستنی ناو شاری هەولێر و جام تاریکن و لەهیچ خاڵێکی پشکنین ناوەستن.

چەتەکانی پاراستن لەناو کۆلێژی ئاداب هەموو پاسەوانەکانیان ئاگادارکردۆتەوە کە هەقی هیچ رووداوێکی بەردەرگای کۆلیژیان نەبێت.بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر عەبدالخالق تەلعەت، ئەو رۆژە

سەرجەم مەفرەزە گەڕۆکەکانی نزیک کۆلێژی لەوە ئاگادارکردۆتەوە کە ناوچەکانی نزیک زانکۆ چۆڵ بکەن، هەروەها هەمان ئەو هەفتەیە داوای لە پۆلیس و پاسەوانەکانی زانکۆ کردووە کە بەهیچ شێوەیەک خۆیان لەڕووداوەکانی دەوروبەری زانکۆ هەڵنەقورتێنن.

**بەشی دووەمی کارەکە:-**

پاش ئەوەی سەردەشت عوسمان دەڕفێنرێت، راستەوخۆ بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لە نەخشەکە، ئۆتۆمبیلە ڤانەکە بە خێرایی بەرەو ئەو شوێنە تایبەتە دەکەوێتە رێگا کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لە دەستگیرکراوەکانی بەشی ئۆپراسیۆن لەناو شاری هەولێر و دەوروبەری. ئەم شوێنە هیچ سیفەتێکی رەسمی نیە، بەڵکو بۆ ئەوەی خەڵکانی ئاسایی گومان لە هاتوچۆکانی نەکەن، ناوی کۆمپانیایەکی وەبەرهێنانی بیانی لەسەر نوسراوە و کەمترین کەسانیش هاتوچۆی دەکەن. ئەندامانی بەشی پاراستنی هەولێریش بەم شوێنە نازانن تەنها بەرپرس و جێگرەکەیی و بەرپرسی بەشی لێکۆڵینەوەکانی هەولێری پاراستن نەبێت کە لەهەردوو شوێن دەوام دەکات. ئۆتۆمبیلە ڤانەکە یەکسەر دەچێتە نێو باڵەخانەکەو لەوێ سەردەشت عوسمان دادەگرن و دەیبەنە ئەو ژورەی کە لەبەشی خوارەوەی ژێرزەمینی بیناکەدایەو بە ژوری سور ناوی براوەو تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی قورس و تایبەت.

ساسان عەونی بەرپرسی بەشی ئۆپراسیۆنەکان لەوێ خۆی چاوەڕوانی گەیشتنی سەردەشتی داماو دەکات، بە گەیشتنی سەردەشت بۆ ئەو شوێنە بەبێ ئەوەی تاقە یەک چرکەش ماوەی بدەنی بە هەموو شێوازێکی خراپ و نامرۆڤانە بە سەرپەرشتی خودی ساسان عەونی دەخرێتە ژێر ئەشکەنجە... ئەشکەنجەدانی سەردەشت بەجۆرێک دەبێت کە ئیتر لە یەکەمین پێنج خولەکدا بەردەوام لە هۆش خۆی دەچێت و دەرشێتەوە. ساسان عەونی لەگیرفانی خۆیدا نوسراوێک دەردەهێنێت و تەسلیم بە ئەشکەنجەکارانی دەکات. نوسراوەکە نزیکەی ٢٥ پرسیاری ئامادەکراوە سەبارەت بە سەردەشت عوسمان کە بەتەواوی نیشانی دەدات نەک تەنها بنەماڵەی بارزانی بەڵکو تەواوی دەزگای پاراستن و پارتیش لەم گەنجە بێ دەسەڵات و کورە هەژارە تۆقیون... بە جۆرێک تۆقیون کە هەر مەزەندە ناکرێت... ئەمەش ئەو پرسیارانەیە کە بەردەوام بەدەم ئەشکەنجە دان و ئاوکردن بەسەردا و دیسانەوە لێدان و دیسانەوە بە ئاگاهێنانەوەی سەردەشت ئاراستەی دەکرا:-

یەکەم- کێ یەکەم جار تۆی راسپارد ئەو شتانە بنوسیت؟

دووەم – کێ هاوکاری کردوویت؟

سێیەم- لە زانکۆ کام مامۆستا تۆی هانداوە؟

چوارەم – ئایا پەیوەندیت لەگەڵ کچی سەرۆک بارزانیدا هەبووە؟

پێنجەم- لەگەڵ کچی سەرۆک دیدارت هەبووە، تەلەفۆنت کردووە؟ یەکترتان دیوە؟
شەشەم- بۆچی لەسەر عائیلەی بارزانی دەنوسیت؟ نەتزانی ئاوا دەتگرن دەتکوژن و خوشک و دایکت ........؟
حەوتەم- پەیوەندیت لەگەڵ کوردستان پوست چۆنە؟
هەشتەم- چەند مەعلوماتی پارتی و هەولێرت ناردووە بۆ کوردستان پوست؟
نۆیەم- علاقەت لەگەڵ نەوشیروان مستەفا چۆنە؟
دەیەم- چەند جار پارەی داویتێ بۆ ئەوەی لەسەر ئێمە بنوسیت؟
یازدە- چەند جار لە سلێمانی نەوشیروات دیوە؟
دوازدە- لە کوێ دیوتە؟
سیازدە- علاقەتی تۆ لەگەل قادر حاجی عەلی چۆنە؟
چواردە- پارەی داوە بەتۆ؟
پازدە- راسپێردرابوویت چی بنوسی و لەسەر کێ بنوسیت؟
شازدە- علاقەی کوردستان پوست لەگەڵ نەوشیروان و قادرحاجی عەلی چۆنە؟ مانگی چەند پارەیان هەیە؟
هەڤدە- خێڵان چی تۆیە؟
هەژدە- تۆ لەگەڵ خێلان علاقەتان لەگەڵ کوسرەت رەسول هەیە؟
نوزدە- لە سلێمانی چاوتان بە کۆسرەت کەوتووە؟
بیست- لە کەیەوە تۆ ئەندامی یەکەتیت؟
بیست و یەک- تو جەلالیت یان یەکەتیت؟

بیست و دوو- لە یەکەتی کێ تۆی راسپارد ئەوانە بنوسیت؟
بیست وسێ- تۆ لەگەڵ ئیتلاعات کارت کردووە؟
بیست و چوار- مانگی چەند لە ئیتلاعات پارەت هەیە؟
بیست و پێنج- معلوماتی تر چیت هەیە نەتگوتووە بیڵێ.

سەرباری ئەوەی لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی ئەو پرسیارانە کاتی زۆری دەوێت و زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام یەک راستی زۆر گرنگ دەسەلمێنن ئەویش ئەوەیە بەڕێوەبەرانی ئەو دەزگایە زۆر دەبەنگ و کاڵ فامن و بەرامبەر بە گەل و میلەتی خۆیان جگە لە ئەشکەنجە و تۆمەتی بێ بنەما هیچی دیکە نازانن... بەدرێژایی نزیکەی دوو سەعات و نیو ئەشکەنجەی خێرای سەردەشت دەکرا، سەردەشت لەسەر وەڵامی چوارەم زۆری نەمابوو گیانی دەرچێت هێندە ئازاریان بەجەستەی لاوازی کرد... لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا گوتی هیچ کەس، لەوەڵامی پرسیاری دووەمدا گوتی هیچ کەس، لەوەڵامی پرسیاری سێیەمیشدا گوتی هیچ کەس، بەڵام لەوەڵامی پرسیاری چوارەمدا وەستا و داوای ئاوی کرد، بۆ ئەوەی وەڵام بداتەوە... جەلادەکانی ژور سەری سەردەشت یەکسەر ئاویان بۆ هێنا، ئەمە دوا قومە ئاو بوو کە سەردەشت لە ژیانی کورتی خۆیدا هێندە بە ئارامی و بە تام و چێژەوە بیخواتەوە. وەک ئەوەی سەردەشت بزانێت کە ئیتر نەک رۆژەکانی ژیانی بەڵکو خولەک و ساتەکانی

ژیانی زۆر کەم و دیاریکراو بوونەتەوە... سەردەشت بۆ ساتێک یەکە یەکە لە سیمای جەلادەکانی راما، ئەوانی وەکو جۆرێکی جیاواز لە مرۆڤی نەبینراو دەهاتە بەرچاو. سەردەشت حەپەسا لەنێوان واقع و خەیاڵدا کەوتە گومانەوە، تۆ بڵێ ی مرۆڤەکانی ئەستێرەیەکی تر نەبن ئاوا منیان بۆ ئێرە هێناوە؟ ئەی بۆ ئەوانە لە مرۆڤی ئاسایی ناچن. سەردەشت ئاهێکی قوڵی هەڵکێشا و بەدڵ لە خودا پاڕایەوە، خوادایە ئەگەر ئەمە تاقیکردنەوەی تۆیە بۆمن بەرگە ناگرم، ئەمانە سیمایان زۆر تەڵخ و تاریکە، ئەمانەت لە کوێ و لە چی خەلق کردووە، هەرئێستا هەموویان بۆ ناکەیت بەبەرد؟سەرنجەکانی سەردەشت بەردەوام بوون وەک ئەوەی بخوازێت سیمای نامۆ، چاوی نامۆ، دەم و دان و کەڵبەی جیاواز، گرمەی نەشازی ئەو دەعبا سەیرانەی ژور سەری تێبگات، وەک بخوازێت لە جۆری نەسل و فەسیلەی ئەوانە بزانێت، ویستی پرسیاری ئەوە بکات کە ئەمانە لە سەردەمی نیاندەرتاڵەوە هەتا ئەمڕۆ لە کوێ بوون و چۆن ژیاون،بەڵام بۆکس و پیداکێشانی دەعباکانی ژور سەری خەیاڵەکەی ئەویان پچراند و دەبە ئاوەکەی دەمیشی لەو سەری دیواری ژورە تاریکەکەوە تەپەی هات...

- جواب بەرەوە، پەیوەندیت لەگەڵ کچی سەرۆک بارزانیدا هەبووە؟
- بەڵی هەم بووە؟ خۆشم دەوێت و ئەیخوازم...

ئـەم وەڵامـە، هـەموویانـی سـەرشێتکرد، کـەوتـنـە وێـزەی سـەردەشت و ئـەوەی توانیان بـە جـەستـەی شڕ و لاوازیـان کـرد... سـەردەشـت دەبـورایـەوە و لـەهـۆش دەچـوو، هـەڵدەگیرایـەوە، دەکـەوتـەوە، بـەلادا دەهـات.
پرسـیـارەکان بـەردەوام بـوون، کـێ بـوو، چیکـرد. چـۆن بوو.... وەڵامـەکانیش بـەردەوام بـوون کـەس، هـیـچ کـەس ، هـەرخـۆم، نـازانـم....

ئیتـر تـەواو لێـرەدا سـەردەشت جـەستـەیـەکی مانـدوو، گـەرم داگیرساو، خوسـاوە لـە خـوێن، خوسـاوە، لـەئـارەق، شل شل بـەبن قۆڵـی پاڵـەوانـەکانی پاراستنـەوە دەخـرێتـە نێـو ئۆتـۆمبیـل و بـە ٣ ئۆتـۆمبیلی جـام تاریـک بـەرەو سـەری رەش دەبرێت. ساسـان عـەونـی بـۆ نمایشکردن و وەرگرتنـی شـیرینی ئـەم ئۆپراسـیۆنـە مێـژووییـە، خـۆی لـەگـەڵ کاروانـەکـەدا دەڕوات بـۆ سـەری رەش. لـە شـوێنی مـەبـەسـت بـە قـۆڵ بـەسـتراوی فـڕە دەدرێـتـە بـەردەم مـەسرور بـارزانـی و کـەریم سنجاری.

لـەسـەری رەش مـەسرور بـارزانـی لـەیـادی دەچێت ئـەو سـەرۆکی ئـاژانسێکی تایبـەتـە و کـوڕی مـەسعود بـارزانـی و کـوڕەزای مـەلا مستـەفا و ئـەنـدامی خێڵێکـی خۆیـان گـوتـەنـی گرنـگ و موقـەدەسـە، روشـدی خـۆی لـەدەسـت دەدات و بـە شـەق و زلـە و بـۆکس و جنێـوی ناشـرین بـەردەبێـتـە سـەردەشـت... جنیوەکـانـی مـەسـرور لێـرەدا ناگوێزینـەوە ، نـەک لـەبـەرئـەوەی نـەنگی و سکانداڵ بۆ پـارتـی دیمـوکرات و بنـەمـاڵـەی بـارزانـی و دەزگـای پاراستن دروست دەکات، بـەڵکو شـەرمـەزاری و قێزونـە بۆ

کورد و بۆ هەموو مرۆڤایەتی...تورەبوونەکەو دیدارەکەی مەسرور هەمووی سێ خولەک تەواو ناکات، ئیتر فەرمان دەدات کە لایەن و ئیجرائاتی پێویست بکەن و چاوەڕێی فەرمانی ئەم بن.

**گواستنەوەی سەردەشت بۆ موسل و تیرۆرکردنی:-**

لەبنکەکەی سەری رەشی پاراستن، هەمان ئەشکەنجە و ئازاردانی سەردەشت، چەندین جار دووبارە کرایەوە، لێرە تیمێکی دیکەی لێکۆڵینەوە ئامادە بوون، بۆ تەوسیقکردنی دەستگیرکردنەکەو هێنانە گۆی سەردەشت بێنەو بەردەو جێگۆڕکێ و ئامادەسازی پێویست بوو. بۆ تەواوکردنی ئەو کارانەو ئاگادارکردنەوەی خودی مەسعود بارزانی و فازل میرانی و ئەندامانی عەشرەتی بارزانی ئەنجام دان و بڕیاردانی دواکۆبوونەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە دەبوو جارێ لانی کەم سەردەشت بهێڵنەوە، چونکە هیچ کردەوەیەکی کوشتن لە دەزگای پاراستن بەبێ ئاگاداری مەسعود بارزانی و ئیمزاکردن و رەزامەندی لەسەر نوسراو نابێت جێبەجێ بکرێت... لەدوای نیوەڕۆی هەمان ئەو رۆژە مەسرور بارزانی خۆی دەچێت بۆ لای باوکی و مزگێنی ئەنجامدانی کارە مەزنەکەی پێدەدات، مەسعود بارزانی دوای ئەوەی هەندێ پرسیار لەسەر رەوتی تەحقیق و چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەڵ کەیسەکە لەگەڵ مەسروری کوڕیدا دەکات راستەوخۆ بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ کەس داوای

جیبەجێکردنی فەرمانی کوشتنی بۆ دەکات... هەمان ئەو رۆژە هەمان تیمەکەی یەکەم جار بانگ دەکات، ئەم جارەیان سەرۆکی بەشی تەحلیل و هەڵسەنگاندنیش بانگی دانیشتنەکە دەکرێت...

لە کۆبوونەوەی دەستنیشانکردنی میکانیزم و چۆنیەتی جێبەجێکردنی فەرمانی کوشتنەکەی سەردەشت عوسمان ئەم خاڵانە بەهەند وەردەگیرێت:-

**یەکەم-** نابێت کوشتنی سەردەشت عوسمان لە ناو هەولێردا بێت، چونکە فرێدانی تەرمەکەی راستەوخۆ پارتی و بنەماڵەی بارزانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لە دوو سەرەوە زیان لە پارتی دەدات، ئەگەر ئێمە ئاشکرای بکەین کە ئەو کارەمان کردووە، خراپە، ئەگەر ئاشکراشی نەکەین و وەک کاری تاوان و کوشتن دەرکەوێت ئەوە دیسان بۆ هەیبەتی پارتی و ئاسایشی پارتی خراپە.

**دووەم-** دەبێت کوشتنەکە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوەی هیچ ئیلتیزاماتێک لەسەر ئەوان نەکەوێت، لەنێوان کەرکوک و موسل کە پێشنیار کرابوون، کەرکوک رەتکرایەوە، چونکە وێرای ئەوەی کە پارتی و پاراستن لەو شارە زەعیفن، ترسی ئاشکرابوون و هەڵوەشاندنەوەی پلانەکە لە گۆڕێدایە.

**سێیەم-** موسل دەستنیشانکرا، لەبەر ئەوەی موسل لەچاو کەرکوک چەند خاڵێکی باشتری بۆ ئەوان تێدایە، یەکەم ئەوەیە کە زیاتر پاراستن تیایدا زاڵەو چەندین کاری دیکەی هاوشێوەی ئەم کارەی لە موسل

ئەنجامداوە، دووەمیش ئەوەیە لە چاو کەرکوک موسل زیاتربێ سەرەو بەرو بێ ساحیبە و بەئارەزووی خۆیان دەتوانن تەراتێنی تێدابکەن.

**چوارەم-** بە بۆچوونی هەموو تیمەکە و بۆچونی تایبەتی بەشی هەڵسەنگاندن و تەحلیلی پاراستن، لەو باوەڕەدابوون کە کوشتن و فڕێدانی تەرمی سەردەشت عوسمان هیچ کاریگەری و کاردانەوەیەک لە کوردستان دروست ناکات، لەهەموو حاڵەتێکیشدا رەنگە تەنها بۆ دوو سێ رۆژ وەکو هەواڵی رۆژنامەکان باسی بکرێت.

**پێنجەم-** هەموو تیمەکە باشتر کارەکانی خۆیان بکەن و چاوەڕوانی کاردانەوەو پێشهاتەکان بکەن ولەسەر ئەو بنەمایانەش هەنگاوی داهاتووی خۆیان دەنێن...

مەسرور کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هێناو فەرمانی بەهەموو ئامادەبووانی تیمەکەدا هەر کەس کارەکانی خۆی تەواو بکات، کارەکە بە باشی هاتووەو تەحەمولی هەڵەی هیچ کەس ناکەین و دەبێت زۆر بە باشی تەواو بکرێت. فەرمانی بەبەشی ئۆپراسیۆنەکاندا کە ئیتر بە هاوبەشی لەگەڵ لیوا بەختیار ناسراو بەبەختیاری حەسەن نەجەفی کارەکە لەناو موسل بەزوترین کات و هەرئەمڕۆ ئەگەر کرا تەواوی بکەن...

**بەختیار حەسەن نەجەفی:-**

مەسروری کوڕی مەسعود بارزانی، بە تایبەتی فەرمانیدا کە بەختیاری حەسەن نەجەفی ئەو کارە بکات. بەختیار حەسەن حەمەرەحیم، ناسراو بە بەختیارحەسەن نەجەفی، لەدایک بووی شاری سلێمانیە. حەسەن نەجەفی لە بنەڕەتا کوردی ئێرانە و ئەو نازناوەش تەنها بەسەریدا بڕاوە. حەسەن نەجەفی لەناو شاری سلێمانی خاوەنی پێشانگای فرۆشتنی کەمالیا ت و جلوبەرگ بوو لە بازاڕی عەسری. بەهۆی ئەوەی لەسەردەمی رژێمی بەعسدا، پەیوەندییەکی گومانلێکراوانەی لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکانی بەعسدا هەبوو، چەندین جار پیشمەرگە هەڕەشەی کوشتنیان لێکردووە. هەر ئەم رەفتارانەش وادەکات کە ئەو خێزانە لەبەردەم خەڵکی شاری سلێمانیدا رەش و رەزاگران بن. بەختیار پاش ئەوەی پۆلی شەشەمی زانستی تەواو دەکات لە ساڵی ١٩٨٤ بە ئاسانترین شێوە لە کۆلێژی سەربازی بەعس وەردەگیرێت و بە پلەی ملازمی دووەم تەخرج دەکات. بەختیار بەهۆی ئەوەی کە بەعسی بووە و خەڵک زۆر زۆر بەکەم تەماشایان کردووەو چەندین جار پێشمەرگە چوبووە سەرماڵیان، رقێکی زۆری لە خەڵکی سلێمانی و شۆڕشی کوردستان دەبێت. هەربۆیە بەرامبەر بەمەش دەبێتە یەکێک لە ئەڵقە لەگوێ هەرە چلکاوخۆرەکانی بەعس. باوکی بەختیار بەهۆی پەیوەندیەکانی خۆی بە

حزبی بەعسەوە ئاسانکاری بۆ دەکات کە هەر لە شاری بەغـدا دامەزرێـت و بەر لە سـەرهەڵدانی راپەڕینـی خەڵکی کوردستان خۆی گەیاندبووە هێزەکانی گاردی کۆماری و کۆشکی کۆماری لە بەغدا...

لە دوای راپەڕیـن و ترسـی زۆری بەختیـار لە تـۆڵە سـەندنەوەی خەڵکی سلێمانی لەگەڵ باوکی و هەموو خێزانەکەیانـدا لەهەولێـر خۆیـان دەشـارنەوەو راسـتەوخۆش پەیوەنـدی بە پـارتی دەکـات و هەمـان دڵسـۆزی و نـۆکەری بەعـس بـۆ پـارتی و بنەمـاڵەی بـارزانی دووبـارە دەکـاتەوە، بـۆیە بەشـێوەیەکی زۆر خێـرا لەنـاو ئەو پـارتەدا جێگـای خـۆی دەکـاتەوەو دەبێتە مـایەی سـەرنج و رەزامەنـدی پاراستن. داخلـی چەندین دەورەی دەزگـای پاراستن دەکرێت و پلەکـانی نـۆکەری دەبڕێـت ودوا جـار کە دەگـاتە پـلەی لیـوا دەکرێتە بەرپرسی پاراستنی هەموو شاری موسل.

بەختیار بۆ ئەم کارە دەستنیشـانکرا، چونکە هەموو خاڵەکـانی کـۆنترۆڵی نێوان هەولێر و موسلی بەڕێوە دەبـرد و ئەفسـەرەکانی ئەو خـاڵانە هەمـووی لەژێـر بەڕێـوەبەراتی بەشـەکەی ئەمـدابوون، ئەمەش کارئاسـانی دەکـات بـۆ هـیچ کەس پرسـیاری نەکـات و بەئاسانترین شێوە بپەڕێتەوە بۆ ناو شاری موسل بەبێ ئەوەی هیچ ئاستەنگی و گرفتێک بێتە رێگـای. وێرای ئەوە ش ناوبراو مرۆڤێکی بێ کەسایەتی و ئەڵقەلەگوێ و خـوێنرێژ بـوو، کەسـێکی زۆر شـارەزاو پسـپۆڕبووە لە ونکـردن و رفانـدن و کوشـتنی غەدرو نـاهەق، هەروەهـا

ناسراو بوو بەوەی کە زۆر دڵڕەق و بێ رەحم بووە بەرامبەر بەهەموو کەسێک، بەڵام هەرگیز نەیدەزانی کە رۆژێک لەرۆژان ئەو دڵڕەقی و بێ رەحمی و بێ بەزەییە سەری خۆی دەخوات و بەهەمان شێوە و هەمان میتۆد و هەمان ئەو کەسانەی کە ئەویان ناردە خولی فێرکردنی مرۆڤ کوشتن و خنکاندن و گۆشتی مردوو خواردن،هەر ئەو کەسانە لەخۆی دڵڕەقانە تر بە هەمان میتۆد و رەوشت لەناوی دەبەن. هەتا شەوی ئەو رۆژە و نزیک کاتژمێر یازدەی شەو سەردەشت لە هەمان جێگا دەهێڵنەوەو سەرلەنوێ ئەشکەنجە دان و پرسیارکردن دووبارە دەبنەوە و هەموو کارەکانیش بە کامیرای ڤیدیو تۆمار دەکرێت.

راستەوخۆ لەدوای یازدەی شەو سەردەشت بۆ دواسەفەری ژیان و دوا چارەنوس و ساتەکانی خۆی ئامادە دەکرێت و بە شێوەیەکی زۆر وردو نهێنی دەبرێتەوە بۆ ناو شاری هەولێرو بۆ ناو هەمان شوێنی یەکەمجاری، لەهەمان شوێن و ژوردا تەسلیم بە بەختیار و دووان لە هاوکارەکانی (قادر عەبدوڵا خدر و نازم رەمەزان) دەکرێت و ئەوانیش بۆ ماوەی نزیکەی دوو سەعاتی رەبەق ناو بەناوە بۆی دێنە ژورەوەو جگە لە ئەشکەنجەدان و ئازاردان، بە جنێودان سوکایەتییەکی زۆریشی پێدەکەن.

کاتژمێر نزیکەی دووی سەرلەبەیانی سەردەشت کە هیچی ئەوتۆی پێوەنەمابوو بۆ قسەکردن و دەستکردنەوەو خۆ راپسکاندن، وەک لاشەیەکی

نیوەمردوو فڕە دەدرێتە نێو ئۆتۆمبیلەکەی بەختیارو جگە لە شۆفێری ئۆتۆمبیلەکە و بەختیار کە لە پێشی ئۆتۆمبیلە جام تاریکەکەدا دادەنیشێت لەدواوە هەردوو ئەفسەری ناوبرا، بەردەوام قاچیان لەسەر جەستەی سەردەشت دەبێت و ڕێگای نادەن تاقە یەک جوڵەو دەنگیش بکات.. لە پێش ئۆتۆمبیلەکەی ئەمانەشیەوە بەردەوام یەک ئۆتۆمبیل لەدواوە و دانەیەک لە پێشەوە بە سەرپەرشتی ئەحمەد کۆیی بەبێ ئەوەی بەشداری ڕاستەوخۆی کارەکە کرابن ڕێگا پاک دەکەنەوە بۆ تێپەڕبوونی بێ کێشە. سەرلەبەیانییەکی زۆر زوو ئۆتۆمیلەکان بە سەلامەتی سەردەشت دەهێننە ناو موسل و دەیبەنە شوێنێکی چۆڵ لە کۆلانەکانی گەڕەکی عەسکەری.

هەمان ئەو سێ کەسە دەبن، کارەکەی خۆیان بە نهێنی دەکەن، ماوە نادەن تەنانەت هاوکارەکانی خۆشیان بزانن ئەو کەسە کێ بوو لەسەرچی دەکوژرێت و چی لە تەرمەکەی دەکەن. زوومی کامیرا بەردەوام لەسەر جەستەو روخساری خوێناوی و سپی هەڵگەڕاوی سەردەشت دەگەڕێت، کامیرای دەستی بکوژان لە خۆیان ترسنۆکتر دەبێ. میگا میگا و پێکسڵ پێکسڵ وێنەی خانەکانی دەموچاوی سەردەشت تۆمار دەکات نەوەک مەسرور یان مەسعود گومان لە کوشتنەکەی بکەن، ئاخەر لە فەرهەنگی ئەواندا هەموو کەس لەناو پیلانێکدا لە دژی ئەوان لە سەنگەردایە تەنانەت ئەفسەرو پیاوە بەرزەکانی خۆشیان. خوێناوی

سەردەشت لە سەر شۆستەکە پەلوپۆی سوری دەهاویشت، ڕێچکەی بەئاراستەی هەولێر دەگرت، وەک ئەوەی بخوازێت ئیتر ئەم برینە سێبەرێک بۆ ئازادی بکات لە هەولێر، خۆرێک بێت، وەک دەموچاوی مەسیحێکی بێتاوانی لەمێخ دراوی وەک سەردەشت لە ئاسۆی دەم کەلی هەولێرەوە هەڵبێت و بەسەر هەموو کوردسان و باباگوڕگوڕ بڕوانێت...

لە ڕێکەوتی ٥-٥-٢٠١٠، کاتژمێر ٦ی ئێوارە تەرمێکی بێ نازی لەسەر شۆستە فڕە دراوی گەڕەکێکی چۆڵ لە شاری موسل لە (حي المزارع) نزیک شەقامی دۆمیز دەدۆزرێتەوە و بنکەی پۆلیسی (الاحرار) تەرمەکەی هەڵدەگرنەوەو ڕەوانەی پزیشکی دادی دەکەن. لەملاشەوە زەنگی تەلەفونەکەی مەسرور لێدەدات، یەک، دوو، سێ، لەوسەری هێڵەکە بەختیاری حەسەن نەجەفی قسە دەکات، هێشتا دەستەسورەکانی بەتەواوی لە خوێنی سەردەشت پاک نەکردۆتەوە، پەلەیەتی مژدانە و سورانە لە مەسرور وەربگرێت، ئەو نەفامە نەیدەزانی لە فەرهەنگی ئەو بنەماڵەیەدا زۆر دەمێکە بەهاو چەمکە پیرۆزەکان نەماون، ئەو نەیزانی مژدانەو سورانە خوێن و ڕۆحی خۆی دەبێت ...

**ئاشكرابوون و دەنگدانەوەی تاوانەكە:-**

هەمان ئەو رۆژە بنكەی پۆلیسی هەولێر كەسوكاری سەردەشتیان ئاگادار كردەوە، كە تەرمی كوڕەكەیان لە شاری موسل بە كوژراوی بینراوەتەوە. هەمان رۆژو لە ئێوارەدا جەستەی ساردو سڕی سەردەشت عوسمان لەناو تابوتێكدا دەهێنرێتەوە بۆ هەولێرو رۆژی دوایی بەخاك دەسپێردرێت. ئەوەی جێگای سەرنجە لەم مەراسیمەدا،بن دار و بەردو پەردوو نەمابوو كە حەشەرەیەكی پاراستن یان مشكە كوێرەیەكی مەسروربارزانی تێدا دانەنرابێت.

ئەوانەی بە كردەوە بڕیاردەری ژمارە یەكەم بوون لە كوشتنی سەردەشت عوسمان مەسعود بارزانی، مەسرور بارزانی، كەریم سنجاری، فازل میرانی بوون. نەك ئەمان بەڵكو بەشی تەحلیل و هەڵسەنگاندنی پاراستنیش لەو باوەڕەدا نەبوون كوشتنی بە ناهەقی سەردەشت عوسمان هەڵایەكی ئاوا گەورە دەنێتەوە. ئەم كوشتنە هەموو سنورەكانی سیاسەت و ئەخلاق و یاسای بەزاند، كوشتنی لاوێكی تەمەن ٢٣ بەهارەی كوڕە هەژاری ئەم وڵاتە تەنها لەسەر ئەوەی وێرای بپرسێت و وێرای سنوری خەونەكانی مرۆڤی كورد تێپەڕێنێت، نەك لە ناوخۆی كوردستان، بەڵكو دنیای ئاوەڕوتكراوی لە ئەخلاق و بەهاكانی مرۆڤایەتیش هەژاند.. كوشتنی سەردەشت بە غەدرو بە شێوەیەكی زۆر نامەردانەو دوور لە ئەخلاقی مرۆڤ دۆستانەی

کوردەواری و دوور لە شەهامەتی تەنانەت عەشایرش کە بنەماڵەی بارزانی جار جار پێوەی دەنازن، بوو بە سەردێڕی زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامەکان، تەنانەت ڕۆژنامەکانی هاوپەیمانە ستراتیژیەکەی پارتیش خۆی لەباسکردنی ئەم غەدرە نەبوارد و شەرمنانە ئامارەی بە ناهەقی و بە نایاسایی ئەو کردەوەیە دەکرد.

- ٧٥ نوسەرو ڕۆژنامەنوس لە ڕۆژی ٦ی مانگ واتە هەمان ڕۆژی هێنانەوەی تەرمی سەردەشت، بەیاننامەیەکی ناڕەزایان دەرکرد و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە ئەمنیەکانیان بەرپرسیارکرد لە کوژرانی ئەو ڕۆژنامەنوسە، داوای دۆزینەوەو ئاشکراکردنی تاوانبارانیان کرد.
- لە ڕۆژی ١٠ی هەمان مانگدا، هەزاران خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین لەهەمان ئەو شوێنەی سەردەشتی تێدا رفێنرا، خۆپیشاندانیان دەستپێکرد، خۆپیشاندەران حکومەتی هەرێم و هێزە ئەمنیەکانیان بە بکەری ڕاستەقینەی ئەو کردارە لەقەڵەمدا. خۆپیشاندەران تابوتێکیان بەسەر شانەوە گرتبوو، کە لەسەریان نوسیبوو، ئازادی، ئەمەش وەک هێمایەک بۆ کوشتنی بیروباوەڕی جیاواز و لەناو بردنی ئازادیەکان.
- بەدرێژایی ئەو مانگە و ڕۆژانی دادێ لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان و تەنانەت لە شاری بەغداش خۆپیشاندان لە دژی بنەماڵەی بارزانی ئەنجام دران.

- لە شارەکانی دیکەی کوردستان، کەرکوک ، کەلار، دەربەندیخان، قەڵادزێ ، رانیە، دوکان، چەمچەماڵ، هەڵەبجە، ...تاد، لەهەموو ئەو شارانەدا خۆپشاندانی راستەوخۆ لە دژی بنەماڵەی بارزانی ئەنجامدران، لە زۆرێک لە شارەکانی بن دەستی پاراستن هەرجۆرە کۆبوونەوەو خۆپشاندانێک بە توندی قەدەغەدەکراو رێکخەرانیشی دەستگیر دەکران... پارتی و بنەماڵەی بارزانی هێندەی دیکە سەریان لێشێواو توشی هستریا بوون. بەنامەی تایبەت و کورتە نامە و ئیمەیڵ بە راست و چەپدا هەڕەشە و قسەی ناشرینیان بۆ خەڵکانی دیکە دەنارد (ئێوەش دەکوژین، ئێوەش وەکو سەردەشت لێدەکەین، وەکو سەگ ئەتانتۆپێنین، هەمووتان لەناو دەبەین، ئێوە خائنن، ئێوەی پیلانگێر دەبێت بکوژرێن)، بەڵی هەموو گەلی کوردستان لەبەردەم پارتی بوونە خائن و جادوکەر و پیلانگێڕ تەنها بنەمالەی بارزانی خۆیان نەبێت. ئەمەیە ئاستی نەتەوایەتی پارتی و بنەماڵە، ئەمەیە میکانیزمەکانی دیموکراسی ئەوپارتە، ئەمەیە شێوازی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، شازی دروستکردن و راگەیاندنی دەوڵەت لای ئەمانەیە...

- رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش هاتنە سەر هێڵی ناڕەزایی، رێکخراوی لێبووردنی نێو دەوڵەتی، ئەمنستی ئەنتەر ناشنال، هیومان رایتس وەچ، پارێزەرانی بێ سنور، رۆژنامەوانانی بێ سنور، دەیان دامەزراوەو ئینستتوت و پەیمانگای جیهانی

ونێودەوڵەتی رووی بنەماڵەی بارزانیان هێندەی دیکە رەش و دزێوکردەوە.

خۆپشاندانی رۆژانە و درێژکردنی پەنجەی تاوان بۆ بکەری راستەقینە، زۆر چاوەڕوانکراو نەبوون بۆ پارتی، ئەوان لەو باوەڕەدانەبوون ئەو کردارە نامرۆڤانەیە بەوجۆرە شەقام بوروژێنێت. لە راستیدا ئەو کاردانەوەیە تەنها کاردانەوە نەبوو لەدژی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، بەڵکو کاردانەوە بوو لە دژی:-

**یەکەم-** خۆسەپاندن و سیاسەتی چەواشەکارانەی پارتی لەدژی خەڵکی کوردستان وئەو زەبرو زەنگەی کە بەکاری دەهێنێت. هەروەها قاعیدەی خوارەوەی یەکێتی زۆر بێزار بوون لە ملهوڕی سیاسەتەکانی پارتی دیموکرات بەرامبەر بە حزبەکەیان و بێدەنگی حزبەکەشیان بەرامبەر بە پارتی لەپای هەندێک بەرژەوەندی تایبەتی پترۆل و مادی، هەروەها رقوکینەی ئەندامانی بزوتنەوەی گۆران وئیسلامیەکان لە پارتی و ئەو زوڵمەی لە ناوچەکانی دەسەڵاتی پارتی لەوانە دەکرێت بە تایبەت لە سوتانی بارەگاو هەڵکوتانە سەر ئەندامان و دەستگیرکردنی کوێرانەی خەڵک.

**دووەم-** کوشتنەکانی دیکەی وەکو سۆران مامە حەمە و عەبدول ستار و ونکرندن و بێسەروشوێنکردنی خەڵک لە هەولێر و کوشتنی سەدان کەس لەناو شاری

هەولێربەدەستی باندەکانی مەسرور لەوانەش شێخ زاناو جەمال مۆرتکە.

**سێیەم-** دروستکردنی پشێوی لە ناوشاری کەرکوک و چەندین جار تەقاندنەوەی تۆتۆمبیل لەناو ئەو شارە گوایا تیرۆرستە ئیسلامیەکان دەیکەن بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەو شارە ئیحراج بکات کە یەکێتی و کوردن.

**چوارەم-** قۆرغ کردنی هەموو شتێک لەکوردستان و کڕین و فروشتنەوەی ناموس و ویژادنی خەڵک و زۆرهێنان بۆ هەموو کاسبکاران و لێسەندنی سەرانەی بەزۆر...

پارتی و سەرۆک عەشرەتی بارزانی، کەوتنە نێو گێژاوێک کە خۆشیان نەیاندەزانی چۆن لەو گێژاوە دەرباز دەبن، بە جۆرێک بوونە گاڵتەجاڕی خەڵک کە ئیتر نەدەکرا بێ دەنگ و بێ هەڵوێست پاڵی لێبدەنەوە چونکە شەقام بە ئاشکرا پەنجەی تاوانی بۆ ئەوان درێژ دەکرد. بۆیە پارتی ومەسعود بارزانی بە ناچاری هاتنە سەرخەت و بەشوێن دەریچەیەکدا دەگەڕان بۆ رزگار بوون لەم ئابڕووچونە ئەخلاقی و ویژدانیە. بۆیە مەسعود بارزانی بۆ هێورکردنەوەی شەقام و دەرباز بوون لە بارودۆخەکە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لە وەزارەتی ناوخۆ دروستکرد، مەسروریش فەرمانی بە پاراستنی ناو ئاسایش کرد کە لەو بارەوە هە ندێک کاری رۆتین و فەرمی ئەنجام بدەن.. بەڵام لە ژێرەوە ترسەکە زۆر لەوە گەورەتر بوو بۆیە سەرلەنوێ لەگەڵ بازنەیەکی زۆر بچوکی ناو پاراستن کۆبوونەوەی کرد و

فەرمانێکی تازەو زۆرنهێنی بۆ بەشی ئۆپراسیۆنەکان دەرکرد : بەزوترین کات هەموو شوین پێ و ئاسەوار و بەڵگەکان بسڕنەوە، خۆتان تەواو پاک بکەنەوە!

**هەوڵدان بۆ چەواشەکردن و بەلاڕێدابردنی راستیەکان:-**

دوای ئەوەی دەزگای پاراستن بە دەستی خۆیان داویان بۆ خۆیان نایەوەو سحرەکە لە خۆیان هەڵگەڕایەوە، نەیاندەزانی چۆن چۆنی پینەی ئەو کارە دزێوەی خۆیان بکەن، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدا بوون بەچەندین شێوازی جیاواز هەوڵی چەواشەکاری بکەن و راستیەکان ئاوەژوو بکەنەوەو گومان بخەنە دڵی خەڵک و لایەنی دیکە بەو کارە تاوانبارکەن و هەڕەشە لە خێزانی جوانەمەرگ بکەن و تەنانەت هەوڵی بەرتیل پێدان و تەماعی پارە بخەنە بەردەم براکانی... لێرەدا هەموو ئەو هەولانە باس دەکەین و بەبەڵگەوە هەڵسەنگاندنی خۆمان دەخەینە بەردەم:-

**لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت عوسمان:-**

هەرچەندە هیچ کەس نەیزانی ئەندامانی ئەم لیژنەیە کێن و لەسەر چ بنەڕەتێک و فەرمانێک کار دەکەن کە پارتی وپاراستن خۆیان تاوانباری پلە یەکەمن تیایدا، بەلام هەندێ کاری زۆر گرنگی ئەنجامدا. کاتێك دەڵێین کاری زۆرگرنگ لەبەر ئەوەیە ئەم لیژنەیە زیاتر ئاشکرای کرد و باشتر بەڵگەی تێوەگلانی مەسعود و مەسروری دا بەدەستەوە، ئەمەش

بەڵـگەی کـۆڵەواری و نەفـامی سـەرانی پاراسـتنە بەر لەهەمـوو کەس... لیـژنەکە بەیـانێکی بڵاوکـردەوە کە ئەمە دەقی بەیانەکەیە:-

**ڕوونکردنەوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەرێم**
**سەبارەت بەڕەوتی لێکۆڵینەوە**
**لە ڕوداوی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان**

**بەداخەوە لە میانەی ئەو هەوڵانەی کەبۆ شێواندنی باری ئاسایشی هەرێم بەگشتی و ئاسایشی هەولێری پایتەخت بەتایبەتی دەدرێت، دەستی تیرۆر گەیشتە گیانی قوتابی و رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، گومانیشمان نیە ئامانجی سەرەکی ئەم کردەوانە تێکدانی باری ئاسایشی هەرێم و دروستکردنی گومان و دڵەڕاوکێیە لای هاووڵاتیان، تاکو زەمینەیەک بخوڵقێت بۆ سەرخستنی ئەجێندای سیاسی نەیارانی دەسەڵاتی هەرێم. لەبارەی ئەم روداوە، وێڕای سەرکۆنەو ئیدانەکردنی توندمان، هاووڵاتیانی ئازیزی هەرێم بەگشتی و پایتەختی هەرێم بەتایبەتی، دڵنیا دەکەینەوە کە هەر زوو تیمە تایبەتەکانی ئاسایش بە هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووەو گشت تواناکانیان خستۆتەگەڕ بۆ ئاشکراکردنی تاوانباران، پرۆسەی لێکۆڵینەوە لەم جۆرە دۆسێیانەش کاتی پێویستەو لەچەند سەعاتێکدا بە ئەنجام ناگات، بەڵام بەداخەوە هەندێ لایەن و بڵاوکراوە وەک ئەوەی بڕیاری پێشوەختەیان لەسەر ڕووداوەکە هەبووە، هەر زوو هەستاون بەتاوانبارکردنی**

**ئەملاو ئەولاو کەشێکی نالۆژیکانەیان خولقاندووە بۆ ئەوەی کاریگەریی نەرێنی لەسەر رەوتی لێکۆڵینەوەکان دروست بکەن.**

**داوا لەم لایەنانە دەکەین کە ئەگەر ویست و خواستیان جێبەجێبوونی یاساو کورتکردنی دەستی تیرۆرو تاوانە، باچاوەڕوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بن و پێش رووداوەکان نەکەون، باگشت لایەک هاوکاربین تا ئاسایشی هەرێم وەکو هەمیشە سەقامگیر بێت و زوو ئەو دەستانە ئاشکرا بن کە ئەم سەقامگیرییەیان کردۆتە ئامانج.**

دوای ئەوەی ئەم لیژنەیە پێکهات کە دیارە بە چاودێری و بەڕێوەبردنی خودی مەسرور بارزانی و دەزگای پاراستن بەڕێوە دەچێت، گەشتبوونە ئەو باوەڕەی کە هەرگیز نابێت و ناکرێت وەڵامێکی یەکلاکەرەوەیان بۆ کوشتنی سەردەشت عوسمان نەبێت، بۆیە لەوپەڕی ئاقڵی ودانایی خۆیان و لیاقەتی سیاسی و ئەمنی لەو باوەڕەدا بوون ئەگەر ئەم کەیسە ببەستنەوە بە تیرۆرستانەوە رەنگە باشتر خەڵکی بڕوا بکات. ئەمەش بە هێواشی و بە ئامادەکردنی سیناریۆی سەقەتی خۆیان ئاسا...

سەرەتا بەڵێنی دۆزینەوەی سەرەداوی روداوەکەیاندا، دواترهێواش هێواش بۆئەوەی ماوە بدەن بە روداوەکان و بە ئەقڵی خۆیان کڵاو بکەنە سەر خەڵکی کوردستان، یەکەم راگەیاندنی خۆیان بەمجۆرەی خوارەوە بڵاوکردەوە:-

**ئاگاداریەک لە لیژنەی لێکۆڵینەوەی کەیسی تیرۆرکردنی قوتابی (سەردەشت عوسمان)**

**هاووڵاتیانی خۆشەوییست ، کەسوکاری شەهید سەردەشت : هەروەک لە سەرەتادا بەڵێنمان پێدابوون، کە لە دەرەنجامی لێکۆڵینەوە ئاگادارتان بکەینەوە، بۆیە ئەمرۆ بە پێویستمان زانی پێتان رابگەیەنین لە دوای ٤٨ کاتژمێری تر لیژنەی لێکۆڵینەوە راگەیاندنێک سەبارەت بەدۆسیەی شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان لە ٢٠١٠/٥/٤ بڵاو دەکاتەوە.**

**لیژنەی لێکۆڵینەوە ، هەولێر / ٢٠١٠/٩/١٣.**

دوای ئەوەی ٤٨ کاژێرەکەیان تێپەڕاند، ڕاگەیاندنێکی دیکەیان بڵاوکردەوە. ئەم ڕاگەیاندنە زیاتر لە شانۆگەریەک دەچوو کە سیناریۆنوسێکی زۆر نەزان و نەشارەزا، تێکست و دەقەکەی نوسیبێتەوە، چونکە نەک هیچ کەس باوەڕی بەپەردەو مەشهەدەکانی ئەم شانۆگەریە نەبوو، بەڵکو هێندەی دیکە پارتی و پاراستنی وەک گاڵتەجاڕو سوک و سەفیل نیشانی خەڵکی کوردستاندا... لە ڕاگەیاندنەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە،کەسێکی سەر بە گروپی (انصار الاسلام) بەناوی هیشام مەحمود ئیسماعیل، تەمەن (٢٨) ساڵ، کە بەرەگەز کوردە و دانیشتوی شاری موسڵە و پیشەی فیتەرە لە ناوچەی پیشەسازی شارۆچکەی بێجی، دەستی هەبوە لە شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان. گوایا ئەم کەسە لە دەستی چوارەم

سەردەشتی وەرگرتووە و هۆکاری کوشتنەکەشی ئەوەبووە کە سەردەشت سەربە گروپی ئەوان بووەو چەند کارێکیان داوالێکردووە بەڵام ئەنجامی نەداوە.بە پێی لێدوانی ئەو کەسە گوایا سەردەشت بە بیهۆشکراوی لە ناو ئۆتۆمۆبێلێکدا بە سەوزەو تەماتە داپۆشراوە و گەیەنراوەتە موسڵ.

ئەم کەسە پاش راگەیەنراوەکە خرایە سەر شاشەی تەلەفیزۆنەکانی بنەماڵەی بارزانی و وەک چۆنیان لێداواکردبوو، ئاوا قسەکانی خۆی هۆنینەوە. دەقی چاوپێکەوتنەکە هێندە بڕین و گرێدانەوەی تێدابوو، مرۆڤ دەیپرسی دەبێت دەرهێنانی ئەم شانۆگەریە بە چەند سەعات وچەند رۆژ تەواوکرابێت. شانۆگەرییەکی هێندە ئاست نزم و بێ ناوەرۆک کە تیایدا خودی سەردەشت عوسمان دەکرێتە تیرۆرست و پیاوخراپ، گوایا پەیوەندی بە تیرۆرستانەوە هەبووە!بێگومان ئەم تۆمەتبارە لە پاشاندا لەبەر نەبوونی بەڵگە لە دادگای کەتنی هەولێر ئازاد کرا.

لەهەمووی گاڵتەجارتر ئەوە بوو کە خزم و خێزانی ئەو کەسە ناچارکراوە، پەیوەندیان بە کەسوکاری سەردەشتەوە کرد و جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە کوڕەکەیان لەکاتی رفاندن و کوشتنی سەردەشت لەزینداندا بووە و زۆر دەمێکە لەلایەن، پاراستنی پارتی دەستگیرکراوە و لە دورو نزیکەوە پەیوەندی بە سەردەشتەوە نییە.برایەکی سەردەشت عوسمانیش هەمان قسەی پشتڕاستکردەوەو رایگەیاند، ئەوکەسەی

بە تـۆمەتی رفانـدنی سەردەشـت عوسـمان دادگـایی دەکرێـت، دانـی بەوەدا نـاوە بەر لە کوشـتنی بـراکەی دەستگیرکراوە.

لەهەمـوو ئەمـانەش سـەیرتر ئاسـتی نەشـارەزایی و ساکاری ئەم لێژنەیە بوو، چونکە ئەم لیژنەیە هەرگیز هـیچ کەسـێکی لە ئەنـدامانی خێزانـی سەردەشـت عوسمان بۆ لێپیچینەوە یاخود بۆ داواکردنـی زانیـاری بانـگ نەکـرد، لە کاتێکـدا ئەوان زۆرتـرین زانیـاری و ئاگاداربیـان لەو بـارەوە لەلابـووە و بنەماکـانی کـاری لێپێچینەوەی جینائی ئەوە دەخوازن. هەروەها یەکێک لە ئەنـــدامەکانیان لە راگەیانـــدنێکی پێشـــتردا رایگەیانـدبوو کە سەردەشـت لەسـەر نوسـینەکانی کوژراوە، کەچی دواتـر هەمـان ئەو لیژنەیە قسەکانیان گـۆڕی و تـاوانی کوشـتنەکەیان خسـتە سـەر گروپـی تیرۆرستی ئەنسار ئیسلام.

سـیناریۆی دادگـایی کـردنیش هـیچ کەس نازانێـت چـۆنی و لەکوێ بەڕێـوە چـوو، هێنـدە نەبێت دادگـا بە فەرمـی داوای ئامـادەبوونی بـاوکی سەردەشتی کـرد لە ناو دادگـا، بـۆ ئەوەی رووبەڕووی تۆمەتبـارەکە بێتەوە، بەڵام بـاوکی رۆژنـامەنوس سەردەشـت عوسـمان لە لێدوانێکدا وتویەتی"ناچمە دادگـاییکردنی ئەو کەسەی گوایـە سەردەشـتی تیرۆرکـردەوە، لەبەرئـەوەی بـەلای منەوە ئەم دادگاییکردنە راستی تێدا نیە، ئەوانـەی کە کوڕەکـــەیمنیان رفانـــدووە (٨) کـــەس بـــون، (٣) ئۆتۆمبێلیـان پێبـوە، ئەوانەشـی بردویانەتـە موسڵ (٦)

ئۆتۆمبێلیـان پێبـوه، ئێسـتاش کەسـێکیان هێنـاوه کـه خـەڵکی موسـڵـەو دادگاییدەکـەن، ئـەو دەڵێـت مـن لەدەستی چوارەم سەردەشتم وەرگرتوه"

ڕێکخـراوی تیرۆرسـتی ئـەنسـار ئیسـلامیش لـه ڕێگـای پەیجەکـانی تـایبەت بەخۆیـان ئەو تـۆمەتـه رەتـدەکەنەوەو ئامـاژه بـۆ ئـەوه دەکەن کە ئـەمـان لـه دورونـزیکه هـیچ جـۆره پەیوەنـدی و زانیارییەکیـان لەسەر کوشتنی سەردەشت عوسمان نیەو ئەم کارەیان به هەولێکـی نەزۆکـی پـارتی دیمـوکرات و دەزگـای پاراستن ناوبردووه بۆ شاردنەوەی کوشتنی سەردەشت عوسـمان. ئەمەش دەقـی راگەیانـدنەکەی ڕێکخـراوی تیرۆرستی ئەنسار ئیسلامه...

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبيه الأمين،
وعلى آله وصحبه أجمعين.

أما بعد :

إنّ جماعة أنصار الإسلام جماعةٌ شرعيةٌ جهاديةٌ تعتمدُ الجهادَ سبيلاً للتغيير، والعلم سبيلاً للدعوة، وتعتبر الجماعة نفسها، مع الجماعات الصحيحة العقيدة والمنهج، أنها مسؤولة عن أمة الإسلام. وإن كان القتال في منهجنا مشروعاً في حال الحرب لكن عامة الناس لدينا آمنون، وإنّ الأكراد من أمة الإسلام آمنون في ديارهم عدا الأحزاب المرتدة. وأنه في شريعتنا إن القتل حكم شرعي في حق من ثبتت إدانته قضائياً، ولا إدانة إلا بقضاء شرعي، ولا حكم إلا بجريمة، ولا تنفيذ إلا بموافقة الإمام، وموافقةُ الإمام تعتمد التوافق بين تحقيق مصلحة المسلم ومصلحة الأمة الإسلامية ومصلحة الإسلام، وهذا ما شرعه الإسلام وهو ما نؤمن به ولا نستحي من ذلك ولا نخفيه. إن التقولات الصادرة عن العائلة البارزانية الاستبدادية ودوائر إعلام الحزب الديموقراطي الكردستاني المرتدين في اربيل، والدوائر الاستخبارية العاملة بامرتهما التي ألصقت تهمة قتل الصحفي الكردي سردشت عثمان بجماعة أنصار الإسلام هروباً من المسؤولية، هي عندنا دعوى باطلة ومزاعم افترائية عارية عن الصحة ولا تُعلَّقَ لجماعة أنصار الإسلام بمقتل المدعو سردشت عثمان لا من قريب ولا من بعيد وإن تقوّل المتقوّلون. والسلام وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

**هەوڵی تۆمەتبارکردنی کەسان و لایەنی دیکە:–**

لە ئاستێکی دیکەدا بۆ چەواشەکردنی رایگشتی و لانی کەم بڕواهێنانی لایەنگرانی خۆیان بەوەی کە پارتی زوڵمی لێدەکرێت و هەمیشە دەبێتە قوربانی پیلان و پیلانگێڕان، هەوڵیاندا چەندین لایەنی دیکەی وەکو یەکیتی نیشتیمانی و بزوتنەوەی گۆڕان و خودی نەوشیروان مستەفا بەو کارەوە بگلێنن.

**یەکەم-** هەوڵدان بۆ تێوەگلانی کۆسرەت رەسول علی:-

بێگومان سەردەشت عوسمان بە هاوبەشی لەگەڵ خێلان دوا نوسینی خۆیان بڵاوکردەوە، ئەمەش بە لێکدانەوەی پارتی و دەزگای پاراستن باشترین هەل بوو بۆ ئەوەی تۆمەتەکە لەسەر خۆیان لابەرن، گوایا سەردەشت زۆر بە توندی لەسەر کۆسرەتی نوسیوە و کۆسرەتیش رابووردوویەکی هەیە لەگەڵ کوشتن و هەڕەشەکردن و ئیبتیزازی خەڵکی لە هەولێر. لەم ئاستەوە جگە لەوەی کە لەناو خەڵکی سادە پرۆپاگەندەی ئەوەیان بڵاودەکرەوە کە پیاوەکانی کوسرەت و یەکێتی نیشتیمانی ئەو کارەیان کردووە، لە ژێریشەوە بەرتیل و تەماعیان دەخستە بەردەم خانەوادەی سەردەشت عوسمان. هەژار عوسمانی برای سەردەشت لەم بارەوە چەندین جار لێدوانی داو رایگەیاند (چەندین جار داوایان لێکراوە داوای یاسایی لە سەر کەسایەتییەکی سیاسی تر تۆمار بکەن، گوایە سەردەشت لە سەر ئەوی نوسیوە و گومانیان لەوە،

بەڵام لای ئێمە بکوژی سەردەشت رون و ئاشکرایە و بە تەواوی بۆمان رونبوەتەوە، لە سەرەتاشەوە لایەنێکی سیاسی دەیوسیت دۆسییەکە بە لارێدا ببات و چەندین پلەداری ئەمنی داوای هێورکردنەوەی دۆخەکەی لێدەکردین و داوایانکرد کەسانی پلەیەکی هەرێم ببینین، بەڵام رەتمانکردەوە.ئەو لە کۆتایدا دەڵێت، هێزێکی گەورە لە پشت رفاندنی سەردەشتەوەن، بەڵام ئەو هێزە جورئەت ناکات بڵێت منم و بەردەوام خەریکی هەڵبەستنی درۆشن). لێرەدا دەپرسین تەماع خستنە بەردەم خێزانی سەردەشت عوسمان بۆ دیتنی سەرۆکی عەشرەتی بارزانی بۆچیە؟ ئایا بۆ ئەوە نیە کە چەندین دەفتەردۆلار و تەماعی ماڵ و سەیارەو خانوو بخاتە بەردەمیان و بێدەنگیان بکات؟ ئەگەر سەرۆک خۆی دەستی تێدانیە و پارتەکەی ئەو کارەی نەکردووە بۆچی جگە لە پارتی هیچ حزب و رێکخراوێک تەماعی پارەوماڵیان نەخستۆتە بەردەم ئەو خێزانە؟ هەوڵەکان بۆ چەواشەکردنی خەڵک و تاوانبارکردنی کۆسرەت رەسول و یەکێتی نیشتمان هاوپەیمانی خۆیان، نەک سودی نەبوو، بەڵکو هێندەی دیکە زیاتر ئاشکرای دەکرد بۆ خەڵک کە پارتی بە شێوەیەکی رێکخراو ئەم کارانە دەکات و ئامانجیشی تەنها بەلارێدابردنی کەیسەکەیە، دەنا وەکو رۆژی روناک بۆ هەموو کەس ئاشکرا بوو کە جگە لە بنەماڵەی بارزانی هیچ کەس ئەو کارەی نەکردووە. وێرای ئەوەش کەسوکاری جوانەمەرگ سەردەشت عوسمان ئامادە

نەبوون خوێنی کوڕەکەیان بە پارە بگۆڕن و خۆیان بفرۆشن و بچنە سەر دینی بنەماڵەی بارزانی.

**دووەم-** هەوڵدان بۆ تێوەگلانی بزوتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا:-

بەهەمان ئاراستەی یەکەم و هاوزەمان لەگەڵ هەمان بەرنامەدا، پاراستن و پارتی کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە بەشێکی دیکەی خەڵکی کوردستان بەوە گومانبار بکەن کە ئەم کارە نەوشیروان مستەفا و بزوتنەوەی گۆڕان ئەنجامیان داوە. ئەم هەنگاوە لە چەند لایەنێکەوە مەنتقی سیاسی و حزبی تێدابوو، چونکە وێرای ئەوەی لەو کاتەدا بزوتنەوەی گۆڕان وەک بزوتنەوەیەک لەسەر شەقام و نەگبەتی خەڵک و گەندەڵی دەسەڵاتی یەکیتی وپارتی و ناعەدالەتی و هەڕەشە و دەستگیرکردن و ئەوشتانە دەژیا، باشترین بەڵگەو باشترین دیاری بوو بۆ بزوتنەوەی گۆڕان کە بتوانێت لە بۆرسەی سیاسی کوردستان و شەقامی کوڵاو لەژێر کاریگەری راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی ئەم هەڵە زەقەی پارتی و بنەماڵەی بارزانی بۆ خۆی بقۆزێتەوە. بزوتنەوەی گۆڕان توانی بە ئاسانی سوار شەپۆلەکانی نارەزایی خەڵک بێت و ئەم کوشتنەی سەردەشت بکات بە کراسەکەی عوسمان (قميص عثمان) و رۆژانە لەهەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان خەڵکی کۆبکاتەوەو داوای دەستنیشانکردنی بکەران و بکوژانی ئەو کردارە ترسنۆکانەیە بکات. ئەمەش هێندەی دیکە پارتی و بنەماڵەی بارزانییان لە خودی

نەوشیروان و بزوتنەوەی گۆڕان نیگەران کرد و کەوتنە حاڵەتێکی ئەوتۆ کە راستەوخۆ نەک ئەوان بە وروژاندنی ئەو کەیسە تۆمەتبار بکەن بەڵکو بزوتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفاو قادری حاجی عەلی بە راستەخۆ بکەنە تاوانبارو بکەری یەکەم و وەک پیلانێکی ناوخۆیی و ئەقلیمی لە دژی پارتی و بارزانی و قوتابخانەی کوردایەتی بانگەشەی بۆ بکەن...

نوسەر و شایەرو قەڵەم بەدەستانی نزیک لە پاراستن و ناو پاراستن، کەوتنە هۆنینەوەی چیرۆک و بەسەرهاتی ئەم کارەو نوسینی سیناریۆی سەقەت و کاڵ و کرچ لەم بارەوە...

**ئەمەش چەند وێنەیەک لەو کارانە:**

(نەوشیروان) و بکوژانی (سەردەشت) دوو دەستی یەك جەستەن بۆ تێکدانی باری هەرێم. ئەو پشێوییەی کە (نەوشیروان) بە سەرپەرشتیی (قادری حاجی عەلی) لە دوای ڕووداوەکە نایانەوە، تەواوکەری ئامانجی بکوژانی (سەردەشت)ـە. ئەوجا (نەوشیروان) خۆی لە پشت کۆمەڵێ دامودەستگە و بڵاوکراوە حەشار داوە، بەو خەیاڵەی کە گوایە بەو جۆرە ڕووی ناشیرینی خۆی و ڕۆڵی ناجوامێرانەی لەم نێوەندەدا دەشارێتەوە، بەڵام ئێمە پێی دەڵێین دەست و پێوەندەکەت بۆ ئێمە ئاشکرایە و بۆیەیشە ڕووی ئاخاوتنەکانمان لە تۆیە.

باشە ئەو هەموو بەیان و پۆستەرە لە ناکاو چۆن ئامادە بوون و ئەو ئاپۆڕایەی ڕاگەیاندنکارەکانی سەر بە ئێوە کەی و چۆن ئامادە بوون؟ چۆن یەکسەر لە دوای دۆزینەوەی تەرمەکەی کۆمەڵێ وتار کە بە ناوی دیکەوە بڵاو کراونەتەوە، درانە پاڵ جوانەمەرگ؟ خۆ بێجگە لە جنێوپۆستە موختارزادەکەتان کەس نازانێ نووسەری ئەم جنێوانە کێن! یەکسەر گوتتان جوانەمەرگ هەڕەشەی لێ کراوە و پێشتر ڕاگری کۆلێژ و بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی ئاگادار کردووەتەوە، کە بووە جێگەی سەرسووڕمانی ڕاگری کۆلێژ و بەڕێوەبەری پۆلیس، چونکە چیرۆکێکی بێبنەما بوو. دواتر لە بڵاوکراوە ڕووڕەشکراوەکانیشتان کۆمەڵێ زانیاریی چەواشەکارانەتان بە بێ بەڵگە خستە ڕوو، بۆ ئەوەی ئاڕاستەی ڕووداوەکە بەو لایەدا بەرن کە پێشوەختە ئامادەکاریتان بۆ کردبوو. ئێوە کە لافی بەیاساییبوونی دامودەستگەکان لێ دەدەن، هیچ ڕێزتان لە یاسا و ڕەوتی لێکۆڵینەوە نەگرت و پێش ڕووداوەکان کەوتن.

ئامانجتان ئەوە بوو باری هەولێر بشێوێنن، ئامانجتان هێرشکردن بوو بۆ سەر پێگەی جەماوەریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەروەك چۆن پێشتر ئەم ئامانجە لە ناو ماکینەی ڕاگەیاندنتاندا زەق ببووەوە. ئامانجتان لاوازکردنی پێگەی پارتی بوو کە وێڕای پیلانگێڕیی خۆتان و پاڵنەرانتان بەهێزتر لە جاران لە مەیدانی سیاسیی کوردستان و ناوچەکەدا ئامادەیە،

بەڵام ئەم هەوڵەتـــان هەر وەکـــوو جـــاران مـــایەپووچ دەبێت

لـە کەسـە نزیکەکـانی خـۆت تـا هەمـوو خەڵکـی کوردستان دەزانـن کە بەفریشتەبوونی تـۆ، نـوکتەیەکی پێکەنیناویی گەورەیە، چونکە تۆ ئەندازیاری تیرۆر و دروستکردنی شانەی ئیغتیالاتی ناوخۆیی بوویت، تـۆ کولتووری کوشتنی دیلـت هێنـایە نـاو کـوردەوە، تـۆ سـەرچاوەی هەمـوو کێشـە و گرفتەکـانی نـاو یەکێتـی بوویت، تۆ هەردەم تاودەری ئاگری شەڕی ناوخۆ بوویت و خەڵکت بە کوشتن دەدا و خـۆت بەرەو لەنـدەن بـۆی دەردەچوویـت. تـۆ کەسـێك نیـت ببیـتە پێشـڕەوی پێشـکەوتنخوازی، ئەم نـاوە زۆر بە بەژن و بـاڵاتەوە نـامۆیە. تـۆ هەمیشـە پێشـڕەوی تێکـدان و وێرانکـاری بوویت و هەر وایش دەمێنییەوە، چونکە تۆ ناخت پڕە لە کین و ڕەشایەتی و وایش دەخوازی هەموو تاکێکی کـورد وەك خـۆت ڕەش ببیـنن. ئەوەتـا ئەو قسـە پڕ لە کینەی خۆتت وەبیر دەهێنێنەوە کە گوتبووت: "گەر ئەم حکوومەتە هەموو دارستانەکانی وڵات بە چرا و گڵۆپ بڕازێنتەوە، ئێمە بە خەڵك دەڵێین لێی نزیك نەبنەوە تووشی شێرپەنجەتان دەکات." تـۆ ئەمەیت، بڕیارت داوە پێشـوەختە هەمـوو کەس و هەمـوو شـتێك ڕەت بکەیتەوە

بـۆچی سلێمانی ئەو ساڵانەی تـۆ تـاکە موختـاری بوویـت، لە ڕووی ئـاوەدانییەوە پـاش کەوت؟ بـۆچی ئەوسا باسی گەندەڵیت نەدەکرد؟ ئێستایش دەستت

تێکەڵی بۆند و کۆنتراتەکانی نەوتە، بۆچی بۆ خەڵکی کوردستانیان ئاشکرا ناکەی؟ ئەو ساتانەی کە دەستیشیان لە زۆر بەرژەوەندی و دەسەڵات پێهەڵگرتی، هەموو کەست لا بووە گەندەڵ و خۆت بووی بە ئەشرەف و ئەمینی قەوم. پێوەری تۆ هەمیشە دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆت بووە، تۆ حزب و حکوومەتت بە لاوە تەنیا کۆمپانیایەکە لە خزمەت بەرژەوەندییەکانت

تۆ لە دەرەوەی گەڕەکی خۆت کەس بە کورد نازانی. وتەکانت لە بارەی هەولێر و دهۆك و کەرکووکەوە، گوێچکەی هەموومانی ئازار داوە. تۆ هێشتا هەڵگری هزری دابەشکردنی کوردستانیت بۆ ئەمارەتی بابان و سۆران و بادینان، بەڵام ئەم خەونەت هەرگیز نایەتە دی و کوردستان بۆ ئەو سەردەمە ناگەڕێتەوە

تۆ لاوازیی خۆت بەرانبەر بە کەسانی دیکە بە جنێو پڕ دەکەیەوە. جنێوپۆستی موختارزادەکەت، پوختەی هەموو داهێنانی ژیانتە. تۆ فابریکەیەکی دروستکردنی جنێو و قسەی ناشیرینت دروست کردووە بۆ ئاواکردنی کولتوورێك کە هیچ شتێك پیرۆز نەبێت. نە وڵات و نە خوێنی شەهیدان و نە ئەخلاق و نە مرۆڤایەتی و نە ئازادی، لای تۆ پیرۆز نەبوون، بۆیە هەوڵت داوە ئەم چەمکانە لای گشت تاکێکی کوردیش پیرۆز نەبن

تۆ لە بەرانبەر گلەییەکانی پارتی بە زمانە شڕەکەت گوتبووت: "تا من خەڵك ڕابهێنم قسەیەك بە (بارزانی) بڵێن پێویستە فێر ببن سەد قسە بە (مام

جەلال) بڵێن“، ئەمەیان ڕاستە، تۆ کە وەفات بۆ (مام جەلال) نەبوو و نمەکبەحەرامیت لە بەرانبەریدا کرد ئەستەمە پابەندی هیچ بنەمایەکی ڕەوشتی بیتلەمەولا پێتان دەڵێین چیتر بێدەنگ نابین، چونکە هەموو سنووریکتان بەزاند و کار گەییشتە ئەوەی گەنجانێکی وەك (سۆران) و (سەردەشت) بکەن بە قوربانی، ئەوجا فرمێسکی تیمساحانەیان بۆ بڕێژن و بە تۆمەتبارکردنی بێبەڵگە، دەستەڵاتی هەرێمی کوردستانی پێ ناشیرین بکەن. لە کۆتاییشدا بە پێویستی دەزانین پیرۆزباییتان لێ بکەین، بە هاودەنگبوونی (حارس زاری) و هەیئەتەکەی لەگەڵتاندا.

**سێیەم - هەوڵدان بە هەڕەشە و گوڕەشە :-**

سەرانی پاراستن هێندە پەشۆکابوون، لە دوا قۆناغەکانی ململانێ و هاتنە سەر شەقامی خەڵکی پەنایان بردەوە بۆ هەڕەشەو گوڕەشە لە هەرکەسێک و لایەنێک کە ئەم کەیسە دەوروژێنێت. دوای ئەوەی کە لە ڕێگای بەرتیل و تەماعی پارەو دەفتەری دۆلار نەیانتوانی براکانی سەردەشت و باوکی بکڕن ، ئەوجا کەوتنە دووبارەکردنەوەی هەڕەشەو گوڕەشە لە هەموو ئەندامانی خێزانیان. ئەوەی پارتی نیگەران کردبوو لەم حاڵەتەدا ئەوەبوو کە بە سەدان ڕاپۆرتی نێو دەوڵەتی وڕێکخراوەکانی و کەسایەتی دەرەوەی کوردستان لەسەر ئەم کوشتنە هاتنە دەنگ. لە کوردستانیشدا، نوێنەرانی دەیان دەوڵەت و ڕێکخراو

سـەردانی مـالّی بـاوکی سەردەشـتیان دەکـرد. بـاوکی سەردەشت وەک خـۆی وتـویـەتـی (بـەهـۆی ئـەوەی کە لـەژیـانـی دڵنیـانییەداوامکردوە لـەنوێنـەرانی چـەنـد وڵاتێك کە سەردانیان کردوم، بمگوازنـەوەو لـەکوردستان نـەمهێڵن، چونکە لـەژیانم دڵنیا نیم و بومـەتـە پاسەوانـی گـۆڕی سەردەشـت و بـەردەوام هـەڕەشـەم بۆدێت).ئاشکراشی کردووە، کە (بـەشداری کوڕم مامۆستا بوە لـە گوندی قـەتـەوی، چـەندین جار هـەڕەشەی لێکراوە و لـەناو تـەقەی تفـەنگ رزگاری کردەوە، تـەنانـەت چـەند جارێك فیشـەکی چـەکیان لـەسەر ئۆتۆمبێلـەکەی دانـاوە، بۆیـان نوسـیوە وەکـو سەردەشـت دەتکـوژین). جـگـە لـەئـەنـدامانی خێزانـی سەردەشـت دەیـان چـالاکوان و نوسـەرو رۆژنامـەنوسـی دیـکـەی نـاوخۆی کورسـتان هـەڕەشـەی کوشـتنیان بـۆ رەوانـەکـرا، چـونکە ئـەمـانـە بـەردەوام لـەسەر کوشتنی سەردەشت چالاکیان دەنواند. ئـەم هـەڕەشـەو گورەشـانـە یـەک مـەتـر بڕیـان نـەدەکـرد، چـونکە هـەمـووان ئـەوەیـان دەزانـی کە پـارتی ئـیتـر نـاتوانێت چۆلـەیـەک بکوژێت چونکە ئـابڕوی بـە جۆرێک بـراوە، پـێگـەی هێنـدە لـەرزیـوە، ئـەوەنـدە نـاڕەزایی لـە دنیـاوە بـۆ هـاتووە، کە ئیتـر ناتوانێـت ئـەم کـارانـە دووبارە بکاتـەوە بـە ئاسانـی.

**چوارەم – پاككردنەوەی بەڵگەكان و كوشتنی بەختیار حەسەن نەجەفی و هەردوو هاوكارەكەی:-**

هاتنە سەرخەتی ئەو هەموو ڕێكخراوە بێگانەو دەوڵەت و كونسوڵ و نوێنەرەكانی مافی مرۆڤ لەم كردەوە نامرۆڤانەیە، پارتی و پاراستنی زۆر ترساند، بەجۆرێك پارتی لەوە دەترسا كە هاوتای كەیسی كوشتنەكەی رەفیق حەریری لە لوبنان، ناچار بەوە بكرێت كە قایل بێت لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە لە دەرەوەی وڵات سەربەخۆ لێكۆڵینەوە لەو كارە بكات. هەروەها ترسێكی دیكەی پارتی ئەوە بوو كە هەندێك كەسانی دەرەوەی بنەماڵەی بارزانی كە ئەو كارەیان ئەنجامداوە لە لایەن یەكێتی و بزوتنەوەی گۆڕان یاخود لە لایەن دەولەتێكی دراوسێوە، بكردرێن یان برفێنرێن و تەواوی چیرۆكەكەیان پێئاشكرا بكەن و وەك كارتی فشار بەرامبەر بە پارتی بەكاری بێنن. لەبەر ئەم هۆكارانە مەسرور بارزانی فەرمانی پاكردنەوەی چواردەوری خۆی و كەیسەكەی دەركرد...

ساسان عەونی لەلایەن مەسروری كوڕی مەسعودەوە تەخویل كرا بۆ دەستنیشانكردنی ئەو كەسانەی كە دەبێت ئەم پاكتاوكردنە بیانگریتەوە. هەر كەسێك دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر بنەماڵەی بارزانی و پاراستن لەم كەیسەدا دەبێت تەسفیە بكرێن... كە ئەمانەی خوارەوە بوون:-

یەکەم-لیوا بەختیار حەسەن نەجەفی.
دووەم- قادر عەبدولڵا خدر
سێیەم- نازم رەمەزان
چوارەم- ئەحمەد کۆیی

لە رۆژی ١٠-٤-٢٠١١ ساسان عەونی لەگەڵ تیمێکی تایبەتی راهێنراو لە پاراستن، رۆشتن بۆ موسل و لە دوو کاتی جیاواز و دوو شوێنی جیاواز لەهەمان رۆژدا کارەکەی خۆیان ئەنجامدا. سەرەتا قادر عەبدولڵا و نازم عومەریان دەستگیرکرد. ئەم دوو دەستگیرکراوە رەوانەی ماڵێک کران لەناو شاری موسل لەبەشی رۆژهەلاتی شارەکە و چەند رۆژێک دوای گلدانەوەیان دەکوژرێن و لاشەکانیان لە دەرەوەی شاری موسل دۆزرانەوەو تەسلیم بە کەسوکاریان کران. بنەماڵەی بارزانی لە کن کەسوکاری ئەم دوو کوژراوە، تەنها ئەوەندەیان درکاند کە ئەمانە بە دەستی تیرۆرستان شەهیدکراون و لەناو خەڵکدا زۆر باسی مەکەن بۆ ئەوەی کاریگەری نەکاتە سەر پارتی و بنەماڵە. لەگەڵ سەرەخۆشی و چاوسورکردنەوەو هەرەشەکردنی زمنی هەندێک پارەیان بۆ ماڵ و منداڵی ئەم دوو کەسە بەجێهێشت.

هەمان ئەو رۆژە و لە کردەوەیەکی جیاوازدا لیوا بەختیار حەسەن نەجەفی دەستگیر دەکرێت. لیوا بەختیار بێ سەروشوێن مایەوە هەتا رۆژی ١٨-١٠-٢٠١١ پاشان لەو رۆژەدا لاشەکەی بە سەربڕاوی لە

ناوشاری موسڵ دۆزرایەوە... چیرۆکی لەناو بردنی بەختیار و هێشتنەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ بە دەستبەسەری زۆر دیارو ئاشکرا نیە، هێندە نەبێت کە رەنگە سەرەتا پاراستن و بنەماڵەی بارزانی بە نیازی ئەوە نەبووبێتن کە چڵکاوخورو پیاوکوژێکی وەک بەختیار لەناو بەرن بەڵکو رەنگە بەشوێن چارەسەرێکی گونجاوتردا گەڕابێتن بەڵام دیسان لەترسی ئاشکرا بوونی تاوانەکە و دەنگدانەوەی بەشداریکردنی لیوا بەختیار لە کوشتنی سەردەشت عوسمان هۆکاری ئەوە بووبێت کە بنەماڵەی بارزانی تەنانەت وەفایان بۆ سوکترین و چروکترین بەکرێگیراوی خۆیان نەبێت و لە هەر ئان و ساتێکدا بیکەن بە قوربانی یەک فیشەک...

مەسعود بەرزانی بۆ داپۆشینی کوشتنەکەی بەختیار بە دوو شێواز کاری کرد، یەکەم شێواز ئەوەبوو کە نێردراوێکی پاراستن کە زۆر هاوڕێ و دۆستی لیوا بەختیار بوو، رەوانە دەکەن بۆلای ژن و منداڵەکەی و بە شێوەی سەرەخۆشی و هەڕەشەی ژێربەژێر و دڵنەوایی کردن و پێدانی پارە، پەیامی ئەوەی پێبگەیەنن کە دەبێت ئیتر بێدەنگ بن و قڕوقەپی لێبکەن و لەهیچ شوێنێک باسی نەکەن. شێوازی دووەم ئەوە بوو کە مەسعود بارزانی رزگاری برای بەختیارو کەسوکارەکەی بە تایبەت بانگهێشتکرد بۆ سەری رەش و وێرای ئەوەی هەموویانی لەپای جوامێری و ئازایەتی بەختیار خەڵاتکرد، وێنەی تایبەتی لەگەڵ هەموویاندا

گرت و هەندێک لە وێنەکانیشیان بە ئانقەست لەملاوئەولا بڵاوکردەوە. لەهەمان کاتی پرسەکەدا مەسعود بارزانی هەر لە سەری رەش پرسەیەکی زۆر گرنگی بۆ داناو زۆرێک لە ئەندامانی پاراستن و پارتی بەشداری ئەو پرسەیە بوون، کە ئەمەش وەکو گێڕانەوەی  ئیعتیبار بوو بۆکوشتنی بەختیار... رزگاری برای بەختیار لە شاری لەندەن بە تایبەت بانگ کرایەوە بۆ سەری رەش، دوای ئەوەی بە شێوەیکەی زمنی لەوە تێگەشتووە کە براکەی خودی پاراستن کوشتوویەتی، ئیتر ناوێرێت سەردانی کوردستانیش بکاتەوە...

